# شیعریەت لە دەرەوەی شیعر



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# شیعریەت لە دەرەوەی شیعر

زاهیر ڕۆژبەیانی



پێشکەشە بە:

* مەهاباد قەرەداغی * مەریەمی قازی

ناوی کتێب: شیعریەت لە دەرەوەی شیعر
نووسینی: زاهیر ڕۆژبەیانی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٧٥٠
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد + شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٥٠٢ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

## پێشەکی

شیعر زمانی خۆشەویستییە، پەیامی دووربوردی ئەڤینە، پەنای مرۆڤی بێ پەنا و، ئەوانەیە کە لە – جێکاتی – خۆیاندا کەس گوێیان لێ ناگرێ.

نازانم خەڵکانی دیکە ئەم زمانە سرک و ڕووحیەیان چۆن ئاوا دەستەمۆ کردووە و، ئەم هەموو ئەرک و پەیامە کۆمەڵایەتی و، سیاسی و، پەروەردەیی و، زانیاری و، ئاینی و، فەلسەفییەی لێ بار دەکەن؟!.



## ڕۆمانی شیعریی

## (ئەڤین ئاوی ژیانە)ی مەهاباد قەرەداغی

(ئەڤین ئاوی ژیانە)، ڕۆمانی شیعریی (مەهاباد قەرەداغی)یە، لە چاپەکەی بەردەستی مندا نەنووسراوە کەی و لە کوێ و چ دەزگایەک چاپی کردووە و بڵاوی کردۆتەوە، ئەم ڕۆمانە لە ماوەی (٢٠/٤/٢٠٠٤ تا ٣٠/٤/٢٠٠٤) لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد نووسراوە. دیارە نووسینەوەی ڕۆمانێکی شیعریی ئاواش لە ماوەی تەنها ١٠ ڕۆژدا خۆی لە خۆیدا جێی سەرسوڕمان و پرسیارێکی گەورەیە، بەڵام مەهاباد لە بارەی میکانیزمی نووسینی خۆی بەگشتی و ئەم ڕۆمانی (ئەڤین ئاوی ژیانە)شەوە بەتایبەتی، لە لاپەڕە (١٦)ی بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانی خۆیدا کە بەناوی (ساڵێک لە دۆزەخ)ـەوە بڵاوی کردۆتەوە گوتوویەتی.

(ساڵانێک بوو ڕووداوەکانی لە ناو مێشکمدا دەسووڕانەوە و کە دەهاتم بیاننووسمەوە و چەند دێرێک یان لاپەڕەیەم دەنووسی و ئیدی بەجێم دەهێشت (...) بەڵام کە کاتی هات ئیدی (...) دانیشتم و یەک هەناسە نووسیمەوە، نووسینەوەی ئەم ڕۆمانە، یان ڕاستتر بڵێم ژانی لەدایکبوونی ئەو بەرهەمە دە ڕۆژی خایاند). بەمەش دەردەکەوێت کە داڕشتنی (ئەڤین ئاوی ژیانە) لە (زەینی) مەهاباددا ساڵانێکی خایاندووە، بەڵام نووسینەوەی لەسەر (کاغەز) تەنها ١٠ ڕۆژی بردووە، لێرەوە سەرسوڕمانەکەشمان دەڕەوێتەوە و، وەڵامی پرسیارە گەورەکەشمان چنگ دەکەوێت.

بڕوای تەواویشم بەوە قایمە کە دەزگاکەی چاپی کردووە لە بیری نەچووە ناوی خۆی بخاتە سەر کتێبەکە، بەڵام نەیویستووە خۆی بخاتە بەر

کاردانەوەی ئەو بوێرییەی کە مەهاباد لە بواری باسکردنی ئاین و ئەڤیندا لە ڕۆمانەکەدا نواندوویەتی.

ڕۆمانەکە ١٢٤ لاپەڕەی قەوارە ناوەندییە و بریتییە لە پێشەکییەکی پەخشان کە بەنامەی هەزار و یەک ناوزەد کراوە، هەروەها سێ وێستگەش، کە وێستگەی یەکەمی لە ژێر ناونیشانی (ژووانێک لە دۆزەخ)دایە و، وێستگەی دووەمیشی ناونیشانی (کەناری دۆزەخ)ـە و، دوا وێستگەش بەناوی (دوورکەوتنەوە لە هەسارەی دۆزەخ)ـەوەیە.

لە بەرایی و لە سەرەتای وێستگەکان و لە لاپەڕەکانی کۆتاییشدا هەندێ وتەی هەڵبژاردە لە وتەکانی چەند شاعیر و فەیلەسووف و ڕۆشنبیرێکی کورد و بیانی تۆمار کراون، کە دیارە ڕووناکییەکی بەرچاو دەخەنە سەر نێوەڕۆکی ڕۆمانەکە، لەو نووسەرانەش: فلۆرەنس ئەلسبۆرن، ڕینهۆڵد نایبوور، مەستوورە کوردستانی، نالی و نیتچە، لە دوای تەواوبوونی دەقەکەش، واتا لە دەرەوەی دەقەکەشدا وتەکانی ستانسلاڤ جێرسی لێک، گ. وێنەر، ئێکەلوێف، هێنری تۆرۆ، ئێریک نیوومان، نالی، پاوڵ مۆکسنێکس، مەسیح، بودا، ئاراگۆن و قسەیەکی خودی پاڵەوانێکی ڕۆمانەکە (سێوە)ش تۆمار کراوە لە ژێر ناونیشانی (سێوە.. پێغەمبەری هەسارەی ڤینۆس) کە لە دەقی ڕۆمانەکەدا نییە و، دەڵێ: (مرۆڤ پێویستی بەئاوە، ئەڤین ئاوی ژیانە.) کەچی دیارە بووەتە ناونیشانی ڕۆمانەکە، ڕۆمانەکەش پێشکەش بە(عاشقانی ئەنفالکراو) کراوە، لێرەشەوە خوێنەر دەتوانێ تێمەی سەرەکی ڕۆمانەکە لە زەینی خۆیدا بەرجەستە بکات و، سەرتاسەری مەبەست و ئامانج و نێوەڕۆکی ڕۆمانەکەش بهێنێتە بەرچاو.

(ئەڤین ئاوی ژیانە) لەسەر بەرگەکەی نووسراوە (ڕۆمانی شیعر)، بەڵام لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین لە ڕووی هونەرییەوە تێکەڵەیەکە، یا پێکهاتەیەکی هونەری موعەقەدی هەرسێ ژانرە سەرەکییەکەی ئەدەبەکە (شیعر و، دراما و، ڕۆمان)ن.





بەزاندنی سنووری ئەم ژانرانە و تێکەڵکردنەوەیان بەڕای من گەڕانەوە، یا گێڕانەوەی ئەدەبەبۆ ڕۆژانی سەرەتای پەیدابوونی ئەم داهێنانە مەزنەی مرۆڤ و، ڕای منیش لە بارەی تێکەڵکردنەوەی ژانرە ئەدەبییەکانی لەو بابەتەدا بەڕوونی باس کراوە، کە هەر لەم کتێبەدا بەناوی (شێرکۆ بێکەس و ونبوون لە نێوان داستان و درامای شیعریدا) بڵاو کراوەتەوە، بۆیە بەپێویستی نازانم لێرەشدا بەدوورودرێژی دووبارەی بکەمەوە، ئەوەندە نەبێ کە کارێکی ناپەسەندە، چونکە هەر ژانرێکی ئەدەبی بۆ خۆی ناسنامە و کەرەسەتە و تەکنیک و تەنانەت ئامانجی جیاوازیشیان هەیە کە نابێ و ناکرێ لە یەک بەرهەمی ئەدەبیدا هەموو بسڕدرێنەوە.

لە ڕووی زمانەوە ڕاستە (ئەڤین ئاوی ژیانە) شیعرە چونکە بەزمانێکی ناسک و پاراوی شیعرییەوە نووسراوە کە لە پێشەکییەکەدا (پەخشانە شیعر)ـە و، لە سێ بەشەکەی دیکەدا هەموو بنەماکانی شیعریی تێدا ڕەچاو کراون، هەندێ جار بەکێش و سەروایشەوە، هەروەها لە زۆربەی کاتیش زاتییەتی شیعری تێدا پارێزراوە، ئەگەرچی ئەو ڕاستییەش هەیە کە دەڵێ چامەی درێژ هەمووی شیعر نییە، ئەمە ئەگەر بشێ وەکو شیعرێکیش تەماشای دەقەکە بکەین و، بەرای و پۆپەی شیعری و ، کۆتای و، ئەو جمگە زمانەوانییانە لە یەک هەڵاوێردین کە بۆ بەواقیعییەتکردنی ڕووداوەکە و، لەبەر پێویستی زمانەوانی لە دەقەکەدا ئاوێتەی یەکتری کراون.

بەڵام وێڕای ڕاستی ئەم زاتییەت و زمانە شیعرییە بەرزەش، بەڕاشکاوی دەتوانین بڵێین (ئەڤین ئاوی ژیانە) ڕۆمانە، چونکە بەسەرهاتە، بەڵکو بەسەرهاتی هەزارەها کەپڵی ئاشق و ماشوقی قوربانییەکانی پرۆسەی ئەنفالی قەڵاچۆکردنی توخمی کوردن، کە بەبێ ئەوەی تەرەف بن لە هیچ ململانێیەکی توندوتیژیدا ڕاپێچی توونی مەرگی بەکۆمەڵ کران و، لە هاوکێشەیەکی لاسەنگدا گیانیان لە دەست دا بەبێ ئەوەی هیچ کەرەستەیەکی، یا هیچ مافێکی بەرگری لەخۆکردنیان هەبێ.

وەکو ژمارە و، وەکو ئینتیمای ئەو هەزاران مرۆڤە و، وەکو ڕووبەری شوێن و، قەوارەی کارەسات و بابەت و کەرەستەی تاوانەکەش بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین (ئەڤین ئاوی ژیانە) ڕۆمانە، بەڵام ڕۆمانێکی نوێی هاوچەرخ کە لە دەرەوەی لۆجیکی ئاساییدا ڕوو دەدات و بەزمانی شیعر و پەخشانە شیعر نەبێ تەعبیری لێ ناکرێت.

وێڕای ئەم شیعرییەت و، ئەم ڕۆمانییەتەش کە باسمان کرد، دەشێ وەکو بەرهەمێکی درامیش تەماشای (ئەڤین ئاوی ژیانە) بکرێت، کە ئەمەش هەر لە دێرەکانی سەرەتای پێشەکییەکەیەوە بەدەردەکەوێ کاتێک (کات) و (شوێن)ی ڕووداوەکە، لە شێوەیەکی شانۆگەریی ئاوادا تۆمار کراوە:

"شوێن: ئۆرانۆس.

کات: کە بیر لە تۆ دەکەمەوە، هەموو کاتێک".

لەبەر ڕۆشنایی ئەمەشدا ئەوجا دەتوانین پێشەکییەکە و، هەرسێ بەشەکەی دیکە وەکو چوار (دیالۆگ)ی درامی درێژ مامەڵە بکەین، کە پێشەکییەکە و بەشی یەکەمی و سێیەمی حیواری (خەزاڵ)ن و، بەشی دووەمیش حیواری (لاس)ـە.

هەرچەندە ڕۆماننووس لە سەرەتا و لە کۆتایی دەقەکەشدا وای دەربڕیوە کە هەر چوار بەشەکە پێکەوە نامەی (هەزار و یەک)ـەمی خەزاڵ پێک دێنن و بەتایبەتیش لە کۆتاییدا کە دەنووسێ: "گرنگە کە فریاکەوتم نامەی هەزار و یەکەمینیشم تەواو بکەم". ئەوە بوو لە سەرەتاشدا لە پێناسەی دەقەکەدا نووسیویەتی: "نامەی ژمارە: هەزار و یەک." دەڵێم وێڕای ئەو دوو تەئکیدکردنەوەیەش، لەوەی کە دەقەکە نامەی هەزار و یەکی خەزاڵە، بەڵام زۆر بەڕوونی دیارە کە بەشی دووەم، یا وەک ڕۆماننووس خۆی پێی دەڵێ: "وێستگەی دووەم" سەرلەبەر حیوارێکی ناڕاستەوخۆی (لاس)ـە، لە شێوەی نامەیەکدا کە ئاوا دەست پێ دەکات:





"خەزاڵەکەم،
هەر لە یەکەم دڵۆپی ئەو بارانەوە
هۆشم گەیشتە دۆزەخ و،
هەستم لای دەنگت مایەوە.."

لە دێرەکانی دواتریشدا هەر ئاوا (لاس) بەناو گازی (خەزاڵ) دەکاتەوە و بەڕاناوی کەسی دووەمی تاک قسەی بۆ دەکات، بەشێوەیەک گومان لەوەدا نامێنێ کە دەقەکە دیالۆگی نێوان دوو کەسە، نەک مەنەلۆگی تەنها کەسێک.

با ئەوەش لە بیر نەکەم کە شانۆی شیعریی و ڕۆمانی شیعریش پێش (ئەڤین ئاوی ژیانە) لە ئەدەبی جیهانی و لە کەلتوور و تەنانەت لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیشدا هەبوون و هەن و لەم دوو بوارەشدا بۆ نموونە دەشێ ئاماژە بەهەردوو شانۆی شیعریی (کاوەی ئاسنگەر) و (ئاسک)ی (شێرکۆ بێکەس) و، ڕۆمانی شیعریی (ژوانگەی هەژان و ژان)ی جەمال شارباژێڕی بدەین. دیارە لە لاوک و حەیران و بەیت و بەندی کوردیشدا بناغەیەکی بەرچاوی ئەم شیعرییەت و حیوارییەت و ئەم جۆرە گێڕانەوانە لە یەک دەقدا پێکەوە هەن.

بۆ بەکارهێنانی تەکنیکی (نامە)ش ئەوە دەتوانین ئاماژە بەکۆنترین ڕۆمانی ئینگلیزی (بامیلا - یا پاداشتی چاکە)ی ڕیچاردسۆن بکەین کە لە ساڵی ١٧٤٠ لە لەندەن چاپ و بڵاو کرایەوە و، وەک ئاگرێک لە پووش بەربێت ئاوا هەموو بەریتانیای گرتەوە و، هەر زووش پەڕییەوە ئەمبەری ئەوروپا و وەرگێڕدرایەوە سەر زۆربەی زمانە زیندووەکان، بەڵام دیارە نامەکانی بامیلا، کە لە ماڵێکدا کارەکەری دەکرد، بۆ کەسانێکی دیاریکراو (دایک و باوک)ی پاڵەوانەکە بوون و بابەتەکەشی ئەو بارودۆخە بوو کە لە ماڵی خانەخوێیەکەیدا دووچاری دەهات و، باسی لە حاڵی حازر و داهاتوو

دەکرد، واتا نامەگەلێک بوون نێرەر و، بۆ نێردراو، یانی نووسەر و خوێنەریان هەبوو، بەڵام نامەکانی خەزاڵەکەی (ئەڤین ئاوی ژیانە)کەی مەهاباد، نێرەریان هەیە، کەچی مەرج نییە خوێنەریان هەبێ و، زۆرتر لەو نامە هاوچەرخانە دەچن کە ئێستا هەندێ دەزگای ئاسمانی سەر زەوی بۆ گیانلەبەرە موفتەرەزەکانی هەسارەکانی دیکەی دەرەوەی زەوییان دەنێرن، کە مەرج نییە بگەنە جێ و وەڵامیان بدرێتەوە ئەگەرچی نامەکە لای مەهاباد لە هەسارەی ئۆرانۆسەوە بۆ زەوی دەنێردرێ، خەزاڵ لە پێشەکی نامەکەیدا بۆ لاس دەنووسێ:

"نازانم دەتوانم ئەم نامەیە تەواو بکەم یان نا، تەمەن مەودا دەدا یان نا، نازانم دەتوانم بۆتی بنێرم یان نا، ئەگەر بینێرم دەگاتە دەست یان نا، ئەگەر بگاتە دەستت کاتت هەیە بۆ خوێندنەوەی یان نا، ئەگەر خوێندتەوە کاتت هەیە بۆ وەڵامدانەوەی یان نا، ئەگەر وەڵامت دایەوە دەگاتە دەستم یان نا، نازانم بەڵام من دەینووسم".

بەڕاستی لە لایەکەوە بێ هیواییەکی ترسناک و، لە لایەکی دیکەشەوە سووربوونێکی بوێرانەیە بەم خواستەوە بتەوێت نامە و پەیام ڕەوانە بکەی کە بەدەیان (ئەگەر) و (نازانم) دەوری تەنراوە، ئەمەش ڕەنگە جیاوازی کات و بارودۆخی نووسینەوەی (بامیلا) و (ئەڤین ئاوی ژیانە) هێنابێتە کایەوە و، دەرهاویشتەی هەرە دیاریشی ئەوەیە کە مرۆڤ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەست بەتەنهایی و بێ هاودەنگی و نەبوونی گوێگر دەکات لە دەوروبەری خۆی. لە سەرێکی دیکەشەوە پاڵەوانی بامیلا لە نامەکانیدا باسی بارودۆخی ئەو شوێنە دەکات، بەڵام بەپێچەوانەوە خەزاڵ زۆر کەم باسی ئەو شوێنە دەکات کە نامەکەی لێوە دەنووسێت، ئەویش هەر لە پێشەکییەکەیدا، کەچی زۆرتر باسی ئەو بارودۆخ و ڕووداو و یادگارە تاڵ و شیرینانە دەکا کە لەگەڵ لاسدا پێکەوە لەسەر زەوی و پێشتر دیویانن، دیارە ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر ڕیتمی ڕووداوەکانی (ئەڤین ئاوی ژیانە) خاو دەکاتەوە، کە ئەویش





بەدەوری خۆی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕادەی تەشەوقی خوێنەر، ئەمەش دیارە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هونەریی بە(زەمەن)ی ڕووداو و گێڕانەوەکەیەوە هەیە، کە لە ڕاستیدا لە زەمەنی فیزیکی ڕووداوەکەدا، کە خەڵکە ئەنفالکراوەکە دەدرێنە بەر ڕێژنەی گوللە لە چەند ساتێک تێناپەڕێت و، بەخێرایی دەرچوونی ئەو گوللانەیە کە لە لوولەی تفەنگەکانەوە دەردەپەڕن هەتا دەگەنە جەستەی قوربانییەکان، بەو خێراییە هەموو شتێک لە ڕووداو و لە گێڕانەوەکەشی کۆتایی دێت، دیارە ئەم خێراییەش کە لە خێرایی دەنگ پترە بەشی ئەو گێڕانەوە ئاساییە ناکات کە لە ڕۆمانی کلاسیکیدا باوە، بۆیە گێڕانەوەی (سلۆمویشن) لێرەدا وەکو پێویستییەکی هونەریی خۆی دەسەپێنێ، ئەویش بەگۆڕینی خێرا خێرای بابەتەکان و، بەبەکاربردنی وشەی ئاوسی پڕ دەلالەت و ڕستەی کورت و، بەدوایەکدا هێنانی دیمەنەکانی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو کە ئەگەر بەو موغامەرە شیعرییە نەبێ ئەنجام نادرێ، کە ڕۆماننووس لە بەرهەمهێنانی دەقەکەدا بەکاری هێناوە.

دوای هەموو ئەم تاوتوێیانە ئێستا بەدڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم، بەهەموو پێوەرە باوەکان، ڕۆمانە شیعری (ئەڤین ئاوی ژیانە) بەڕۆمانێکی ئاسایی دانانرێ، چونکە هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕووداوێکی واقیعی بەڵام ناماقووڵدا دەکات و، لەبەرئەوەی پاڵەوانەکانی کەسی کارا نین لە ململانێکەدا، بەڵکو قوربانین، بۆیە نابەجێ دەبوو ئەگەر بەکەرەستەی ماقووڵ و ئاسایی و تەکنیکە باوەکانی ڕۆمانی کلاسیکی بنووسرایەتەوە، یا وەکی دیکە دەشێ بڵێین ڕۆماننووس بەدەستی ئەنقەست نییە ئەو تەکنیک و پێکهاتەیەی لە نووسینەوەی ڕۆمانەکەدا بەکار بردووە، بەڵکو خودی بابەت و تێمەی ڕووداوەکەیە، ئەو شێوە و شێوازە تێکەڵەی بۆ خۆی دۆزیوەتەوە و سەپاندوویەتی.

(ئەڤین ئاوی ژیانە) فەنتازیای کەسێک، خێزانێک، یا تەنانەت

میللەتێکیشە کە لە مەرگەساتێکی بەکۆمەڵدا چاوی بڕیبێتە لوولەی تفەنگێکی مەرگپڕژێن، کە لە چاوتروکانێکدا دەتوانێ کۆتایی بەژیانی سەدان هەزار و هیوای هەزاران کوڕ و کچ و خێزانی ئاسوودە بێنێ و خەون و خەیاڵیان زیندەبەگۆڕ بکات.

لە هەمان ساتیشدا بەرەنگاربوونەوە و، فەنتازیای تەحەددای مەرگێکی سووری موحەقەقە کە خێراتر لە خێرایی دەنگ لە لوولەی تفەنگێکەوە ڕوو لە قوربانی دەکا و هەر بەهەمان ئەو خێرایی لە دەنگ تیژترە هەموو شتێک دەبڕێتەوە، بۆیە دەبێ جیاوازییەک لە نێوان کاتی فیزیکی ڕووداوەکە و، کاتی هونەریی گێڕانەوە هونەرییەکەیدا هەبێ. (ئەڤین ئاوی ژیانە) کارەسات و فەنتازیای ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤە لەگەڵ مردنێکی ناسروشتی، خەونی کەسێکە بەژیانی هەمیشەییەوە، با لە دونیایەکی دیکە و تەنانەت ئەگەر لە ئەستێرە و لە هەسارەیەکی فیزیکی دیکەی ڕاستەقینە و، یا میتافیزیکی ناڕاستەقینەش بێت.

(ئەڤین ئاوی ژیانە) ڕاکردنی مرۆڤی زوڵم لێکراوە لە دۆزەخی زەوی و دونیای فانییەوە بەرەو دونیای هەمیشەیی و ئازادی و ڕووناکی، دونیایەک کە ئیتر مرۆڤ تیایدا هەست بەسەربەستی بکات، چەوساندنەوەی تێدا نەبینێ، خەون و خەیاڵەکانی بێنێتە دی، بەهەشتێک بێت پڕ بەپێستی وشە.

با وەبیریشی بێنینەوە کە دونیای جاویدانی پاش مردن و پرەنسیپەکانی سزا و پاداشت و، بەهەشتی کامەرانی و یەکسانی لە داهێنانی مەهاباد قەرەداغی نین، بەڵکو پێش ئەو، هەموو ئاینەکان، زۆربەی ئەفسانەکانی گەلانی میزۆپۆتامیا و، میسر و هیند و گریک و ئەوانی دیکەش بۆ کەمکردنەوەی ئاسەواری مردن بەڵێنی ژیانی دووەم و، بەهەشتیان بەمرۆڤ داوە، دوای ئەوانیش داستان و دەقی داهێنراوی زۆر بەم ئاراستەیەدا بەرهەم هێنراون لەوانە: باس و خواسی فیردەوس لە کن زەردەشتییەکان و،





پایە و پێتەختی ئاورمازدا لە مەملەکەتی ڕووناکی لە ئاسمان، کە لەوانەیە ئەم (مەملەکەتی ڕووناکییە) ئەوە بێت کە خەزاڵ لە ئۆرانووس تیایدا دەژی، هەروەها سەفەرەکەی (ئەرداویراف) کە بەنیازی خاوێنکردنەوەی ئاینی زەردەشتی بەنوێنەرایەتی گەورە موغان دەچێتە مەلەکوتی ئاسمان و لە سەفەرێکی ڕووحی حەوت ڕۆژەدا کە بەجەستە بەخەوتوویی لە جێی خۆی لەسەر زەوی دەمێنێتەوە، بەڵام بەڕۆحیانەت دەچێتە دیوانی ئاهورامەزدا و بیر و ڕاسپاردەی ڕاست و ڕەوانی ئاینی زەردەشتی دەهێنێتەوە.

لە ئاینە هیندییەکانیشدا (ئەرجنا)ی قارەمان دەچێتە دیوانی خودا لە ئاسمان و، (یودیهشتریا)ش دادەبەزێتە قووڵایی دۆزەخ.

هۆمیرۆس لە (ئیلیادە) باس لە دەروازەکانی ئاسمان و بەهەشت و دۆزەخ دەکات، لە (ئۆدیسە)یشدا بەهەمان شێوە باس لەوەی دەکا کە چۆن (ئەولەسیس) سەردانی دونیای ژێرەوەی کردووە و مەرگەساتەکانی دۆزەخی دیوە، لە ئینجیل و تەورات و قورئانیشدا زۆرتر و بەوردتر باس لەو دونیا و سزاکانی دۆزەخ و پاداشتەکانی بەهەشت کراوە و، هەڵکێشانەوەی حەزرەتی عیسا بۆ ئاسمان و ڕووداوی ئیسرا و میعراجی پێغەمبەری ئیسلامیش بەوردی باس لەو دونیا و بەهەشت و دۆزەخ دەکا و لەم بوارەشدا دەتوانین دەقی ئەو مەولودنامەیە کوردییەش وەبیر بهێنینەوە کە تێکەڵەیەکی سەیرە لە زۆربەی ئەفسانەکانی ڕۆژهەڵات.

لە ئەفسانەی (ئینانا) و (دموزی) سۆمەریشدا باس لەوە دەکرێ کە چۆن ئینانای خواوەندی ئاسمان دێتە خوارەوە بۆ جیهانی ژێرەوە کە (ئیرشیخیکال)ی خوشکی حوکمی دەکا.

دوای بڵاوبوونەوەی ئاینیی مەسیحیش لە بارەی ئەو دونیا و بەهەشت و دۆزەخەوە بەرهەمی زۆری ئەدەبی بڵاو بوونەوە لەوانە: نووسینەکانی قەشە براندانی ئێرلەندی و، قەشە ئەلبیرگۆ دی مۆنتی کاسینۆ کە باسی پردی

میعراج دەکا بۆ ئاسمان، هەروەها بونڤیزین داریڤا و، لە ئیتاڵیاش نووسینەکانی ماتیلدا دی ماگدبۆرگ و ماتیلدا دی هاکنبۆرن و جرتورد دی ئیسلیبین و زۆری دیکەش کە لە ژمارە نایەن.

بەڵام لە هەموو ئەمانە نزیکتر بۆ (ئەڤین ئاوی ژیانە) و سەفەرکردنی (خەزاڵ) بۆ هەسارەی (ئۆرانووس) و (سێوە)ی کچی بۆ هەسارەی (ڤینۆس)، ئەو شاکارەی (دانتی)یە کە بە(کۆمیدیای ئیلاهی) ناسراوە. دانتی ئەو شاعیرە مەزنەیە کە بەهەشت و دۆزەخی لە جیهانی غەیب و میتافیزیکییەوە هێنایە سەر هەسارەکانی دەورەی خۆر، کە بریتین لە: عەتارد – میرکوری، زوهرە – ڤینۆس، زەوی، مەریخ – مارس، موشتەری – جوبیتەر ، زوحەل – ساتۆرن، ئۆرانوس، نیبتۆن و پلۆتۆ، ئەوە بوو لە بەهاری ٢٠٠٥دا هەسارەی دەیەمینیش دۆزرایەوە کە تا نووسینی ئەم بابەتەش هێشتا هیچ ناوێکی لێ نەنراوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دانتی هەر بەسەلیقەی هونەری خۆی هەستی کردبوو کە هەسارەی ئاسمان (دە) دانەن کە ئەو دەیەمیانی بە(ئەمپریۆم) ناوزەد کردووە و بە(ئاسمانی ئاسمانەکان)ی دەزانی و، پێی وابوو کە لە دەرەوەی (کات) و (شوێن)دایە و جێی خوا و گەورە پەیامبەر و نزیکەکانی خودایە و، لە شێوەی گوڵێکی مەزن، لە نوور پێکهاتووە. بەڵام دیارە دانتیش لەسەر بۆچوونەکەی بەتلیمۆس پێی وابووە کە (زەوی) مەرکەزی ئاسمانە و ئەو هەسارەکانی دیکە بەپێی دوورییان لە زەوییەوە هەریەکەیان بەخێرایی تایبەتی خۆی بەدەوری زەویدا دەخولێتەوە.

بەڵام لە کن مەهاباد زەوی خۆی لە خۆیدا دۆزەخە و لە ناونیشانی سێ لە بەشەکانی (ئەڤین ئاوی ژیانە)دا وشەی (دۆزەخ) بەم شێوازە دووپات بووەتەوە.

(ژووانێک لە دۆزەخ، کەناری دۆزەخ، دوورکەوتنەوە لە هەسارەی دۆزەخ)





لە هەرسێ شوێنەکە و، لە چەندان شوێنی دیکەشدا کە وشەی (دۆزەخ) دێتە بەکارهێنان ڕێک و ڕەوان لە جێگەی وشەی (زەوی)، یان وەک موورادیفی ئەو بەکار براوە، یا تەنانەت بەخراپتریش لە دۆزەخ تەماشای زەوی کراوە، وەک ئەوەی لە پێشەکییەکەدا خەزاڵ بەلاس دەڵێ: (تێگەیشتنم هەیە بۆ ئەو دۆخە دۆزەخییەی کە تۆی تێدای، ئاخر تۆ لەسەر زەویت و زەویش جەنجاڵترە لە دۆزەخ).

لە ڕاستیدا ئەم تێزە بۆچوونەی مەهاباد لە بارەی بەدۆزەخ دیتنی زەوییەوە بێ بناغە و هەروا لەخۆڕا دروست نەبووە، بەڵکو دەرەنجامی خودی ئەو دۆخە ناهەموارەیە کە خودی ڕۆماننووس و پاڵەوانەکانیشی تێدا لەدایکبوون و ژیاون.

مەهاباد قەرەداغی ساڵی ١٩٦٦ لە گەرمەی شەڕی شوومی قەلاچۆکردنی گەلی کوردستان و شۆڕشی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد و، لە سەرەتاکانی شەڕی براکوژی کورد لە دایک بووە، لە پیلانەکەی جەزائیری ١٩٧٥ و سەرەتای بەعەرەبکردنی گەرمیان و کەرکووکدا هەرزەکار بووە و، لە ١٩٨٠دا ساڵێکی ڕەبەق زیندانی کراوە و، لە هەموو جۆرە ئازار و ئەشکەنجە دەروونی و ڕۆحی و جەستەییەکانی چەشتووە کە ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام لە چوار ئیقلیمی دونیاوە بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان دەیهاوردن.

مەهاباد لە کارەساتەکانی شەڕی عێراق – کوێت، عێراق – ئەمەریکا و هاوپەیمانەکان ژیاوە، کیمیابارانی هەڵەبجەی دیتوە، لەگەڵ مەرگەساتەکانی ئەنفالدا سووتاوە و برژاوە، کە زۆربەی خەڵکی گەرمیان و کفری گرتەوە، کە زێد و ژینگەی مەهابادە، بۆیە بەدۆزەخ دیتنی زەوی لە لای ئەو و، لە لای قارەمانەکانی ئەو و، لە بەرهەمەکانی ئەویشدا سەیر نییە، هەرچەندە ئەو لە (هۆشداریی)ەوە هەوڵی ئەوە دەدا خۆی لەو بارە ناهەموارە دەروونییە

ڕزگار بکات. چەند مانگێک پێش بڵاوکردنەوەی (ئەڤین ئاوی ژیانە)، مەهاباد لە سەرەتای مانگی ئەیلوولی ٢٠٠٥دا بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانیشی هەر بەناونیشانی (ساڵێک لە دۆزەخ) بڵاو کردەوە و لەوێشدا وەک شارەزایەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی زۆر بەوردی بۆ ئەم مەبەستە چووە کە دەنووسێ: (لەم ڕۆژانەدا ژانێکی سەخت و خەستی وا بوون بەسۆنگەی لەدایکبوونی ڕۆمانێک "ئەڤین ئاوی ژیانە" ڕۆمانێکی شیعری کە ئەویش سەرچاوەکەی دۆزەخە و، ڕووداوەکانی لە کارەساتەوە هەڵدەقووڵێن). (ل ١٦ – ساڵێک لە دۆزەخ).

لێرەشەوە خوێنەر ئیتر دەزانێ بۆ مەهاباد هێندە لە پەسنی (دۆزەخ)دا کارامە و وردەکارە و ئەوەندەش هونەکاریی دەنوێنێ، بەڵام کە دێتە سەر وەسفکردنی بەهەشتەکەی سەر ئۆرانووس و ڤینۆس ئەو بڕشتەی نامێنێ و، وشە و ڕستەکانی لە کورتی دەدەن و، لە کورتی دەبڕدرێنەوە! چونکە ئەو لەسەر زەوی بەکردەوە دۆزەخی بەچاو دیوە، بەڵام بەهەشت نا..!

هۆی ئەم دیاردە دۆزەخییەی زەویش بەلای دانیشتوانی هەسارەی ڤینۆس و(سێوە)وە کە پەنای بۆ ئەوێ بردووە پاساوێکی سەیری هەیە کە لە (جوانی باییز – حوسنی تەعلیل) و چارەسەری ئەدەبی دەچێ تا چارەسەری لۆجیکی. خەزاڵ لەم بارەیەوە لە پێشەکییەکەدا بۆ لاسی نووسیوە و دەڵێت:

"سێوە ئێستا لە گەورەترین زانکۆی هەسارەی ڤینۆس بەشی ئەندازەسازیی گەردوون خوێندکارە، ئەوان پێیان وایە فۆرمی تۆپ ئاسای زەوی خەوشێکی گەورەیە و زەمینە بۆ خلیسکان خۆش دەکات. ئەوان بەبەرئەنجامێکی گرنگ گەیشتوون و پێیان وایە ئەگەر زەوی تۆپ ئاسا خڕ نەبووایە ئەو هەموو فتبۆڵێن و بالەیەی پێ نەدەکرا. ئەوان لە ئەزموونکارییەکی بەردەوامدان و هەموو جۆرێکی فۆرمە ئەندازەییەکانیان تاقی کردۆتەوە بۆ گۆڕینی نەخشەکە، چوارگۆشە، لاکێشە، قۆقز، لوولەیی،







لەولەبی، بەڵام لەسەر هیچ کام لەمانە کۆک نین و، ئێستا لەسەر پێشنیاری سێوە و بەیارمەتی بیرۆکەکانی ئەو، خەریکن بیر لە سێگۆشە دەکەنەوە، وێنای بکە زەوی سێگۆشە بێت؟".

ئەم دەقە وەرگیراوە پێویست دەکا زۆری لەسەر بووەستین و، جارێ بەر لە هەموو شتێک ئەو پەیامە دەردەخا کە خەزاڵ و سێوە بۆ زەوی و خەڵکی زەوی پێیانە، ئەمان هەردووک وەک ئەوانەی پێشتر بۆ ئاسمان هەڵکشاون، بۆ پاداشتکردن، یا بۆ سزادانیان بانگهێشتی بەهەشت یان دۆزەخ نەکراون، بەڵکو خەزاڵ لەسەر دەستی (ئیڤا و ئادەم) لەسەر هەسارەی ئۆرانووس و لە قوتابخانەی (هەتاو) کە کینایەیە لە (ڕاستی) فێری (زمانی ڕووناکی) و (ئاینی ئەڤین) دەبن و وانەی (لۆژیک و ڕەوانبێژی عەشق) دەخوێنن.

گەڕانەوە بۆ (ئادەم و حەوا – ئیڤا) کە ڕۆماننووس بەمەبەستەوە پاش و پێشی زنجیرە باوەکەی ناوەکانیانی کردووە و کردوویەتی بە(ئیڤا – حەوا – ئادەم) واتە حەوایەکەی پێش ئادەم خستووە، گەڕانەوەیە بۆ سەرەتاکان و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو شتانەیە کە زەوییان کرد بەدۆزەخ و خۆئامادەکردنەوەیە بۆ دەستپێکردنەوەیەکی نوێ کە لەسەر بناغەی لۆژیک و ئەڤین و خۆشەویستی بنیات بنرێت.

کە دێینە سەر (سێوە)ی کچیشیان دەبینین ئەویش لەگەڵ هاوڕێ نوێیەکانی ئەوێیدا لە هەسارەی (ڤینۆس) سەرقاڵی گۆڕینی نەخشەی زەوی و دووبارە بنیاتنانەوەیەتی، لێرەشەوە مرۆ دەتوانێ بڵێ خەزاڵ و سێوە بۆ ئەوە زەوییان بەجێ نەهێشتووە بچن لە بەهەشتدا پاداشت بکرێن، یا لە دۆزەخدا سزا بدرێن وەکو هەموو ئەوانی دیکەی کە لە کارە ئەدەبی و ئاینییەکانی پێشتردا باس کراون، بەڵکو ئەمان بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤی سەر زەوی و دابینکردنی پاشەڕۆژێکی باشتر بۆ زەوی کار دەکەن.

نەخشە و بەجێ گەیاندنی پلانی گۆڕینی زەوی لە لایەن (سێوە) و هاوەڵەکانی دیارە لەسەر هەسارەکەی (ڤینۆس)ـەوە دەکرێ، بەڵام بۆ (ڤینۆس) و هەسارەکانی دیکە نا.. بۆ لە (ئۆرانووس)ەوە ناکرێ کە (خەزاڵ)ی پاڵەوانی سەرەکی خۆی لەوێ پەناهەندەیە..!؟

ڤینۆس، هەسارەی دووەمی دەوری خۆرە و، پتر لە شەش هەزار ساڵە لە لایەن مرۆڤەوە وەکو هێمای خواوەندی مێینە و، ڕەمزی (خۆشەویستی) و (ئەڤینی گیانی بەگیانی) نێر و مێ تەماشا کراوە و، جارێک وەکو خواوەندی خۆشەویستی پەرستراوە و، جارێک وەکو پێتەختی خواوەندی ئەڤین بەپیرۆزی ڕێزی گیراوە، لە هەمان کاتیشدا چوار هەزار ساڵ پتر پێش زاین، ئادەمیزاد زانیویانە گشت چوار ساڵ جارێک (ڤینۆس) لە شێوەی ئەستێرەیەکی (پێنج) گۆشەدا خۆی نیشانی دانیشتوانی سەر زەوی دەدا، هەر لەبەرئەوەش گریکی کۆن چوار ساڵ جارێک یارییەکانی ئۆلۆمپیادیان ئەنجام دەدا و، ئێستاشی لەگەڵدا بێت مرۆڤ لەسەر ئەم پێڕەوە دەڕۆن و، بەمەش (ڤینۆس) جگە لە ڕەمزی ئەڤین، واتا و هێمایەکی دیکە لە خۆی دەگرێ، کە ڕۆحییەتی وەرزشییە، ئەم ڕۆحییەتەی کە دەبێتە مایەی دۆستایەتی و خۆشەویستی و دڵگەورەیی و لەخۆبووردەیی و، لە یەکتر بووردنی مرۆڤ، پێکەوە ژیان و یەکتر قبووڵکردن و، لە هەمان کاتیشدا مەزنبوونی گیانی مونافەسەی شەڕەفمەندانە و، پەسەندکردنی سەرکەوتن و پێشڤەچوونی ئادەمیزاد هەریەکە و بەگوێرەی توانای مادی و مەعنەوی و خودییە تاکەکەسییەکانیان.

ماوە ئەوەش بڵێم کە ڕەمزی ڤینۆس (ئەستێرەی پێنج گۆشە)یە کە لە چاخی نوێدا بووەتە ڕەمزی شۆڕش و شۆڕشگێڕیی و ڕادیکاڵییەتی و چەپڕەویی. داڕشتنەوەی نەخشەی هەسارەی زەوی لەسەر (ڤینۆس)ـەوە کە ئەم هەمو واتا و هێما پەسەندانەی خۆشەویستی و ئەڤینی گیانی بەگیانی و، بەم هەمـوو ڕۆحە ڕیازییەوە دیارە ڕەمزییەتێکی قووڵ بەچوونی (سێوە)





بۆ (ڤینۆس) دەبەخشێ، (سێو)ـەیەک کە خۆی بۆ خۆی هێمای نەوەکانی بێ گرێ و گۆڵی داهاتووی مرۆڤە.

بەڵام ئەوان بۆ ئەم پاشەڕۆژە پرشنگدارەی زەوی لە شێوەی سێگۆشەدا دەبینن و، بۆ سۆنگەی مەرگەساتەکان دەخەنە ئەستۆی شێوە ئەندازەییەکەی ئێستای زەوی کە (گۆ)یە، یا وەک خەزاڵ دەڵێ (تۆپ ئاسایە)؟! ئایا ئەمە هەر لەبەرئەوەیە کە تۆپ (گۆ)یە و هەلپەرستە و بەهەموو لایەکدا دەسووڕێ، یا وەک کورد دەڵێن تۆپ ڕوو و، بەر و پشتی بۆ نییە و ، کە ڕووی نەبوو دیارە ڕووگەشی نییە.

باوەڕ ناکەم بۆ بەرهەمێکی جیدی و مەرگەساتی وەک (ئەڤین ئاوی ژیانە) نوکتەیەکی کاڵوکرچی ئاوا خۆی لە خۆیدا مەبەست بێت.

ئەڵتەرناتیڤەکەشی کە سێگۆشەیە، باوەڕ ناکەم وەک شێوەیەکی ئەندازەیی کلیلی ئەفسووناوی چارەسەری ئەو هەموو مەرگەساتە بێت کە خەزاڵ و سێوە و لاس و خەڵکانی دەوروبەریان لەسەر دۆزەخی زەوییان بەجێ هێشتووە. بۆ دەرچوونیش لەم توێژە واتا ڕووکەشە کۆمیدییە نەویستراوە ماتماتیک و ئەندازەسازییەش، پێویستە زیاتر ڕۆ بچین و لە هێما ئەدەبی و هونەری و شێوەکاری و ئاینییەکاندا بۆ بەها ڕاستەقینەکانی سێگۆشە و تۆپ / گۆ بگەڕێین.

بەپێی ئەنداسازی شیکاری پلیکانەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەزنجیرە ڕوو دەدەن بۆ ئەوەی (خاڵ) ببێتە (گۆ) دەشێین بڵێین غایەتی هەموو (خاڵ)ێک ئەوەیە کە ببێتە (راستەهێڵ). هەموو ڕاستەهێڵێکیش غایەتی ئەوەیە ببێتە (گۆشەدار) کە یەکەم پلەی بە(سێگۆشە) دەست پێ دەکات و دوای ئەویش ئیتر (چوارگۆشە) و (پێنج گۆشە) و گۆشەدارەکانی دیکەش لە دوای یەکتر دێن و لە (مالانیهایە – ئینفینیتی)دا دەبێتە (بازنە) واتا غایەتی هەموو گۆشەدارێک ئەوەیە کە لە مالانیهایەتدا ببێتە بازنە و، غایەتی هەموو بازنەیەکیش ئەوەیە کە لە مالانیهایەتدا ببێتە (گۆ – تۆپ)،

کە لە دونیای شێوەکاری و ئەدەب و ئایندا بەپۆپەی گۆڕانکاری و کامڵبوون تەماشا دەکرێ، واتا گۆ کۆتایی کەماڵی موتڵەقە و لەوێدا هەموو شتێک، مادی و مەعنەوی دەگاتە ڕادەی پیرۆزیی و قودسییەتێک کە ئیتر گۆڕانکاری قبووڵ نەکا و، ڕێگەی ڕای جیاواز و، دژ و، تەنانەت ناکۆکی و گومان و، خەتوورەیەکیش بەوەی بەرامبەری ڕەوا نەبینرێ.

من پێم وایە مەهاباد بەدۆزەخبوونی زەوی دەخاتە سەر ئەو بنیاد و ئەو بەها تۆپ ئاسایانەی کە حوکمی ژیانی سەر زەوی دەکەن و، ئەوەندە موتڵەقن کە ڕێگەی گۆڕین و پێشکەوتن لە مرۆڤ دەگرن و، ئەقڵە داهێنەرەکان پەک دەخەن و، تەنها تێکدانی ئەم تۆپە موتڵەقە و لەبەریەک ترازاندنی بنیاتە تۆپ ئاساکانە کە ڕێگەی گۆڕانکاری لە ڕێی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا دەکاتەوە و، زەوی دەکا بەشوێنێک کە کەماڵی موتڵەقی تێدا نەمێنێ و، هەموو بەهاکان وەک یەک جێی گومان و هەڵسەنگاندنەوە و ڕاستکردنەوەی بەردەوام بن و، لێرەشدا سەدایەکی کۆجیتۆ بەنێوبانگەکەی (دیکارت) دێتە گوێ کە دەڵێ: من گومان دەکەم کەواتە من هەم. لەم بانگەشەیەشدا هیچ (کەماڵ) و هیچ (موتڵەق)ێکی نەبواردووە.

بەڵام بۆ مەهاباد لە جێی (گۆ) شێوەی (سێگۆشە)ی بۆ زەوی پێ باشترە لە گۆشەکانی دیکە؟!

بەر لەوەی لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا هیچ بڵێم ئەم چەند دێرە لە کۆتاییی ڕۆمانەکە هەڵدەبژێرم کە ڕووناکی زۆر دەخەنە سەر بۆچوونەکانی دواترم، خەزاڵ لە دوا دێرەکاندا بۆ لاس دەنووسێ: "گرنگە کە ئیدی ژینگەی ئێمە خڕ نییە وەکو تۆپ، فتبۆڵێنی پێ ناکرێ."

ژینگەی ئێمە ژوانگەیە،
ژوانگەیەکی سێگۆشە لە ئۆرانووس، یان لە ڤینۆس.
گرنگە لە شوێنێکی ئەم گەردوونەدا سێوێ هەیە و،





هێدی هێدی پێ دەگات و، گەورە دەبێ.
دەبێتە پێغەمبەرێک و،
فریای ئاوەزمان دەکەوێ، بیرێکی نوێ، پەیامی نوێ."

دەستەواژەی (سێوێ هەیە و هێدی هێدی پێ دەگات) دەستەواژەیەکی (تەورییە) و دوو دیوە، هەم ئاماژەیە بۆ (سێوە)ی کچی (خەزاڵ و لاس) کە وردە وردە (گەورە دەبێت و دەبێتە پێغەمبەرێک) و بە (بیرێکی نوێ) و بە(پەیامی نوێ) دەبێتە (فریاد)ڕەس، هەم لە هەمان کاتدا ئاماژەیەکە بۆ ئەو (سێوە)ی کە حەوا و ئادەمی لەسەر خۆشەویستی و سێکس و زگ و زا و پێکەوەنانی خێزان پێک هێنا و، بووە هۆی لە بەهەشت دەرکردنی خۆیان و نەوەکانیان، کە لە سەرەتای ڕۆمانەکەشدا دیارە ئاماژەیان بۆ کراوە کە لە سەر ئۆرانووس وانەی ئەڤین بەخەزاڵ دەڵێنەوە.

ئەم تەورییە جوانە و ئەم هەموو واتایەش لە گەمەیەکی زمانەوانی ورددا هاتووەتە بەرهەم کە لەگەڵ وشەی (سێو)دا کراوە. چونکە ئەگەر پاشگری (ەیەک)ی لەگەڵ بایە بەتەنها مەبەستی ناوی کچەکە (سێوە)ی لە خۆ دەگرت، ئەگەر پاشگری (ێک)یشی بخرایەتە سەر ئەوسا هەر واتای (سێو)ی دەبەخشی وەکو ناوی میوە ناسراوەکە، بەڵام مەهاباد هیچ کام لەم پاشگرانەی نەخستۆتە سەر، بەڵکو پاشگری نادیاری (ێ)یەکی قەڵەوی بۆ کردۆتە پاشگر کە هەردوو واتاکە پێکەوە دەبەخشێ.

دووبارە دەگەڕێمەوە سەر کۆپلەکە و سەرنج بۆ ئەم وشە و دەستەواژانە ڕادەکێشمەوە:

(ژوانگەیەکی سێگۆشە)، (سێوێ دەبێتە پێغەمبەری بیری نوێ و پەیامی نوێ)، سێوێ (فریا)مان دەکەوێ..!

لێرەشەوە بەڕاشکاوی دەشێم بڵێم (سێگۆشە) لەم دەقەدا هەر بەتەنها هێمای بەشێک نییە لە کۆئەندامی زاوزێی نێر و مێ، ئەگەرچی تا

ڕادەیەکیش مەبەست بێت، یا لە مەوروسی ڕۆشنبیریی میللیماندا ئەو ئاماژەیە ببەخشێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم (سێگۆشە) کە لە هەر کوێی دەقی (ئەڤین ئاوی ژیانە)دا هاتبێت، وەک ئاماژەیەکی بەهێز بۆ (سالووسی موقەدەس)ی مەسیحی هاتووە، بەڵام (سیانە یان سێگۆشە)یەکی پیرۆزی نوێ، کە ئەمجارەیان (ژن) دوو لەسەر سێی سێینەکە دەگرن.

لە سالووسی مەسیحیدا پلە و پایەی مەریەم سڕدراوەتەوە و باوکسالاری زۆر بەڕوونی پێوە دیارە (باوک – کوڕ – ڕوح ئەلقودس)، بەڵام لەم سالووسە نوێیەدا، لەم سێینە ئەڵتەرناتیڤەی (ئەڤین ئاوی ژیان)دا کە مەهاباد پێشنیاری دەکا سالووسەکە دەبێتە: (دایک – کچ – باوک) واتە دایک جێی باوک و، کچ جێی کوڕی تێدا دەگرنەوە و لەجیاتی ئەوەی (کوڕ) ڕۆڵی فریادڕەسی تێدا ببینێت، (کچ) ئەو ڕۆڵە دەگێڕێ و، ڕۆڵی (ڕوح ئەلقودس)ە میتافیزیکییە میسالییەتەکەش بەتەواوەتی دوور دەخرێتەوە و دەدرێتە (باوک)ێک، کە لە هاوکێشە و سێینە نوێیە پێشنیارکراوەکەدا، بەپلەی سێیەم دێت و، پاشکۆیەتییەک بەسەر (پیاو)دا دەبڕێت، کە ئیتر باوکسالاری پێ نەکرێ. ئەمەش دیارە پەیامی کۆمەڵایەتی و سیاسی مەهاباد قەرەداغییە، ئەگەر وەک چالاکێکی بواری مافی ئافرەت تەماشای بەرهەم و نووسینە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی بکەین. ئەوەشی ئەم بۆچوونەمان لە لا دەچەسپێنێ، ئەم پەرەگرافەیە کە لە سەرەتای پێشەکییەکەی ڕۆمانەکەدا هاتووە و خەزاڵ بەزمانی (سێوە)وە بۆ (لاس) دەنووسێ و دەڵێ:

(سوپاس بۆ نیگا نیانەکانی لاس، کە ئەوەندە بەسەلیقە و سۆزەوە ڕژاوەتە ناو نیگا نەرم و گەرمەکانی تۆوە و من دروست بووم).








لێرەشەوە ئیتر هێمای نێر (٨) و هێمای مێ (٧) هەردووک ڕاست دەبنەوە و هێمای سەرمەدیی و لەمێژینەی پێش سەردەمی باوکسالاری خۆیان بەدەست دەهێننەوە، دیارە ئەم ئاماژەیەش چەند لە ڕووداوی سکپڕبوونی مەریەمی پاکیزە و، لە دایکبوونی حەزرەتی مەسیحەوە نزیکە، کە لە ڕێی ئەندامەکانی زاوزێی ئاسایی مرۆڤەوە نەبووە، لەگەڵ جیاوازیی ئەوەشدا کە مەریەم کوڕی هێناوە، بەڵام خەزاڵ کچی بووە و، کە مەسیح لە ڕێی نەفخی ڕوحەوە کەوتۆتە سکی مەریەمەوە، بەڵام خەزاڵ لە ڕێی (نیگا)ـەوە سکی لە (لاس) پڕ بووە و، (سێوە)ی کەوتۆتە سک، واتا ئەمیش بەشێوەیەکی نائاسایی و بەپەرجوو هاتووەتە دونیاوە بۆیە لە دەقەکەشدا بەناوی (لاس)ـەوە باس لە باوکی دەکا و وشەی (باوک)ی بۆ بەکار نابا.

بۆ ئەفراندنی ئەفسانەی تایبەتمەندی خۆی، مەهاباد خان دەیتوانی لە جێی بەکاربردنی ناوی (خەزاڵ) و (لاس) و (سێوە) کە پاڵەوانی سێینەی ڕۆمانە شیعرییەکەین، دەڵێم لە جێی بەکاربردنی ئەو ناوە کەلەپوورییانە مەهاباد دەیتوانی ناوی هاوچەرخی کوردی بەکار ببردایە و ئەو مۆرکە فۆلکلۆرییەی لە دەقەکە دوور بخستایەتەوە، بەڵام پێم وایە مەهاباد بەهەڵبژاردنی ناوی (لاس و خەزاڵ) لە بەیتی بەناوبانگی (لاس و خەزاڵ) و، ناوی (سێوە)ش لە بەسەرهاتی (کوێخا سێوە)وە، کە مامۆستا عەزیزی مەلاڕەش وەکو ڕۆمان دای ڕشتۆتەوە، دوورییەکی دیکەی بەدەقەکە بەخشیوە، چونکە (خەزاڵ) ژنە قارەمانێکی سەردەمی دایکسالاری نێو

کۆمەڵگای کوردەواری بووە و، ئەوەندەش دەسڕۆ و، دەسەڵاتدار و سەربەست بووە کە بتوانێ (مێرد) بۆ خۆی هەڵبژێرێ و لەجیاتی ئەوەی پیاو داوای بکات ئەو بۆ خۆی داخوازی (پیاو) بکات و، داوای خۆشەویستی لێ بکات. ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر خزمەت بەدەقی ڕۆمانەکە و، بیر و بۆچوون و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی خودی مەهابادیش دەکا لە بواری خەبات بۆ سەربەستی و وەدەستهێنانەوەی مافی ئافرەتدا.

جگە لە ناوی قارەمانەکان، ڕۆماننووس لە زۆر جێگەی دیکەدا سوودی لە کەلەپوور و، فۆلکلۆر دیوە کە ناکرێ تاک تاک لێرەدا هەموویان بژمێرین و بیانگەیەنینە سەرچاوەکانی خۆیان، کە دیارترینیشیان خودی ناوی ڕۆمانەکە و دەستەواژەی (ئاوی ژیان)ـەیە، کە دەستەواژە و چەمکێکی زۆر زۆر کۆنی سۆمەرییە و لە ژینگەی پڕ لە ئاو و زۆنگاوی خۆیانەوە وەریان گرتووە و گەیشتوونەتە بڕوایەک کە (هەموو شتێک لە ئاوەوە پەیدا بووە و پەیدا دەبێت). ئەو بیرۆکەیەی کە ئێستاش تایفەی سائیبەی مەندائی بڕوای پتەویان پێی هەیە و، خواش لە قورئانی پیرۆز تەئکیدی لێ دەکاتەوە کە دەفەرمووێ (وجعلنا من الماء كل شي حي).

پرسیارێکی دیکەش هەیە کە بەزۆر خۆی لە زەینی خوێنەری ڕۆمانی (ئەڤین ئاوی ژیانە) دەکوتێ، ئەویش ئەوەیە بۆ (خەزاڵ) و (سێوە) خۆیان بۆ ئاسمانی پڕ ڕووناکی و ئازادی و داهێنان و ئەڤین و خۆشەویستی هەڵدەکێشن. بەڵام (لاس)ی پیاو و مێرد و باوک لە (دۆزەخی زەوی) بۆ چارەنووسێکی نادیار بەجێ دەهێڵن؟! بەبۆچوونی من ئەم پرسیارە سەرسوڕهێنەرە وەڵامی نییە ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ ئەفسانەی سۆمەری (ئینانا) خوای ئاسمان، کە بۆ سەردان و دەستبەسەراگرتنی (ئەو دونیا) دێتە دونیای ژێرەوە، بەڵام لەوێ دەسبەسەر دەکرێ و، دواتر بەپێی یاسای دونیای ژێرەوە – دۆزەخ – بەمەرجێک ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ ئاسمان پێ دەدرێ کە بەکەفالەتی شەخسیی یەکێک لە (وێنەی – شەبیهی) خۆی لە





دۆزەخ بەجێ بهێڵێ و، لەگەڵ چەند جنۆکەیەکدا بۆ ئەو مەبەستە دەینێرنەوە سەر زەوی بۆ ئەوەی شەبیهەکەی خۆیانی بەدەستەوە بدات و خۆی ئازاد بکەن، ئەویش پێشنیاری خودی جنۆکەکان بۆ دەستگیرکردنی سێ کەسی دیکە ڕەت دەکاتەوە، چونکە زۆر بەڕێزەوە پێشوازی لێ دەکەن، بەڵام کە دەگەنە (دموزی) مێردی و، دەبینێ بەخەمساردی و بێ حورمەتییەوە پێشوازی لێ دەکا، وەکو بەدیلی خۆی تەسلیم بەخێوەکانی دەکا و، ئەو بۆ دۆزەخ دەبرێ و (ئینانا)ش دەگەڕێتەوە تاج و تەختی خۆی لە ئاسمان.

پێم وایە لەبەرئەوەی (لاس)یش وەکو پیاو و، بەگوێرەی پێویست لە دژی ئەنفال بەرگری لە خەزاڵ خانی (ژن) نەکرد، بۆیە ئەویش لە (دۆزەخی زەوی) بەجێی هێشتووە، ئەگەرچی هێشتا دڵسۆزی بۆی ماوە و لەگەڵ (سێوە)دا بۆ گۆڕینی ئەو دۆزەخە کار دەکەن. ئەمەش لە دەقی ڕۆمانەکەدا پەیمان و پەیامە ئەگەرچی هێشتا (لاس) لە دۆزەخەکەدایە و، زەویش لە دۆزەخییەتی خۆی بەردەوامە.

٢٠٠٥/٩/١٥

لە ٢٠٠٥/١٢/١٠ لە یادی ٢٠٠ ساڵەی لەدایکبوونی مەستوورەی ئەردەڵان خوێندراوەتەوە.

## شێركۆ بێكەس و
## ونبوون لە نێوان داستان و درامای شیعریدا

شێرکۆ بێکەس تا ئێستا دوو درامای شیعریی بڵاو کردووەتەوە، یەکێکیان (کاوەی ئاسنگەر)، کە لە ساڵی ١٩٧١ بڵاو کرایەوە، ئەوی دیکەشیان (ئاسک)ـە کە لە ساڵی (١٩٧٨)دا بڵاوی کردەوە، مەبەستیشمان لێرەدا بەراوردکردنە لە نێوان شێوازەکانی (گێڕانەوەی) داستان و، (پیشاندانەوە)ی شانۆدا، کە شێرکۆ بەتێکەڵکردنیان ڕێزی چەشنە ئەدەبییەکانی شکاندووە، بەر لەوەشی شان بدەینە بەر لێکۆڵینەوەی هەردوو بەرهەمەکە، وا چاکترە پێشتر هەندێک سەرنجی تایبەتی (کاوەی ئاسنگەر) بەتەنها بدەین و، هەندێکیش لەو پێشەکی و لێکۆڵینەوەیە ورد بینەوە کە دکتۆر ئیحسان فوئاد بۆ بەرهەمەکەی نووسیوە.

لە بارەی بابەتی دراماکەوە شێرکۆ خۆی دەڵێ:

(چۆنیەتی پەیوەندی بەسەرهاتەکانی ناو ئەم داستانە لە ڕووی مێژووییەوە، تەنها پەیوەندی خۆبەستنەوەیە بەئەفسانەکەیەوە بەو شێوەیەی لە ناو کوردەواریدا بڵاوە، ئەگینا وەکی تر هەمووی لە زادەی بیری هونەر خۆیەتی و جۆری لێکدانەوە و زمانی قسەکردن تێکڕا لە سەرەتاوە تا کۆتایی دەتوانین بڵێین – لێکدانەوەی زمانی– ئەم سەدەیەن) (کاوەی ئاسنگەر لە ل٥٠).

دکتۆر ئیحسانیش کە پێشەکییەک و لێکۆڵینەوەیەکی بۆ بەرهەمەکە نووسیوە، ئەو قسەیەی درامانووس دەسەلمێنێ و ئەویش دەڵێ:

(... ئەگەرچی لە ڕوخساردا کاوەکەی دوێنێیە، لەم لادانەی





شێرکۆدا لە سەرچاوەکانی داستانی کاوە بەتایبەتی لە شانامەی فیردەوسی، لایەنی داهێنەرانەی توانایمان بۆ دەرئەکەوێت، ئەمەش هۆیەکە بۆ سەرکەوتنی لەم بەرهەمەدا...) (کاوە... ل ٤٢)

جگە لەمەش شێرکۆ لە ژێر ناونیشانە سەرەکییەکەدا بەرهەمەکەی ئاوا پێناسە کردووە:

(داستانێکی هۆنراوەیی سەر شانۆیە لە نۆ تابلۆدا)

پێشەکینووس شوێن قسەکەی دەکەوێت و، ئەویش لە دوای دەمێوە دەڵێ:

(لە لایەکی کەش، ئەم بەرهەمە بەتەنها چیرۆکێکی شانۆیی نییە، بەڵکو داستانێکی مێژووییە..) (کاوە... ل٦).

ئینجا لەسەر لێکۆڵینەوەکەی دەڕوا و، جارێک وەک داستان و، جارێک وەک دراما، مامەڵە لە تەک بەرهەمەکەدا دەکات تا دەگاتە ئەوەی کە دەڵێ:

(ئەمە خۆی یەکێکە لە لایەنە داهێنەرەکانی ئەم بەرهەمەی شێرکۆ، داستان + دراما). (کاوە .... ل٢٣)

ئینجا ئەگەر قسەکانی شێرکۆیە و، ئەگەر قسەکانی دکتۆر ئیحسانیشە، ئەوا هەموو پێویستییان بەتاوتوێکردن و، شەن و کەوێکی زۆر چاک هەیە بەر لەوەی بتوانین قسە لە دروستی و نادروستییان بکەین.

بۆ ئەم مەبەستە وا پەسەندترە کە لە پێشا سووکە باسێکی تیۆری چەشنە ئەدەبییەکان و، ڕادەی پەیوەندی و، بواری کەڵک وەرگرتنی هەر چەشنەی لە چەشنەکانی تر بکەین، دواییش بچینەوە سەر ئەو هەوڵانەی کە لە مێژووی ئەدەبدا لە بواری تێکەڵکردنەوەی چەشنە ئەدەبییەکاندا دراون. وەک زانراوە ئەدەب لە سەردەمی گریکەکانەوە و، بەدڵنیایی لە سەردەمی ئەفلاتوون و، ئەرستۆوە وەکو سێ چەشنی سەربەخۆ و جیا جیا بەش بەش کراوە کە (داستان و دراما و شیعر)ـە بەپێی زاراوە ئەدەبییەکانی ئێستای ئەدەب.

ئەرستۆ لە کتێبەکەیدا (هونەری شیعر) زۆر بەوردی و، وشیارییەوە سروشت و تایبەتمەندی هەریەک لەو چەشنانە دەستنیشان دەکا. دوای ئەوەش مەگەر ناو بەناو ڕێبازێک یا قوتابخانەیەکی ئەدەبی یا کەڵەنووسەرێک بەخۆیانا دیبێتیان و دەستیان بۆ ئەم مەسەلەیە بردبێ، ئەگینا ئیتر بەدرێژاییی مێژووی ئەدەب، شارەزایانی تیۆری ئەدەب و پەرەسەندنی چەشنەکانی، دەسکاری ئەم دابەشکردنەیان نەکردووە، مەگەر بۆ ڕاستکردنەوەی هەندێ وشە و زاراوە و، گونجاندنی لەگەڵ کولتوور و شارستانیەتی چاخە جۆربەجۆرەکاندا، بەڵام ڕیزی ناوەڕۆکی تیۆرەکە گیراوە.

ئەرستۆ هونەر بەلاساییکردنەوە دەزانێ. هونەرەکانیش بەپێی جیاوازی: کەرەسەی لاساییکردنەوە و، بابەتی لاساییکردنەوەو، چۆنیەتی لاساییکردنەوەکە، لەیەک جیا دەکاتەوە. گشت جۆرێکی هونەریش – کە ئەدەب یەکێکیانە – لە ناو خۆیدا بەپێی جیاوازی: بابەتی لاساییکردنەوەو، چۆنیەتی لاساییکردنەوەکە دەکات بەچەند چەشنێکەوە.

هەموو چەشنە ئەدەبییەکان کەرەسەی لاساییکردنەوە لەیەک سەرچاوەوە هەڵدەگۆزن کە (زمانە). بەڵام یا لە بابەتی لاساییکردنەوەدا، یا لە چۆنیەتی لاساییکردنەوەکەدا، یا لە هەردووکیاندا پێکەوە، لەیەک جیاوازن. بابەتی شیعر لە لاساییکردنەوەدا جیهانی (خۆییتی)ی شاعیرە، لە چۆنیەتی لاساییکردنەوەشدا (وەسف)کردنە، بەمجۆرە لە دوو لاوە لە هەردوو چەشنەکەی دیکەی ئەدەب کە (داستان و دراما)ن جیا دەبێتەوە، بۆیە ئێستاش و ئەو کاتەشی کە دراما و داستان و بگرە مێژوو و زانستیشی پێ دەنووسرایەوە مەترسی سڕینەوە و، هەڵگرتنی شیعر لە ڕیزی چەشنە ئەدەبییەکانی دیکەدا، نەدەهاتە پێشەوە، چونکە ئەگەر لەبەر هەردوو هۆی جیاوازییەکەش نەبێ ئەوا هەر هیچ نەبێ لەبەر تەنها یەکێکیان تایبەتێتیی خۆی دەپارێزێ، بۆ نموونە ئەگەر لە بابەتی لاساییکردنەوەدا تایبەتێتی





خۆی لە دەس بدات، ئەوا بەچۆنیەتی لاساییکردنەوەدا جیا دەکرێتەوە هەرچەندە دەبێتە (هۆنراوە کە دەکاتە – نظم – ی عەرەبی) بەپێچەوانەشەوە ئەگەر چۆنێتی لاساییکردنەوەکەشی شێوا ئەوا لە بابەتی لاساییکردنەوەدا کە جیهانی (خۆییتی) شاعیرە تایبەتێتی خۆی دەپارێزێ، ئەگەر بووبێتە پەخشانە شیعریش، بەڵام ئەم مەسەلەیە بۆ نێوان (داستان) و (دراما) دەست نادات، چونکە وەک لە کەرەسەی لاساییکردنەوەدا هاوبەشن، لە بابەتی لاساییکردنەوەشدا کە جیهانی (مەوزووعییە) هەر هاوبەشن، ئەمەش جیاوازی نێوانیان زۆر کەمتر دەکاتەوە لە چاو ئەو جیاوازییەی کە هەردووکیان پێکەوە لەگەڵ شیعردا هەیانە.

کەواتە لە هەردوو هۆی لەیەک جیاکردنەوەی چەشنە ئەدەبییەکان بەتەنها یەکێکیان بەدەستەوە دەمێنێ بۆ لەیەک جیاکردنەوەی (داستان) و (دراما) ئەویش چۆنیەتی لاساییکردنەوەکەیە کە لە داستاندا (گێڕانەوە)یە و لە دراماشدا (کردار)ـە، یا دەتوانین بڵێین (پیشاندانەوە)ی بەسەرهاتەکەیە بەکردەوە لە درامادا، بەڵام لە داستاندا (گێڕانەوە)یەتی.

گومانی تێدا نییە کە ئەم جیاوازی چۆنێتی لاساییکردنەوەیە لە کاتی جێبەجێکردنیشدا هەریەکەیان کۆمەڵێک جیاوازی دیکەش پێویست دەکەن وەک ئەوەی کە:

یەکەم: گێڕانەوە درێژی کات و بێ سنووری شوێن لە داستاندا ئاسایی دەکا و، جگە لەوەش بواری باسکردنی کاری ناماقووڵ و نەکردەنی و لە ڕادەبەدەر خۆش دەکا. هەروەها ڕێگەی تێکەڵکردنی چەند بەسەرهاتێکیش لە داستانێکدا ئاسان دەکات. وەک ئەوەی کە بەسەرهاتی کاوە تەنها بەشێکە لە داستانی شانامەی فیردەوسیدا.

دووەم: پیشاندانەوە، یا – کردار – کردەوە و کورتی کات و، بەرتەسکی شوێن (شانۆ) و ئەکتەر و دەرهێنەر و دیمەن و مۆسیقا و ماکیاج و ڕووناکی و بینەر و گەلێ شتی دیکەش بەگوێرەی چەشنی درامی و

دەرهێنان و دەرهێنەر پێویست دەکا.

وەک دەبینین مەسەلەی گێڕانەوە و، پیشاندانەوەی بەسەرهات مەسەلەیەکی بنەڕەتییە بۆ لەیەک جیاکردنەوەی (داستان) و (دراما)، کەچی شێرکۆ تەنانەت ئەوەندەی کە (برتۆڵد بریخت)یش بەهەزار داکۆکیکردن لە عەیبەی دەرکردووە بۆ دراما، (گێڕانەوە)ی بەکار نەبردووە لە بەرهەمەکەیدا.

نازانم ئیتر چۆن بەبیریدا هاتووە ناوی داستانی لێ بنێ و دکتۆر ئیحسانیش چۆن پشتگیری کردووە لەو ناونانە؟ ئەوەیان بەبۆچوونی خۆم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەردووکیان باس و خواسی (خوا و فریشتە) بەبابەتی تایبەتی داستان دادەنێن، وەک ئەوەی کە شێرکۆ دەڵێ:

(چۆنیەتی پەیوەندی بەسەرهاتەکانی ناو ئەم داستانە لە ڕووی مێژووییەوە، تەنها پەیوەندی خۆبەستنەوەیە بەئەفسانەکەوە..) (کاوەی ئاسنگەر.. ل٥)

یا وەک ئەوەی کە دکتۆر دەڵێ:

(.... ئەو قارەمانێتییەی لە داستاندا هەیە تا ڕادەیەکی زۆر بەستراوە بەئەفسانە و خوا و فریشتانەوە، کە دەستیان لە دەستی ئادەمیزاددایە لەم قارەمانێتییە لە ڕادەبەدەری کە ئەینوێنێ، لە بەرهەمەکەی (شێرکۆ)دا ئەم لایەنە فەرامۆش نەکراوە). (کاوە... ل٢١)

بەڵام لە ڕاستیدا باس و خواسی خوا و فریشتە بابەتی تایبەتی ئەفسانەیە نەک داستان، بەبێ ئەو باسانە ئەفسانە لە ئەفسانەیی دەکەوێ، بەڵام نەبوونی داستان لە داستانێتی ناخا. ئەم مەسەلەی چۆنیەتی لاساییکردنەوەیەش با لەوێ بووەستێ لە بابەتی لاساییکردنەوەشدا شێرکۆ لە چەند لایەکەوە تووشی کەم وکوڕی دەبێ ئەگەر وەکو داستان تەماشای بەرهەمەکەی بکەین.





یەکەم: بەهەڵە بەکاربردنی (میتۆلۆژیا) وەکو (بابەتی سەرسوڕهێنەر)ی تایبەتی داستان، هەوڵەکەی سەرکەوتوو نەبووە هەرچەندە خۆشی لەگەڵ ماندوو کردووە، لەبەرئەوەیشی سەرەتای دەستپێکردنەکەی لە جێی پێویستەوە نەبووە بۆیە بۆتە عەیبەیەکی گەورە بەبەرهەمەکەوە.

پێشتر گوتمان لە داستاندا باسکردنی شتی ناماقووڵ و نەکردەنی و لە ڕادەبەدەر ئاساییە، بەڵام مەبەستیشیان ئەوە نەبووە کە ئەم باسانە لەبەر (خۆیان) پەسەندن، نا، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە ئەوانە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ژیانی نەتەوەدا وەکو ڕاستییەک تەماشا کراون، وەکو شتێکی پیرۆز ڕێزیان لێ گیراوە، مەبەستیش لەو ڕۆژە سەردەمی بەرهەمهێنانی داستانەکەیە.

(فیلمان) دەڵێ:

(داستان دەبێ پڕترین بەرهەمی نەتەوە بێ لە ڕووی خەیاڵ و لە ڕووی بیروباوەڕیشەوە... لە هەمان کاتدا دەبێ ئەنسکلۆپیدیایەکیش بێ چ بۆ ئەو چەرخەی کە تیایدا بەرهەم هێنراوە و، چ بۆ ئەو نەتەوەیەشی کە بەرهەمی هێناوە)..[١]

بەکاربردنی (میتۆلۆژیا) لە داستاندا، بەتایبەتی لای گریکەکان بۆ ڕێزلێنان و، شانازیکردنی نەتەوە بووە بەو کەسانەوە کە لە ڕێی قارەمانێتییەکی بێ وێنەوە لە کۆیلەیەتی ڕزگاریانی دەکرد، یا دەیانی گواستەوە پلەیەکی کەی شارستانییەت، یا ئەوەی کە بەدەستەوە بوو بۆی دەپاراستن، بەو جۆرە ئەو قارەمانانەیان دەگەیاندە پلە و پایەی خوایەتی و لەگەڵ خواکاندا باسیان دەکردن و لە ڕێزی ئەواندا جێیان بۆ دەکردنەوە، ئەوەش ئیتر ئەوپەڕی شانازی بوو، کە سروشتی تایبەتی ئاینی بتپەرستی بواری دەدا.

بەڵام لە دوای بڵاوبوونەوەی ئاینە یەک خواناسەکان و، لەناوچوونی ئاینی بتپەرستی ئەم باس و خواسە ئەو تام و کامە و مەزنییەتییەی نەما کە بۆ

(ڕێزلێنان و شانازی) بشێ وەکو جاران.

(پوالۆ) و (شاتۆ بریان) بگرە و بەردەیەکی زۆریان لەسەر ئەم مەسەلەیە کرد، کە دەتوانین ئاوای کورت بکەینەوە، پوالۆ: دەیگوت نابێ ئاینی مەسیحییەت وەکو (بابەتی سەرسوڕهێنەر) لە نووسینی داستانی نوێدا کەڵکی لێ وەربگیرێ چونکە خوا و پێغەمبەری مەسیحی لەوە مەزنترن بهێنرێنە خوارەوە و وەکو خواکانی بتپەرستان لەگەڵ خەڵکدا مشت و کوشتیان پێ بکرێ. ئەم کارە لە سروشت دەرچوونی ئاینەکە و، ڕەچاونەکردنی هەستی گشتییە، بۆیە هەر (میتۆلۆژیا) بتپەرستییەکە چاکترە. هەرچی شاتۆ بریانیشە: دەیگوت کۆمەڵ دەبێ ئەدەبێک بخاتەوە کە لەگەڵ بیروباوەڕ و ڕێبازی بیرکردنەوەی خۆیدا بگونجێت. بۆیە دەبێ شارستانییەتی مەسیحییەت، ئەدەبێک بخاتەوە کە شەقڵی مەسیحییەتی پێوە دیار بێت.

هەروەها دەیگوت خوای تەورات و ئینجیل لە پایە بڵندیدا لەگەڵ (زیۆس)دا لە بەراورد نایەت و فریشتە و پیاوە ئاینییە پیرۆزەکانیش ناکرێ لەگەڵ دەست و پێوەندەکانی خواکانی یۆناندا باس بکرێن، تەنانەت (شەیتان)یش لە ئاینی مەسیحیدا هەندێک سیفاتی خۆی هەیە کە لە (بلۆتۆن)ی جیا دەکاتەوە، بێجگە لەوانە پەری و پەریزادەکانیش لە (نامف) جوانتر و هەڵکێشراوترن. ئیتر بۆ نابێ مەسیحییەت ئەدەبێکی بەرزتر لە ئەدەبی بتپەرستی بخاتەوە؟

هەروەها دەیگوت (هۆمیرۆس) کاتێک میتۆلۆژیای بتپەرستی بەکار بردووە، وەکو بابەتی سەرسوڕهێنەر لە داستاندا، خۆشی وەکو ئەو دوایی خەڵکەکە بڕوای پێ هەبووە و وەکو ڕاستییەک تەماشای کردووە و وەکو شتێکی پیرۆز ڕێزی لێ گرتووە، بەڵام لەم سەردەمەدا (سەردەمی مەسیحییەت) کێ بڕوا بەو قسانە دەکا و کێ چێژ لە بیستنی دەبینێ؟ فیکتۆر هۆگۆش لەو بۆچوونانەیدا بەتوندی پشتگیری کرد.







لە گێڕانەوەی ئەم مشتومڕەی پوالۆ و شاتۆ بریانیشدا مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم مەسەلەی بەکاربردنی (میتۆلۆژیا) وەکو بابەتی سەرسوڕهێنەر لە چەرخێکەوە بۆ چەرخێکی دیکە و، لە شارستانییەتێکەوە بۆ شارستانییەتێکی دیکە ئەوەندە وردەکاری و لێبووردنەوە هەڵدەگرێ بۆ ئەوەی داستان ببێتە (ئەنسکلۆپیدیایەک، هەم بۆ ئەو چەرخەی کە تیایدا بەرهەم هێنراوە هەم بۆ ئەو نەتەوەیەشی کە بەرهەمی هێناوە)، ئیتر نازانم شێرکۆ چۆن ئاوا بێ سێ و دوو کردن دەستی بۆ میتۆلۆژیای بتپەرستی نەتەوە کۆنەکانی خوارووی عێراق کە (ئەکەد و سۆمەر و بابلییەکان)ن بردووە و لە داستانەکەی خۆیدا بەتێکەڵی لەگەڵ میتۆلۆژیای زەردەشتیدا بەکاری بردوون. ئەوەشیان بخەینە لاوە کە دکتۆر ئیحسان دەڵێ:

> (بوونی خوا و فریشتەکان و تێکڕا بەرگی ئەفسانەوی، خراوەتەوە پلانی پشتەوە لەم بەرهەمەدا، بەشدارییان تەنها لە دەرخستنی هێندێ بیروباوەڕدایە ئەویش لە دوورەوە، بێ ئەوەی بەرگی ڕاستی و جووڵانەوە بگرنە خۆ وەک لە داستاندا باوە).
> (کاوەی ئاسنگەر.... ل ٢٣)

جگە لەوەی کە دکتۆر لە ڕووی هونەرییەوە دەیڵێ، دەتوانین بڵێین لە ڕووی زانست و مێژووییشەوە نەک هەر دەستدرێژیکردنە بۆ سەر ڕابردووی تایبەتی ئەو نەتەوانە، بەڵکو شێواندنی میتۆلۆژیای کۆنی خۆشمانە. هەروەها لە ڕووی دەروونیشەوە هەست بەناتەواوی کردن دەبەخشێ.

لەم بوارەدا شێرکۆ خۆی دوو ساڵێک بەر لە بڵاوکردنەوەی (کاوەی ئاسنگەر)، لە (کەژاوەی گریان)دا پارچە شیعرێکی بەناوی زیندووی مردوو)ـەوە بڵاو کردەوە ئێستا جێی خۆیەتی بەخۆی بفرۆشینەوە، بەڵام دیارە بەگرانتر.

شێرکۆ لەو شیعرەیدا دەڵێ:

(بۆ شاردنەوەی، نەنگی خۆمان
بۆ پینە و پەڕۆکردنی
دەلاقەی گەورەی، درۆمان
بۆ ئەوەی خۆمان تەفرە بدەین
وەک لەوەوبەر هیچمان نەکرد
هەر هیچ نەکەین
هاتین گەڕاین
کەوتینە دووی گزی و فزی
لە قوژبنی مێژووی کۆندا
خوێندەوارمان.. کەوتنە دزی
دزی کردن.. لە شانازی
کەسانی تر
مایە و مووری گەلانی تر
هەموو دنیایان کرد بەکورد
پێغەمبەرانیان کرد بەکورد
هەتا ئادەم و حەواشیان
هەر کرد بەکورد)..[٢]

ئەم قسە واقیعیانەی شێرکۆم زۆر لا پەسەند بوو کاتی خۆی و ئێستاش، بۆیە هەر لە بیرم مابوون، بەڵام خۆزگە شێرکۆ خۆی هەر بەوانەوە ئەوەستایەوە و خواکانیشی نەئەکرد بەکورد.

دووەم: ئاشکرایە داستان وەکو چەشنێکی ئەدەبی لە سەردەمی (خێڵەکی)یەوە سەری دەرهێناوە، لەو سەردەمەدا کە هێشتا گەلان، یا بۆ پەرەپێدانی قەوارەی تایبەتی خۆیان و بڵاوەکردن، یا بۆ پاراستنی ئەوەی کە بەدەستیان هێنابوو، یا وەک بەسەرهاتەکەی





کاوە کە ڕێی تێ دەچێ پۆپەی خۆناسینەوە و خۆجیاکردنەوەی گەلی کورد بووبێ لە (پارس)، واتا بۆ دروستکردن و پێکەوەنانی قەوارەی تایبەتی، لە شەڕوشۆڕێکی بەردەوامدا بوون لە ناو یەکدا.

بەرهەمهێنان و پەرەپێدانیشی هەرچەندە – ئێستا – ئەو تام و چێژەی جارانی نەماوە، بەڵام ئەو داستانەی کە کاتی خۆی بەرهەم هێنراوە، ئەو تام و چێژەی هەر دەمێنێ، هەتا نەتەوەیەک ببێ پەلامار بدات و یەکێکی دیکە بمێنێ بەرگری لە خۆی بکات.

داستان، یا لە بەسەرهاتێکی مێژووییەوە وەک بەسەرهاتی قەڵای دمدم، یا لە بەسەرهاتێکەوە دەست پێ دەکات، کە میللەت بڕوای وا بێت کە لە مێژوودا ڕووی داوە، وەک بەسەرهاتی کاوە، دواییش هەر نەوەیەک بەجیا بەگوێرەی بارودۆخی خۆی شتێکی لێ دەرکردووە و شتێکی خستۆتە سەر، تا گەیشتووەتە دەستی شاعیرێکی بەتوانا و بەدەسەڵاتێکی هونەری و، لە شێوەیەکی ڕێکوپێکدا بۆ دواجار دایڕشتووە. دەڵێن (هۆمیرۆس) نازناوێک بووە و ڕەنگە ناوی کەسێکی دیاریکراو نەبێ، داستانی (ڕۆلاند)ی فەرەنسیش بێ خاوەنە.

کەواتە دەتوانین بڵێین داستان چیرۆکی مان و نەمانی میللەتە، ڕووداوەکانی هەموو وڵات دەگرێتەوە، دانەری ڕاستەقینەشی میللەت خۆیەتی.

بەسەرهاتی کاوە، دوور نییە کاتی خۆی داستانێکی ڕێکوپێک نەبووبێ، بەڵام تۆمار نەکراوە، یا ئەگەر تۆماریش کرابێ لەوانەیە وەکو – ئاوێستا – لە شەڕوشۆڕدا لە ناو چووبێ، یا کێ دەڵێ وەکو داستانی (کەلگامێش) کە تا ئەمڕۆش هەر لێی دەدۆزرێتەوە، ئەمیش نادۆزرێتەوە؟!

کۆنترین سەرچاوە – تا ئێستا – باسی ئەم بەسەرهاتە بکا داستانی شانامەی فیردەوسییە، ئەویش یا هەر ئەوەندەی لە داستانەکە دەست

کەوتووە، یا هەر بۆ ئەوەی وەکو – بەسەرهاتێک – لە شانامەدا جێی بکاتەوە، ئەوەندەی لێ قرتاندووە، لە داستانەوە بیکاتە تەنها – بەسەرهاتێک – پێشتریش گوتمان داستانێک جێی چەند بەسەرهاتێکی تێدا دەبێتەوە، وەک دەزانین بەسەرهاتی کاوەش وەک ئێستا لە ناو کوردەواریدا باوە تەنها یەکێکە لە بەسەرهاتەکانی شانامە. دووریش نییە فیردەوسی بەنیازی سەلماندنی ئەوەی کە کاروباری تاج و تەخت بەڕێوەبردن بۆ هەموو گەلێک دەست نادات و پیاوی تایبەت و شیاوی خۆی هەیە. لە پێناوی بەرژەوەندی نەتەوایەتی خۆیدا، دەستکاری نەکردبێ.

بەسەرهاتەکە لە داستانی شانامەدا – بەسەرهاتی کابرایەکی ڕووتە و کەڵەمێردی جەرگ سووتاوە – کە کاوەیە – دژ بەدەسەڵاتدارێکی خوێنڕێژ و زۆرداری ناشەرعی، کە ئەژدەهاکە، کاوە لە ساتێکی هەڵچووندا بەچەکوشەکەی دەستییەوە هەڵدەکوتێتە سەری و تۆڵەی کوڕەکانی خۆی لێ دەکاتەوە و تاج و تەختەکەشی دەداتەوە دەست خاوەنە ڕاستەقینەکەی خۆی کە فەرەیدوونە، لە ناو کوردەواریشدا هەر وا باوە و، شێرکۆ خۆشی دەڵێ:

پەیوەندی بەسەرهاتەکانی ناو ئەم داستانە لە ڕووی مێژووییەوە، تەنها پەیوەندی خۆبەستنەوەیە بەئەفسانەکەیەوە بەو شێوەیەی لە ناو کوردەواریدا بڵاوە.

بەپێی ئەو قسەیەی د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ کە دەڵێ (لە داستاندا بوون و ژیان قارەمانە و لە دراماد‌ا خۆیەتی مرۆڤ).[٣]

ئەوا بەسەرهاتەکەی کاوە، لەم شێوەیەیدا چونکە پەیوەندی بەمان و نەمانی ڕژێمێکی دیاریکراو و چەند کەسێکی تایبەتییەوە پتر هەیە، وەک لەوەی پەیوەندی بەمەسەلەی (بوون و ژیان)ی میللەتێکەوە هەبێت، بۆیە زیاتر بۆ بابەتی درامایەکی مێژوویی لەبارترە وەک ئەوەی کە بۆ بابەتی داستانێک بشێ. لەبەر هەموو ئەم هۆیانە هەوڵی داڕشتنەوەی داستانەکە و دەستکاریکردنی ڕووداوەکانی، خۆی لە خۆیدا کارێکی پەسەند و بەجێیە:





بەمەرجێک بەسەرهاتەکە لەو بازنەیە دەربکات کە فیردەوسی بەدەوریدا کێشاویەتی و بەمەرجێک سەرلەنوێ واتای (بوون و ژیان) و گیانی نەتەوایەتیی بکاتەوە بەبەردا.

شێرکۆ هەستی بەم پێویستییە کردووە و چەند هەنگاوێکیشی ناوە کە مەسەلەکە بەلای نەتەوایەتیدا بشکێنێتەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە و، جێ دەستی وەکو پینە زرپ و زەق بەبەسەرهاتەکەوە دیارە، وەک ئەوەی کە کاوە لە – کاتی دراماکە – دەردەچێ و ڕووی دەم لە بینەران دەکا و دەڵێ:

کاوە:

(گەر سەرکەوتین.. تاج بۆ کێ بێ
لە بیرتان بێ!
هەموو ئەڵێن بۆ فەرەیدوون
هەر من ناڵێم با بۆ ئەو بێ
دووبارە لێم ئەپرسن بۆچی
ئەی بۆ کێ بێ.
بیر و بڕوای من وا ئەڵێ
– بۆ کوردێ بێ
خوێن بڕێژین، کورد قوربانی
مەردانە بێ
بۆچی ئەنجام بۆ (پارسێکی)
بێگانە بێ).. (کاوەی ئاسنگەر ل ١٧٤ و ١٧٥)

ئەم لە – کات – دەرچوون و ڕوو لە بینەران کردنە و، ئەم شێوەی بەپەنامەکی قسەکردنە – بەڵام با قسەی خۆمان بێ – جگە لەوەی تەنها ئارەزوویەکە و دوایی لە بیر براوەتەوە و، کرداری لە شوێن نەهاتووە، زۆریش لە نرخ و پلە و پایەی – کاوە – وەکو قارەمانی داستانێک کە

پێویستە (مطلق) بێ، کەم دەکاتەوە. ئەم قسەیەی کاوە ئەوە دەگەیەنێ کە کاتی خۆی، یا بڕوای پێ نەبووە بەجێی بهێنێ، یا گەر بڕواشی پێ بووە دەسەڵاتی نەبووە بەکردەوە دەری بخا. لە هەردوو حاڵەتەکەشدا کاوە لە قارەمانێتی داستان دێنێتە خوارەوە بۆ پلەیەکی خوارتر. لە لایەکی دیکەوە شێرکۆ، کاوە و بەرەی کاوە سەرگەرمی مەسەلەی نەتەوایەتی دەکا. بەڵام ئەژدەهاک و بەرەی ئەژدەهاک لە مەسەلەکە دوور دەخاتەوە بەوەی کە پاکانەی دەروونی بۆ زوڵم و زۆرەکەی ئەژدەهاک و ڕژێمەکەی دەکا، لە کاتێکدا وا پێویست بوو بەتوندی بیبەستێ بەبەرژەوەندی نەتەوایەتی (پارس)ـەوە بۆ ئەوەی مەسەلەی (بوون و ژیان)ـەکەی بخستایەتەوە سەر داستانەکە.

هۆی یەکەمی خوێنڕژییەکەی ئەژدەهاک وەک لە تابلۆی پێنجەمدا بەدووروودرێژی باس کراوە دەگەڕێتەوە بۆ (ترسی مردن) و لەناوچوون، وەک:

ئەژدەهاک:

(بەڵام... بەڵام... ئەم مردنە
تێکی داوە
ئەم مردنە ئێسک قورسە
تارمایی هەر لە بەرچاوە).... (کاوە ل١٠١)

هۆی دووەمیشی دەگەڕێتەوە بۆ وەچاخ کوێری کە ئەمیش هەر پەیوەندی بەگرێی مردن و لە ناوچوون و ڕەگ و ڕەچەڵەک بڕانەوەوە هەیە، وەک – کاوە – خۆی دەستنیشانی دەکا و مادیا و کاردۆخ و کارداش پشتگیری لێ دەکەن کە کەسانی سەرەکی بەسەرهاتەکەن.

کاوە:

(لەوەش زیاتر
بۆیە کینە و ڕقی زۆرە





شمڵی شوومی هەرا و شەڕە
خوێناوخۆرە
چونکە زڕە
وەچاخ کوێرە
مادیا: کاوە پێکای، سەرنج وردە
کاردۆخ: فەرمایشتەکەی پەسەندە
کاردا: داری زڕ و بێ بەر ناژی
ئەبێ بمرێ).. (کاوەی ئاسنگەر.. ل ١١٦)

هۆی سێیەمیشی: ترسی لە دەس دەرکردنی تاج و تەختەکەی و گەڕانەوەی فەرەیدوونە، وەک لەم دەمەتەقێیەی نێوان گۆتۆ و ئەژدەهاکدا دەردەکەوێ.

ئەژدەهاک: (چارەنووسی هەر مردنە
بەڵام نیازی ئەبێ چی بێ
بەهیوای چی
ئەخوا و ئەژی
من تێناگەم.. تۆ ئەڵێی چی؟!
گۆتۆ: ئەیەوێ...
تاجی ونبووی
تەخت و بەختی لە دەست دەرچووی
بۆ بێتەوە
ئەژدەهاک: مەحاڵە.. بیبێنێتەوە
ئەبێ تا ماوە فەرەیدوون
بەو داخەوە بتلێتەوە) (کاوە.. ل ١٠٩)

شێرکۆ لە دەستکاریکردنی بەسەرهاتەکەیدا ئەو قسەیەی بەدرۆ خستۆتەوە کە خوێنرێژییەکەی ئەژدەهاکی دەگێڕایەوە بۆ مارەکانی سەرشانی.

کاوە: (بیانووی... زۆردار
بۆ چاوبەستە، ماری سەرشان
کامتان شانی ئەژدەهاکانتان
بینیوە هەتا بزانن
راستە ماری چوار سەری شان).. (کاوە.. ل ٩٥)

بەڵام نایباتەوە سەر ئەو هۆیەی کە بۆ بابەتی داستان پێویستە، لە بری ئەوە بناغەیەکی دەروونی بۆ دادەمەزرێنێ بەمەش دیسانەوە مەسەلەی هاوکێشە نەتەوایەتییەکە سەنگەلا دەبێتەوە و، هەر بەرەیەک وەک دەڵێن (بۆ خۆی لە ئاوازێک بانگ دەکات).

قسە و باس و جموجۆڵە نەتەوایەتییەکەی کاوە و بەرەی کاوەش بێ واتا و بێ هۆ دەبێ، نەک هەر ئەوە دەتوانم بڵێم سەرجەمی یەکێتیی ڕووداوەکانی بەسەرهاتەکەشی پێ لەق دەبێ.

هەروەها بەسەرهاتەکە وەک لە ناو کوردەواریدا باوە و، وەک شێرکۆیش باسی دەکا بۆ بابەتی داستان ناشێ، چونکە بەتەنها ڕوو لە خێر و خۆشییە ئەمەش نەبووەتە باو لە داستاندا، داستان وێنەیەکی کتومتی ژیانە بەخۆشی و ناخۆشییەوە بۆیە گۆڕان و وەرچەرخانی تێدا پێویستە. داستانبێژ بۆ ئەوەی خەڵک لە ڕاستی و دروستی و پاکی قارەمانی داستانەکەی دڵنیا بکا و گومانی خۆپەرستی و هەڵپەکردنی لێ دوور بخاتەوە: پاش بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی ئیتر قارەمانەکەی دەگەیاندە ڕۆژێکی ناخۆشی ئەوتۆ کە بواری پەلوپۆکردنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بۆ هەڵنەکەوێ، نەوەک لە نرخی قارەمانییەتییەکەی بشکێ.





بۆیە دەتوانم بڵێم داستانی ڕاستەقینەی کاوە هەر تەنها سەرکەوتنەکەی نییە، بەڵکو (دزینی) سەرکەوتنەکەشیەتی، مەسەلەی تاج و تەخت دانەوەکەی فەرەیدوون ئەقڵ نایگرێ هەروا بەو سووک و ئاسانییە بووبێ وەک فیردەوسی باسی دەکا، دوور نییە لە ئەنجامی فرت و فێڵ و پلانی (پارسەکان) نەبووبێ، بایەخدان بەم لایەنە داستانەکە دەبووژێنێتەوە و گیانی (بوون و ژیان)ی دەکاتەوە بەبەرا، ئەگینا بەسەرهاتەکە وەک ئێستا باوە لە ناو کوردەواریدا هەر بۆ بابەتی میلۆدرامایەکی مێژوویی زیاتر دەست نادات. ئینجا ئیتر ئەگەر هۆنراوەیی بێ یا پەخشان ئەوەیان باسێکی دیکەیە.

سێیەم: شێرکۆ خۆی بەرهەمەکەی بەکێشی چوار بڕگەیی و چوار + چوار بڕگەیی نووسیوەتەوە کە دیسانەوە هەر بۆ نووسینی داستان ناشێ چونکە لە کێشی قسەکردنی ئاسایی ناو خەڵکەوە نزیکترە و کورتە، بۆیە پتر بۆ نووسینەوەی دراما بەکەڵکترە لەوەی کە بۆ نووسینی داستان دەست بدات، کە دەبێ بەکێشی درێژ بنووسرێ.

وا تێدەگەم ئەوەندەش بەسە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بەرهەمەکە داستان نییە و شێرکۆ و د. ئیحسان هەروا لەخۆڕایی ئەو ناوەیان لێ ناوە:

دانانی بەرهەمێکی ئەدەبی لە خانەی خۆیدا لە ناو چەشنە ئەدەبییەکاندا، ئەگەر لای خوێنەر و بینەریش ئەوەندە گرنگ نەبێ، بەپێچەوانەوە بۆ ڕەخنەگر گرنگە و، بۆ نووسەرەکەشی گرنگتر.

ئێستا ئەگەر بمانەوێ (کاوەی ئاسنگەر) وەکو بەرهەمێکی ئەدەبی، لە خانەی تایبەتی خۆیدا لە نێو بەشەکانی درامادا جێ بکەینەوە، دەبینین میلۆدراما پڕ بەپێستی خۆیەتی لەبەرئەوەی:

یەکەم: بەسەرهاتەکە هەمووی لە زوڵم و زۆر و خراپەی کەسێکەوە کە ئەژدەهاکە دەست پێ دەکات، کە پێش دەستپێکردنی دراماکە لەسەر

شانۆ، لە دەرەوەی شانۆدا ڕوویان داوە، زێمری و زاماوا و کاسە سەرەکان و تارماییی مردووەکان بۆ یەکتری باس دەکەن و بەو جۆرە و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بینەریشی لێ ئاگادار دەکەنەوە لە تابلۆکانی سەرەتادا.

بەسەرهاتەکە بەسەرهاتێکی سادەیە و لەسەر یەک هێڵ دەڕوا و، ئیتر لق و پۆپی دیکەی لێ نابێتەوە، ئەنجامەکەشی ڕوو لە خۆشییە و، لە مەزنە و لێکدانەوەی بینەر دەرناچێ هەرچەندە خۆی کەمتر ڕووداوەکان دەبینێ و زۆرتر لە ڕێی دەمەتەقێی نێوان کەسەکانەوە دەنگوباسیان دەبیستێ.

(ئەژدەهاک: گەیشتنە کوێ؟ ئەنجام چی بوو.

پاسەوان: شوورە لە دوای شوورە ڕما

قووللەی قەڵا داگیر کرا!

زیندان ڕووخا

بەندی گیرا و.. سەربەست کرا

زۆر لە ئێمە پەلبەست کرا) (کاوە.. ل ٢١٨)

لە چەند شوێنێکدا بنەمای گۆڕان و وەرچەرخان دەبینین، بەڵام دوایی لە بیر دەکرێن و کردەوەیان لە شوێن نایە و وەک لە درامادا پێویستە ئاوا بەکار نابرێن.

وەک ئەوەی کە کاوە دەڵێ:

(دوژمن ستەمە بتوانێ

ریشەی بڕوا دەربکێشێ

تەنیا پواز، نەبێ

داری ئەمجارە ناقلێشێ) (کاوە.. ل ١٧٤)

یا وەک ئەوەی کە لۆلۆ دەڵێ:





(گەلێ ویژدانمان کڕیوە

بەنهێنی زۆر پوازی

ناکۆکیمان داتاشیوە) (کاوە.. ل ١٩٨)

یا وەک ئەو پاسەوانەی کە کاردۆخ هاوکاریکردنی لەگەڵ شۆڕشگێڕەکاندا باس دەکا:

(بەڵێ.. بەڵێ

پاسەوانی قەڵا و کۆشکی

ئەژدەهاکە

بەڵام ... مەردە

دروست ... ڕاستە

کوڕی چاکە) (کاوە ... ل ١٢١)

بەڵام شوێنەواری ئەم قسانە دوایی وەکو کردار بەدەرناکەوێ، وەک ئەوەی یەکێک لە دۆستەکانی کاوە نادڵسۆزییەکی لێ ئاشکرا ببێ ڕێڕەوی بەسەرهاتەکە بەلای چاکترا یا خراپترا بشکێنێتەوە، هەروەها گرنگی هاوکاری پاسەوانەکەی کۆشکی ئەژدەهاکیش دەرناکەوێ، وەک ئەوەی دەرگای قەڵا و کۆشک بۆ کاوە و بەرەی کاوە بکاتەوە، یا ڕێگایەکی نهێنییان پیشان بدات بۆ ئەوەی بەئاسانی بچنە ناو قەڵا و کۆشکەوە، یا هەر کردەوەیەکی دیکەی لەم بابەتە کە پێویست بێ بۆ سەرکەوتن و بەبێ ئەو کەسایەتییە لە دەست کەسی دیکە نەیەت، وەک ڕۆڵی درامی پێویست دەکا.

پێشتریش باسی ئەو قسەیەی کاوەمان کرد کە دەڵێ:

(بۆچی ئەنجام بۆ – پارسێکی – بێگانە بێ)

بەڵام دوایی ئەویش لە بیر دەکرێ و ئەنجامیش دەسەڵات و سەرکەوتنەکە هەر بۆ (پارسە) بێگانەکە دەبێ.

کوشتنەکەی (کارون)یش چونکە پێشتر ڕۆڵێکی کاریگەری بۆ دیاری نەکراوە، کار ناکاتە سەر بەسەرهاتەکە.

ئەم جۆرە بەسەرهاتە، ئاوا سادە و یەک ڕوو - نابێتە هەوێنی درامایەکی بەچێژ و سەرکەوتوو چونکە بینەر بەئاسانی پێشبینی ڕووداوەکان و ئەنجامەکەشی دەکا، ئینجا ئەگەر بەسەرهاتەکە مێژوویی بوو و پێشتریش شتێکی لە بارەوە بیستبوو و هەروەک خۆی پیشان درایەوە ئەوا بەیەکجاری بێ تام دەبێ لە لای خوێنەر و بینەر.

دووەم: (کەسایەتی)یەکان ساکار و یەک دیون، ئەوەی چاکە لە گشت لایەکەوە و تا کۆتایی هەر چاکە، وەک کاوە و بەرەی کاوە، ئەوەشی خراپە لە گشت لایەکەوە هەر خراپە و تا کۆتاییش هەروەک خۆی دەمێنێتەوە، وەک ئەژدەهاک و بەرەی ئەژدەهاک.

کەسایەتییە لاوەکییەکانیش تا سنووری توانەوە و، لە دەستدانی تایبەتێتی کەسایەتی لەگەڵ هەردوو پاڵەوانە سەرەکییەکەدا (کاوە و ئەژدەهاک) تێکەڵ دەبن.

شیاوی باسە کە ئەم جۆرە کەسایەتییە لە کاری هونەریدا پەسەند نین، چونکە هەر زوو هەڵوێستیان ئاشکرا دەبێ و دواییش دەبنە داشی دامە بەدەست درامانووسەوە، خۆی هەڵیان دەسووڕێنێ و خۆشی قسەیان بەدەمەوە دەکا. لە شوێنێکی دیکەشدا بەدرێژی ئەم مەسەلەیە باس دەکەینەوە.

سێیەم: وەک لە ژیانی ئاساییدا باوە هەندێ جار تاوان بەبێ دەنگی لە بیر دەچێتەوە و، تاوانباریش بەبێ سزا دەرباز دەبێ، بەڵام لە ئەدەبدا وا نییە، تاوانبار دەبێ بەسزای خۆی بگا و، تاوانیش هەر دەبێ ئاشکرا بێ، بەمەش دەگوترێت (دادپەروەریی شیعری) کە بەتەواوی وەک لە میلۆدرامادا باوە و پێویستە لەم بەرهەمەی شێرکۆدا بەجێ





گەیەندراوە، بەرەی شەڕ (ئەژدەهاک و دار و دەستەکەی) سەرپاک بەئەنجامی خراپەی خۆیان دەگەن، هەموو یا بەدەستی بەرەی خێر، یا لە ناو یەکدا یەکتری دەکوژن.

بەرەی خێریش (کاوە و دۆستەکانی) هەموو بەئەنجامی چاکەی خۆیان دەگەن، تەنانەت لە کاتی گرتنی قەڵا و کۆشکیشدا کەسێکیان لێ ناکوژرێ ئاوات بەرێتە گڵەوە (مەبەستم ئەو کەسایەتییانەیە کە ناویان لە دەقەکەدا براوە).

ئەم ئەنجامانە ئەگەرچی - ویژدان ڕازی دەکەن - بەڵام لە درامادا ئەوەندە مەبەست نین چونکە نە کەس خراپ بەخراپابردنی پێ سەیرە و، نە کەسیش چاک بەچاکەیابردنی لە لا زۆرە، بینەر خۆی پێشبینی ئەنجامی وا دەکا. ئەنجامیش هەرچەندە نابێ بەتەواوی بەپێچەوانەی پێشبینییەکەی بینەرەوە بێ، بەڵام خۆ دەبێ بۆ ئەوەی چێژی لێ ببینێ تۆزێک لە مەزەندەکەی دەرچێ.

چوارەم: وەکو شتێک بووەتە باو لە میلۆدرامادا کەسێک یا پتر تەرخان دەکرێ بۆ ئەوەی بەخۆگێلکردن یا بەباسکردن و ڕوونکردنەوەی پتر لە پێویستی کردار و گفتاری کەسێک، یا چەند کەسێک لە کەسەکانی دراماکە، بینەر بهێننە پێکەنین و، نەهێڵن بێزار بێ، لە (کاوەی ئاسنگەر)دا ئەم مەرجەش لە مەرجەکانی میلۆدراما فەرامۆش نەکراوە.

وەک بۆ گاڵتەپێکردن:

(جارچی: بەتووڕەییەوە:
لە قسەما ... قسە مەکەن
کەس نابێ گرژ ڕووناخۆش بێ
گوێگرێک: (بەتەوس و گاڵتەوە)

قەلیش ئەبێ دەنگی خۆش بێ) (کاوە ل.. ٧٣)

سەرنجی گاڵتەپێکردنەکە بدە چەندە لاواز و بێ تامە؟!

بۆ ڕوونکردنەوەش وەک:

(جارچی: سەما بکەن: سەما بکەن

روو گرژ مەکەن

ئەژدەهاک سێبەری خوایە

گوێگرێک: پێتان ئەڵێ بیپەرستن) (کاوە... ل ٧٤)

یا وەک ئەوەی:

(جارچی: بخۆنەوە بەخۆڕایی

شەرابی خەست، بخۆنەوە

سەرخۆش، مەست بن

گوێگرێک: پێتان ئەڵێ بێ دەربەست بن) (کاوە... ل ٧٦)

ئەم ڕوون کردنەوەیە نرخی شیعر و دەمەتەقێکە دەشکێنێ و تام و چێژی دەبڕێ لەبەر ڕاستەوخۆی پتر لە پێویستی ڕوونکردنەوەکە خۆی.

ئێستا دەتوانین بڵێین (کاوەی ئاسنگەر) وەکو بەرهەمێکی ئەدەبی هەموو سیفەتە بنەڕەتییەکانی میلۆدراما، یا ڕاستتر بڵێم هەموو عەیبەکانی میلۆدراما دەگرێتە خۆی، بەجۆرێک کە ئیتر گومانی (داستان)یەتی نەچێتە سەر. لەمەو دواش هەر بەگوێرەی ئەم ڕاستییە مامەڵەی لە تەکدا دەکەین.

زیادەڕۆیی ناکەم ئەگەر بڵێم شێرکۆ تەنانەت لە هەڵەکردنەکەشیدا داهێنەر نییە چونکە ئەگەر لەبەر نەشارەزایی بووبێ – هەرچەندە خۆی هەرواشە – ئەوا لە ژمارە نایەن ئەو کەسانەی کە لە نەزانینەوە چەشنێکی ئەدەبییان تێکەڵ بەچەشنێکی دیکە کردووە، ئەگەر بەدەستی ئەنقەست و لە شارەزاییشەوە بێ – هەرچەندە واش نییە – چونکە ئەوە سێزدە ساڵە ئەم





بەرهەمە دەرچووە شێرکۆ نەک هەر بناغەیەکی تیۆری بۆ دانەڕشت، بگرە لە (ئاسک)دا وازیشی لێ هێنا – بەڵام با بڵێین وایە، دیسانەوە لە ئەدەبی جیهانیدا و لە ناو کەڵەنووسەرەکاندا هەن ئەو دەستپێشخەرییەیان کردبێ، وەک:

١– لە بواری هونەر لە هونەردانداندا: (ریچارد فاگنەر) دەیوت:

(جیهانی شەکسپیر و بتهۆڤن لە یاساکانی بڵاوەکردن و جموجۆڵا نەبێ، ئیتر جیاوازییەکی ئەوتۆیان لە نێواندا نییە، بۆیە ئەگەر لە چەشنێکی هونەریی تەواو و ڕێکوپێک بگەڕێین ئەوا دەبێ ئەو خاڵە بدۆزینەوە کە ئەو یاسایانە یەکی تیا دەگرنەوە).

دواییش خۆی ئەو خاڵەی بە(جیهانی خەو و خەیاڵ دەستنیشان کرد).[٤]

ئیتر ئەوە بوو وەک خۆی ناوی لێ نا (درامای مۆسیقی) داهێنا، بەڵام دوایی کە بۆی دەرکەوت مۆسیقا باری شانۆ گران دەکا و ڕێزی (وشە) دەشکێنێ و، کە ئەوەی بۆ ساغ بووەوە کە گۆرانیبێژ تەنها باسی کەس دەکا و خۆی جێی کەسی بۆ ناگیرێتەوە، پشتی لە کارەکەی سارد بووەوە و وازی لە زاراوەی (درامای مۆسیقی) هێنا و بەرهەمەکانی خستەوە خانەی (ئۆپرا).

فەردریک نیچە بەتەوسەوە دەڵێ:

(ڤاگنەر لە لای نیگار کێشەکان بەمۆسیقی و لە لای مۆسیقییەکان بەشاعیر و لە لای ئەکتەرەکانیش بەشێوەیەکی گشتی بەهونەرمەند ناسراوە.)[٥]

(ئەریک بنتلی)ش هەر بەو واتایە دەڵێ:

(ڤاگنەر –نالیای– خوداوەندی کۆمیدیا و(ملیومین)ی خوداوەندی

تراجیدیا و، (یۆتیرب)ی خوای مۆسیقا و گۆرانی گەیاندە یەک و تێکیانی بەردا).[٦]

٢- لە بواری تێکەڵکردنەوەی چەشنە ئەدەبیەکانیشدا:

ڤیکتۆر هۆگۆ لە ساڵی ١٨٢٧دا درامایەکی مێژوویی بەناوی (کرۆمۆیل)ـەوە نووسی، لە پێشەکییەکەیدا هێرشێکی توندی بردە سەر ئەو بنەمایانەی کە کلاسیکییەکان لە نووسینی درامادا پەیڕەوییان دەکرد.

هۆگۆ سنووری نێوان چەشنە ئەدەبییەکانی بەدەستکرد دەزانی بۆیە هەوڵێکی بێهودەی دا بۆ ئەوەی هەردوو وەچەکەی دراما کە (چیرۆک و گۆرانی)ن بیانگێڕێتەوە سەر دراما. بۆ ئەم مەبەستەش گەلێک سنووری شانۆی شکاند، بەڵام دواییش هەر خۆی دانی بەوەدا نایەوە کە (کرۆمۆیل) بۆ سەر شانۆ دەست نادات، کە ئەویش لە ڕاستیدا مەرجێکی پێویستە بۆ درامای سەرکەوتووی ڕەسەن. شیاوی باسە ئەو جۆرە درامایانەی بۆ سەر شانۆ دەست نادەن پێیان دەگوترێ (دراما درۆزنە).

شێرکۆ و دکتۆر ئیحسانیش قسەیەکی وەک ئەو قسەیەی هۆگۆ دەکەن هەرچەند ئاوا بەئاشکرا ناچنە ژێری.

شێرکۆ دەڵێ:

(ئەم بەرهەمە، نیاز وایە، لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا لە لایەنی تیپی تەمسیلیی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردییەوە لە سلێمانی بخرێتە سەر شانۆ، دوای ئەوەی کە دەرهێنەر (مخرج) چاو بەسەرتاپای تابلۆکان هەموویدا ئەگێڕێتەوە). (کاوە... ل ٥١)

دکتۆر ئیحسانیش لە پێشەکی و لێکۆڵینەوەکەیدا دەڵێ:

(ئەگەر تابلۆکانی لە نۆوە بکەین بەحەوت بۆ سەر شانۆ، ئەم کورتکردنەوەیە لە چوار تابلۆی یەکەمدا بێ (کە دەست پێشەکییە بەلەیەک دانیان، بەباشی ئەتوانرێت، ئەم بەرهەمە لە





شێوەیەکی زۆر سەرکەوتوودا، لەسەر شانۆ دەربهێنرێت.) (کاوە... ل ٤٧)

لە شوێنێکی دیکەشدا هەر لە باسی کات و کورتکردنەوەی بەرهەمەکەدا دەڵێت:

(بەڵام ئەم لایەنە پێویستی سەرشانی یەکەمی دەرهێنەر (مخرج)ـە، چونکە ئەتوانرێ بەپێی پێویستی کورتتر و درێژتر بکرێتەوە). (کاوە.... ل ٤٧)

وەک دەبینین هەردووکیان هەست بەوە دەکەن کە بەرهەمەکە لەم شێوەیەی ئێستادا بەکەڵکی سەر شانۆ نایە و، ئەرکی دەستکاریکردنەکەی بۆ دەرهێنەر دەهێڵنەوە، لە کاتێکدا زۆر نووسەر هەن کە ڕێگەی دەستکاریکردنی تەنها (وشەیەک) چییە، بەدەرهێنەر ڕەوا نابینن، کەچی دکتۆر دەڵێ ئەرکی یەکەمی سەرشانێتی!

٣- لە بواری موتوربەکردنی داستان و دراماشدا کە ئەمەیان پەیوەندی پترە بەبەرهەمەکەی شێرکۆوە، لە دوای شەڕی جیهانی یەکەم، (گرهارت هاویتمان و ئەروین بسکاتۆر) هەوڵێکیان لەم بارەیەوە دا، دواییش (برتۆڵد برێخت) لێی قۆستنەوە و بناغەیەکی تیۆری بۆ دارشت و بەکردەوەش چەند درامایەکی/ داستانی، نووسی و لەسەر شانۆش دەری هێنان.

برێخت بەرهەمەکانی بە(درامای داستانی) ناوبرد، ئەگەرچی تا ئێستاش هەر بەربەرەکانێ دەکرێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە لە بەردەوامیی بڵاوەکردنی خۆی نەکەوتووە.

جا لێرەدا پرسیارێک لە مێشکدا ڕاست دەبێتەوە ئەویش ئەوەیە:

بۆ (درامای داستانی) بۆ برێخت چووە سەر و بۆ شێرکۆ (داستانی درامی) ئەقڵ نایگرێ و ناچێتە سەر؟ لە وەڵامدا دەتوانین بڵێین:

یەکەم: چەندە جیاوازی لە نێوان ڕەنگی سەوزی زەردباو و، زەردی سەوز باودا هەیە لە هونەری تەشکیلیدا، هەروەها چەندە جیاوازی لە نێوان درامای شیعری و شیعری درامیدا هەیە لە ئەدەبدا، بێگومان هەر هیچ نەبێ ئەوەندەش جیاوازی لە نێوان (داستانی شانۆ) و (درامای داستانی)دا هەیە لە ڕووی زمانەوە، ئەگەر وەک دوو زاراوە تەماشایان بکەین.

لە داستانی سەر شانۆدا، داستان بناغەیە و هەوڵی گۆڕان و پێشکەوتنی دراوە، بەڵام لە درامای داستانیدا، دراما بناغەیە و هەوڵی گۆڕان و پێشکەوتنی دراوە، ئەمەش مەسەلەیەکی دیکە دێنێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە ئایا وەک دراما پێویستی بەدەستکاری هەیە، ئایا داستانیش ئاوا پێویستی پێیەتی؟

لە وەڵامدا دەڵێین ئەگەر لەو هەوڵ و کۆششانەی (ڤاگنەر و هۆگۆ و برێخت) داویانە وردبینەوە، دەبینین هەمووی هەر بۆ دەستکاریکردن و پێشخستنی دراما بووە، هەریەکەیان پەنای بۆ چەشنێکی ئەدەبی یا هونەری دیکە بردووە و، شتێکی لێ خواستووە و هێناویە خستوویەتییە سەر دراما، کێشەکەش بەڕای من دەگەڕێتەوە بۆ بەرتەسکی – کات و شوێن – لە درامادا، بەڵام وەک پێشتریش وتمان چۆنیەتی لاساییکردنەوەی داستان کە (گێڕانەوەیە)، داستانی لەو گرفتە پەڕاندووەتەوە. بەڵام کە دەستکاری – کات و شوێن – یش لە داستاندا کرا، دیارە ئەمیان بەپێچەوانەی دراماوە لەبەر بەربڵاوی کات و شوێن کراوە، ئەوە بوو – کات و شوێن – تەسک کرایەوە و ئینجا ئەوە بوو ڕۆمان و جۆرە چیرۆکەکانی دیکەی لێ داکەوتن. کەواتە دەتوانین بڵێین برێخت بەخواستنی – گێڕانەوە – لە داستان و، بەکاربردنی لە درامادا، درامای لە گرفتێک پەڕاندەوە کە ڕێگەی گەشەکردنی لێ دەگرت.

بەڵام لە (کاوەی ئاسنگەر)دا مەسەلەکە ئاوەژوو کراوەتەوە و، داستان





باڵبەست کراوە و هێنراوەتە سەر شانۆ و، گرفتە باوەکانی درامای خراوەتە پێش، بەمجۆرەش دەتوانین بڵێین گۆڕانەکە لە بەرژەوەندی پێشکەوتنی داستاندا نییە، هەرچ گۆڕانێکیش لە بەرژەوەندی پێشکەوتندا نەبوو تەنانەت ئەگەر لە زانستیشدا بێت پەسەند نییە و دەوام ناکات.

دووەم: برێخت چۆنیەتی لاساییکردنەوەی لە داستان خواستووە و لە پاڵ چۆنیەتی لاساییکردنەوەی دراما، لە درامادا بەکاری بردووە – کرداری لە دراما هەڵنەگرتووە – گێڕانەوە – بخاتە شوێنی، بەڵکو دەتوانین بڵێین خستوویەتییە تەنیشتی و، تەنها بۆ پێکەوە گرێدانەوەی – دوو کردار ـ بەکاری بردووە کە – کات – ێکی ئەوتۆ لەیەکیان جیا دەکاتەوە کە ناکرێ بینەر دانیشێ و، چاوەڕێی بەسەرچوونی لەسەر شانۆ بکات.

لە بارەی برێخت و تیۆری درامای برێختەوە زۆر وتراوە، بەڵام جگە لەوەی باسمان کرد، ئیتر هەرچییەکی وتبێ و کردبێ، یا لە بواری ئایدیۆلۆژییەتدا بووە کە پەیوەندی بەچۆنیەتی لاساییکردنەوەی دراماوە نییە، یا لە بواری هونەریدا بووە ئەویش بۆ جێکردنەوەی ئەم چۆنیەتی لاساییکردنەوەیە تازەیەیە کە لە (دراما و داستان) پێکی هێنا. پێشتریش گوتمان هەر چۆنیەتێکی لاساییکردنەوە لە کاتی جێبەجێکردندا کۆمەڵێ جیاوازیی پێویست دەکات.

نهێنی بەردەوامی تاقیکردنەوەکەی برێختیش لەوەدایە کە وەک (ڤاگنەر) نەهات – تایبەتییەکانی دراما و مۆسیقا دامالێ و لە خاڵە هاوبەشەکاندا لێکیان بداتەوە، یا وەک هۆگۆ بێت سیفاتە تایبەتییەکانی چەشنە ئەدەبییەکان بخاتە پشتگوێ و لەسەر بناغە هاوبەشەکان تێکەڵیان بکاتەوە، برێخت ڕێزی سیفاتە تایبەتییەکانی درامای نەشکاند و لەو بناغەیەوە کە لەگەڵ داستاندا لەیەک جیا دەبنەوە لەوێوە موتوربەی کرد. جگە لەمە ئیتر هەرچییەکی کەی کردبێ بۆ جێکردنەوەی ئەمەی بووە لە کاتی

جێبەجێکردندا، بۆیە ئەگەر هەموو ئەو دوایی تاقیکردنەوەکەیشی لەگەڵ ڕەوتی ڕۆژگاردا لە بیر بچنەوە، ئەوا ئەمەیانی هەر بۆ دەمێنێتەوە، چونکە لە بەرژەوەندی مان و گەشەکردنی چەشنە ئەدەبییەکەدایە. بەڵام لە (کاوەی ئاسنگەر)دا – گێڕانەوە – کە چۆنیەتی تایبەتی داستانە لە لاساییکردنەوەدا، وا سڕاوەتەوە کە شوێنەواریشی بەجێ نەماوە و لە بری ئەو (کرداری) خراوەتە شوێن کە چۆنیەتی تایبەتی لاساییکردنەوەیە لە دراما‌دا، لەوانەشە یەکێک بڵێ شێرکۆ (دەمەتەقێ) –حوار– ی بەکار بردووە بۆ داستانەکە، لە وەڵامدا دەڵێین ـ دەمەتەقێ – تایبەت نییە بەدراما و داستانیش خۆی بێ دەمەتەقێ نابێ.

بۆ نووسینی درامای شیعری، شێرکۆ وەکو شاعیرێکی ناسراو و خاوەن ئەزموون لە بوارەکانی دیکەی شیعردا، هیوای زۆرتری لێ دەکرێ، لە چاو ئەو درامانووسانەی کە سەرەتا بەپەخشان دەنووسن و دوایی دەس دەدەنە نووسینی درامای شیعری، چونکە شاعیرێک ئاسانتر فێری دراما نووسین دەبێ تا ئەوەی کە درامانووسێک فێری شیعر گوتن ببێ، کە ڕەنگە هەر نەکردەنیش بێ. بینەریش لە بەرهەمی شاعیرێکی ناسراو زۆرتر دڵنیایە تا شاعیری نەناسراو.

شاعیریش نابێ تەنها بۆ ڕازیکردنی ئەو بینەرانەی کە حەز لە بینینی دراما و، لە تەکیشیدا گوێگرتن لە شیعر دەکەن، دراما بەشیعر بنووسێ، ناشبێ هەر بۆ جوانی، یا هەر لەبەرئەوەی توانای بەسەردا دەشکێ دراما بەشیعر بنووسێتەوە. هەست و سۆزی ڕوون و ئاشکرای مرۆڤ بەرامبەر بەڕووداوێکی دیاریکراو پێویست دەکا بەپەخشان بنووسرێتەوە. بەڵام جاری واش هەیە ئەو هەست و سۆزە ئەوەندە ئاڵۆز و نادیارە کە مرۆڤ بەو ڕوونی و ئاشکراییە بۆی نایە بەسووک و ئاسانی دەری بخات، ئەو کاتە ئەوجا شیعر پێویست دەبێ، بوون و، نەبوونی شیعر دەبێ – دراما – کە پێویستی بکات، نەک ڕازیکردنی بینەر و، جوانکردن و، دەسەڵات و توانای





شیعریی شاعیرەکە، وەک ئەمەی کە شێرکۆ کردوویەتی.

شیعر و پەخشان لەسەر شانۆدا جیاوازییان ئەوەیە، ئەگینا هەردووکیان هەر بەڕێگای دەربڕینی دراما دادەنرێن، لەبەرئەوەشە کە نابێ ئەوەندە زەق بن کە سەرنجی بینەر لەبەر جوانی یا ناشیرینی، ڕابکێشن، چونکە ئەو کاتە دەبێ وەک دوو شتی جیاواز تەماشای دراماکە و زمانی نووسینەوەی دراماکە بکات، بەو شێوەیەش بیری لە بەسەرهات و کەسەکان دەبڕێ. یا بەشێوەیەکی دیکە دەتوانین بڵێین دروست نییە (پەخشان یا شیعر) کە ڕێگای دەربڕین – لە دراما‌دا – جێی دراماکە خۆی بگرنەوە لە سەرنجڕاکێشانی بینەردا. هەروەها دروستیش نییە درامانووس، داڕشتنی بەسەرهات و وێنەکێشانی کەسایەتییەکان بکاتە قوربانی زمانی دراما، ئیتر ئەگەر شیعر بێ یا پەخشان. ت. س. ئەلیوت لە بارەی درامایەکی شیعری خۆیەوە کە (شاوشوکور بوونەوەی خێزانەکە)یە دەڵێ:

(هەرچەند لەم دراما‌یە ورد دەبمەوە ئەوەم بۆ ڕوون دەبێتەوە کە بایەخدانی زۆرم بەهۆنراوەکەی بووەتە هۆی کەمی بایەخدانم بەگرێ و کەسایەتییەکان).[٧] (گرێ و کەسایەتییەکان)ی (کاوەی ئاسنگەر) و (ئاسک)یش بەهەمان دەردی پشتگوێ خستن براون. شێرکۆ لە نووسینی درامای شیعریدا پتر لەوەی هەڵبگرێ پشت بەتوانای شیعر دەبەستێ، بۆیە بایەخی پێویست بەداڕشتنی بەسەرهات و وێنەکێشانی کەسایەتییەکان نادات.

لە (ئاسک)دا سۆز و پەژارە و، ویست و ئارەزووی، کەسایەتییەکان – ئەویش لە چاو کەسایەتییەکانی (کاوەی ئاسنگەر) – بەگوێرەی پلەی کۆمەڵایەتی و، تەمەن و، بەرژەوەندی تایبەتی، لە بەرچاو گیراون، کردەوە و، قسە و، بیرکردنەوەیان لە یەکەوە نزیکن، بۆیە تاڕادەیەکیش هەست بەبوون و پێویستی بوونیشیان دەکرێ، بەڵام بۆ کەسایەتییەکانی (کاوەی ئاسنگەر)

جگە لەوەی پێشتر وتمان دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی بیانکەین بەم بەشانەوە:

هەندێکیان وەک (زێمری و زاماوا و هەرسێ کاسە سەرەکە و هەرسێ ڕێبوارەکە و تارمایی هەرسێ مردووەکە و مردووە ڕێبوارەکە) لە تابلۆی یەکەم و دووەمدا و، (کاردا و کارون و مادیا)ش لە سەرەتای تابلۆی چوارەمەوە تا دەرکەوتنی کاوە لە هەمان تابلۆدا، مەبەست لە بوونیان تەنها دەرخستنی زوڵم و زۆری ئەژدەهاک و ڕوونکردنەوەی بارودۆخ و دامەزراندنی چوارچێوەی گشتی بەسەرهاتەکەیە:

وەک:

(کاسە سەری یەکەم: مێشکم دەرخواردی مارەکەی نەوسنی ئەژدەهاک درا

زێمری: ئەمیش وەکو هەزارەها بێ تاوان بوو).. (کاوە.. ل ٥٨)

(کاسە سەری دووەم و سێیەم بەیەک دەنگ).

کوڕی کاوەین

حەوت برا بووین

پێکەوە زنجیر کرابووین.

شەشمان بۆ مار بووین بەخۆراک)... (کاوە.. ل ٥٩)

یا وەک:

(مردووی ڕێبوار: خۆمانین، پێرێ شەو هاتووم تازە مردووم

تارمایی مردووی یەکەم: بەخێرهاتی، دنیا چۆنە

مردووی ڕێبوار: دنیا چۆن بێ، قڕوقاتی).... (کاوە... ل ٦٧)

یا وەک ئەم دەمەتەقێیەی نێوان مادیا و کاردا و کارون لە سەرەتای تابلۆی چوارەمدا:





(مادیا: ئاهەنگی چی

کاردا: ئاهەنگی چی

کارون: کۆڕی ناو زەماوەنگی چی

دەمی قلیشی سەرزەوی

وەکو دەمی.. ئێمە وشکە

گیانی تینوو

درەخت مردوو

لە جێگەی بەر، لق و پۆپی

وشکەوە بوو

تینوویێتی و برسێتی ئەگرێ)... (کاوە.. ل ٧٨)

هەندێکی دیکەشیان وەکو (مادیا و کارون و کاردا) لە دوای دەرکەوتنی کاوەوە لە تابلۆی چوارەم، وەک کاردۆخ و پشتکۆ لە دەرکەوتنیانەوە مەبەست لە بوونیان، دەم داپشکنینی کاوەیە بۆ ئەوەی بینەر بەشێوەیەکی دیکە لە نەخشە و پلان و بارودۆخ ئاگادار بکرێتەوە.

کارون، ئەی ئەو بەهەشتەی تۆ ئەیڵێی

چۆن پێی بگەین؟

کاردۆخ: پشتمان کێیە؟

مادیا: چیمان پێیە؟

کاردا: قۆناغ کوێیە؟ (کاوەی ئاسنگەر.. ل ٩٢)

ئینجا ئیتر کاوە شان لە قسەکردن قایم دەکا و یەکە یەکە وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە و، بەو شێوەیەش بینەر لە هەڵوێستی گشتی و هەندێ لایەنی کەسایەتی ئەو کەسانەش، ئاگادار دەکرێتەوە.

جگە لە دەم داپشکنین، (کۆردۆ و پشتکۆ و کاردا) لە ڕێی

ئاگادارکردنەوەی –کاوە ـ وە، بینەریش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەو ڕووداوانە ئاگادار دەکەنەوە کە لە دەرەوەی شانۆدا ڕوو دەدەن.

وەک: (گوردۆ دێتە ژوورەوە)

گوردۆ: بابەشوانی ئاژەڵەکان.

بەڕێوەیە هات بۆ لاتان

کاوە: هەر خۆیەتی؟

گوردۆ: بەتاقی تەنیا، خۆیەتی)... (کاوە ل ١٢٧)

یا وەک ئەوەی (پشتکۆ) کە هەواڵی گرتنی گوردۆ بۆ کاوە دێنێ

(پشتکۆ هاوڕێی گوردۆ بەپرتاو خۆی ئەکات بەژووردا)

پشتکۆ: ئاگام لێ بوو

سێ چوار سەربازی ئەژدەهاک

گوردۆیان گرت)... (کاوە... ل ١٧٧)

(سارای ژنی کاوەش – دایکی – شەش کوڕی کوژراوە و تاقە ئافرەتە کە دێتە سەر شانۆ، ڕۆڵەکەی ئەوەندە لاوەکییە، ئەگەر نەشبوایە، یا ئێستاش ئەگەر لاببرێ کەس هەست بەنەبوونی ناکات، ئەرکەکەشی هەر ئەوەندەیە بچێتە سەر گڵگۆ و گۆڕی کوڕەکانی و، بەخێرهاتنی میوانەکان بکا و، نان و دۆیان بۆ دابنێ.

کەسەکانی دەوروپشتی ئەژدەهاکیش هەر لە بابەتی کەسەکانی دەوروپشتی کاوەن – ئەرکیان ئاگادارکردنەوەی بینەرە – بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ – لەو ڕووداوانەی کە لە دەرەوەی شانۆدا ڕوو دەدەن، بەڵام ئەمان زۆرتر ئەژدەهاک خۆی دەمیان دادەپشکنێ.

وەک:

(ئەژدەهاک: لە لای گۆتۆ، دەنگوباسی





چەتە و یاخیی

ناو شاخەکان چۆن چۆنییە

هەواڵ چییە؟!) (کاوە.. ل ١٤٣)

یا وەک ئەوەی کە لە (لۆلۆ) دەپرسێ:

دەنگوباسی لای تۆ چییە؟) (کاوە... ل ١٥٤)

بەڵام پاسەوانەکان خۆیان پەیتا پەیتا دێنە ژوورەوە بۆ لای ئەژدەهاک و، لە مەدحێکدا کە لە شێوەی زەم داڕێژراون ورد و درشت لە ڕووداوەکانی ئاگادار دەکەنەوە. وەک (دوو پاسەوانەکە دێنە ژوورەوە و ئەنوشتێنەوە)

(یەکەمیان: گەورەم.. ڕەش و ڕووتی برسیی

وەک گەڵای دار لێ کوژران

دووەمیان: گەورەم.. زۆرن.. بێ شومارن

وەک شێت هاری پەلامارن

سڵ ناکەنەوە لە مردن).. (کاوە.. ل ١٩٥)

دواییش (سەربازێکی لەش خوێناوی بەشپرزەییەوە خۆی ئەکا بەژووردا)

(پاسەوان: ئومێد نەما.. وا قەڵا و کۆشک

بۆ یاخیبوو هاتنە سەرچۆک)... (کاوە.. ل ٢٢١)

وەک دەبینین ئەرکی سەرەکی (کەسایەتییەکان، ڕاپۆرت) کاری و دەنگوباس هێنان و بردنە، ئەمەش هەتا بڵێی دوورە لە ڕۆڵی درامی ڕەسەنەوە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە ڕووداوەکان زۆربەی زۆریان لە دەرەوەی شانۆدا ڕوو دەدەن، درامانووس ناچار بووە لە شێوەی دەنگوباسدا بەهۆی ئەو کەسایەتییانەوە بیانهێنێتە سەر شانۆ، کەسەکان خۆیان ڕۆڵێکی کاریگەر نابینن لە دروستکردنی بەسەرهاتەکاندا، تەمەنیان، هەست و سۆزیان، بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان و، زۆر شتی دیکەش لە

(کەسایەتی)یان پشتگوێ خراوە، کاوە نەبێت ئەویش تا ڕادەیەک بایەخ بەپیشاندانی هۆی هەڵوێستەکەی دراوە، بەڵام بەپێچەوانەوە وەک پێشتر گوتمان بایەخ بەباری دەروونی ئەژدەهاک و ڕوونکردنەوەی – کردار –ەکانی دراوە، بۆیە دەتوانم بڵێم ڕوونترین و بەهێزترین کەسایەتییە لە دراماکەدا. وەکو ئەوەکانی دیکە هەر دەمێک نییە (درامانووس) قسەی لێوە بکات، بەڵکو کەسایەتییەکی سەربەخۆیە و بەگوێرەی باری دەروونی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی گفتار و ڕەفتار دەکا و، دەجووڵێتەوە.

لە بواری داڕشتنی بەسەرهاتی درامیدا، شێرکۆ زۆر کەم دەسەڵاتە و، زۆرتریش هەوڵ دەدا ئەم کەم دەسەڵاتییە بە(شیعر) بپژێرێتەوە.

لە (کاوەی ئاسنگەر)دا بەسەرهاتێکی مێژوویی دەکاتە بابەتی دراماکە، ئەمەی چاک کردووە، چونکە تا ئێستا هەرچەندە هەوڵێکی زۆر دراوە و ئەدرێ بۆ ئەوەی ژیانی هاوچەرخیش بکرێتە سەرچاوەیەک بۆ بابەتی درامای شیعری، بەڵام هێشتاش هەر بەسەرهاتی (مێژوویی و ئەفسانەیی) زۆرتر باون، چونکە بینەر تا ئێستا دەمەتەقێی شیعریی کەسانی مێژوویی و ئەفسانەی لە لا پەسەندتر و، لە گیان خۆشترە.

بەڵام وەک ئەوەی کردووە، نەشیکردووە، یا دەتوانم بڵێم لەبەر سەرقاڵبوونی بەنووسینی (پێشەکییەکەیەوە) کە چوار تابلۆی بردووە، ئیتر بواری نەماوە بپرژێتە سەر پەرەپێدانی بەسەرهاتە مێژووییەکە، تا بتوانێ لە شێوەی بەسەرهاتێکی درامیدا دایبڕێژێتەوە. لە تابلۆی پێنجەمیشەوە تا کۆتای تابلۆی هەشتەم بەنیازی دوورخستنەوەی (تابلۆی کۆتای) و، درێژەپێدانی بێ سوودی بەسەرهاتەکە، پتر پەنا دەباتەوە بەر توانای شیعری لەو شوێن و هەڵوێستانەدا کە توانای درامی لە بن دێت.

وەک لەبەر خۆوە دوانەکەی ئەژدەهاک و دەمەتەقێکەی لەگەڵ تارمایی مردندا، کە سەرتاسەری تابلۆی پێنجەم دەگرێتەوە و، دەتوانین بڵێین تەنها





لە ڕوخساردا درامییە ئەویش لەبەرئەوەی لە ڕێی دەمەتەقێوە دەردەبڕێ، ئەگینا ئیتر هیچ سیفەتێکی دیکەی درامای تێدا نییە، چونکە نابێتە هۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی مرۆڤانە و، هەرچییەک ڕوو دەدا هەر لە ناخی پاڵەوانەکەدا ڕوو دەدا و، بەشێوەی ترس، یا پەشیمانبوونەوە، یا هەر کێشەیەکی دیکەی دەروونی بێ، جێ بۆ خۆی دەکاتەوە و، سەرهەڵدەدا، واتە نابێتە کردەوە.

بۆیە زیاتر بۆ بابەتی شیعر لەبارترە، تا بابەتی دراما، هەر لەبەرئەوەشە، ئەژدەهاک بەپێچەوانەی ویستی شێرکۆشەوە، وەک فەیلەسووفێک دەڕوانێتە مەسەلەی مردن کە کێشەیەکی مرۆڤایەتی گشتییە و، وەکو مرۆڤێکی هەست ناسک، یا ڕاستتر بڵێم وەکو (شاعیرێک) بیری لێ دەکاتەوە و، لە بارەیەوە دەدوێ.

(ئەژدەهاک: دڵم.. لە لێدان ئەکەوێ
گوێم کپ ئەبێ.. هیچ نابیستم
نە قسەی خۆش، نە سۆز و ساز
نە گۆرانی کچی دەنگخۆش
نە دەنگوباس
نە خوڕەی ئاو، نە خوێندنی
باڵندەی چیا و دارستان
نە پێکەنینی.. شۆخی جوان
هیچ نابیستم.. هیچ نابیستم
کاتێ مردم) (کاوە.. ل ١٠٢)

ئەگینا زۆرداری و خوێنڕێژییەکەی ئەژدەهاک لە کوێ و ئەو قسە و هەستە ناسکەی لە کوێ؟ ئەمەش ناتەواوییەکی دیکەیە لە وێنەکێشانی کەسایەتییەکاندا، چونکە دەبێ قسە و هەست و بیرکردنەوەیان لەگەڵ

کردەوەکانیاندا بگونجێ، جگە لەوەی تابلۆکەش بەگشتی لە خزمەتی پەرەپێدان و پێشخستی بەسەرهاتەکەدا نییە و هەروا لەخۆڕایی خراوەتە سەری.

دەمەتەقێی هاوەڵەکانی کاوە و، قسەکانی خۆی لە سەرەتای تابلۆی شەشەمدا و، دەمەتەقێکەی کاوە و پشتکۆ و، پیاهەڵدانی چەکوشەکە و قەسەمنامەکەی کۆتایی تابلۆی هەشتەم و، لەبەرخۆوە دوانەکەی پشتکۆ لە سەرەتای تابلۆکەدا، گشتی لەو چەشنەن و، بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی بەسەرهاتە دراميیەکەیە.

دەمەتەقێکان، ئەوەندەی لە (وتاردان) دەچن ئەوەندە لە دەمەتەقێ ناکەن، قسەکان ئەوەندە گشتین کە گیانی دراميیان لەبەردا نەمێنێ و هەر کەسێک بیانڵێت وەک یەک وابێ. هەندێ جاریش دەکرێ وەکو پارچە شیعرێکی نیشتمانی لە گشت بیرەوەرییە نیشتمانی و نەتەوایەتییەکاندا بخوێنرێنەوە، بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکرێ کە لە درامایەکدا دەمەتەقێ بوونە، وەک قەسەمنامەکەی کۆتای تابلۆی هەشتەم.

بەپێچەوانەشەوە جاری وا هەیە، لەبەرئەوەی شیعرەکە تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بە(خۆیەتی) کەسەکەوە هەیە کە دەیڵێ، دەبینین – کردارە درامییەکە – پەک دەخا و، ڕای دەگرێ، لە کاتێکدا دەمەتەقێی درامی پێویستە بەردەوام بەسەرهاتەکە بەرەو پێش بەرێ. وەک ئەو لەبەرخۆوە دوانەی پشتکۆ کە وتنی پێویست بەحاڵەتێکی دەروونی نزیک لە بووڕانەوە دەکات لەسەر شانۆ، لەبەر قەبەیی شیعرەکە، کە دەتوانم بڵێم زیاتر بۆ بابەتی گۆرانی دەست دەدا، نەک دەمەتەقێ:

(پشتکۆ: لەگەڵ دڵی شێت و وێڵما
هەردە و دۆڵ و لووتکە نەما
نەیپێوم و پیا نەگەڕێم





تا دەوەن و دارێ نەما
نەمناسن و نەزانن کێم
هەتا ئەژنۆم شل بوو گەڕام
تا سنوورێک، خەیاڵ ئەیدی
گەڕام.. ڕۆشتم
بەڵام ئەنجام.. نەگەیشتم..
بەو دنیایەی کە من ویستم) (کاوە.. ل ١٦١)

دەمەتەقێ لە درامادا نە قسەی ئاسایی نێوان دوو کەسە و، نە وتارە و، نەش خولاندنەوە و دەردی دڵ هەڵڕشتن، بەڵکو بەشێکی کاریگەر و پێویستە لە بەسەرهاتەکە و، دەبێ بەبەردەوام بەرەو پێشی بەرێ و، لە ئەنجام نزیکی بخاتەوە. ئەمە جگە لەوەی کە جاری واش هەیە ئەگەر پێویست بکات بۆ جێکردنەوەی دێرە شیعرێکی (پێشتر) ئامادەکراو و لە لای خۆ پەسەند، شێرکۆ بەسەرهاتەکە ڕادەگرێ و دیمەنێکی لاوەکی دێنێتە پێشەوە کە نەبوونی هیچ لە بەسەرهاتەکە ناگۆڕێ.

وەک دیمەنی سێ ڕێبوارەکەی کە لە تابلۆی یەکەمدا بەسەر (زێمری و زاماوا)دا تێدەپەڕن، کە بەمەبەستی دەمکردنەوەی (زێمری) ڕێکخراوە بۆ ئەوەی بتوانێ بڵێ:

(زێمری: (بەگاڵتە پێکردنەوە)
درۆی گەورەیان کردووە
ئەژدەهاک زرپ و زیندوو
مار چوار سەری زیاد کردووە) (کاوە... ل ٦٢)

یا وەکو دیمەنی دروستکردنی (چەکوش)ەکە و چۆنێتی پێداهەڵدانەکەشی لە تابلۆی هەشتەمدا کە هەر بۆ ئەوەیە کاوە دوایی بڵێ:

یان چەکوشێک ئەبێت، ناوی

ئەچێتە ناو، ناوی زیندوو
پشت لە دوای پشت بۆ شانازی
باسی ئەکەن ئەوەی هاتوو
یان ئەوەتا ئەمیش ناوی
کوێرەوەبووی مێژوو.. ئەبێ
ون و مردوو!) (کاوە.. ل ١٧٠)

ئەگینا خۆ ناشێ دوکانی ئاسنگەرییەکەی کاوە پێشتر چەکوشی تێدا نەبووبێ، بەسەرهاتەکە دەڵێ کاوە ئەژدەهاکی بەچەکوش کوشتووە، بەڵام خۆ مەرجیش نییە ئەژدەهاک بەچەکوشێکی تایبەتی نەبێ نەکوژرێ.

لە شوێنێکی دیکەشدا شێرکۆ دەڵێت:

(کاوە بەچەکوشەکەی کە هەر لە سەرەتاوە بەدەستی چەپ هەڵی گرتووە هەڵ ئەکوتێتە سەر ئەژدەهاک و مێشکی ئەپرژێنێ).
(کاوە.. ل ٢٢٦)

لێرەشدا دەس هەڵبەستییەکی دیکە بەدەردەکەوێ کە بەمەبەستی دەرخستنی گرنگی – بەچی کوشتن و ـ بەکام – دەست کوشتنی ئەژدەهاک ڕێک خراوە، ئەگینا بۆ دەبێ کاوە خەڵکی دیکە بەشیر و، بەدەستی ڕاست بکوژێ و، لە ناو ئەو هەموو شەڕوشۆڕ و بگرە و بەردەیەدا هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەتایبەتی چەکوشێک بەدەستی چەپ بۆ کوشتنی ئەژدەهاک هەڵبگرێ؟

لە بارەی ڕووداوەکانی (کاوەی ئاسنگەر) و کەسایەتییەکانیشەوە، پێشتر زۆرمان گوت، هێشتا (سەرەتا)کەشی ماوە پێویست بەباسکردن دەکا، کە لە شوێنێکی دیکەدا وەکو خاڵێکی هاوبەش لەگەڵ باسکردنی (سەرەتای) بەسەرهاتی (ئاسک)دا لێیان دەدوێین، بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویست بەوتن دەکا ئەوەیە کە نابێ ئەم کەموکوڕییانە بگێڕینەوە بۆ سروشتی تایبەتی





بابەتەکە کە لە مێژووەوە وەرگیراوە و، مێژووش وەکو ـ ڕاستییەک ـ هەر ئەوەندە بواری داهێنان دەدات.

ڕاستی مێژوویی و داهێنانی ئەدەبی، ڕێگای یەکتری ناگرن، چونکە مێژوو دیوی دەرەوەی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، ئەدەبیش دیوی ناوەوەی، یا دەتوانین بەشێوەیەکی دیکە، بڵێین، ڕووداوەکان (چۆن ڕوویان داوە) مێژوو ئاوایان دەگێڕێتەوە، بەڵام هەرچی ئەدەبەکەیە ئەوا ڕووداوەکان (چۆن پێویستە) یا (چۆن لەوانەیە) ڕوویان دابێ ئاوایان دەگێڕێتەوە، مێژوو و دراما بەمە لەیەک جیا دەکرێنەوە، لەم جیاوازییەشدا دەرفەتی داهێنان بۆ درامانووس هەڵدەکەوێ، ئەگەر بتوانێ شتێک دابهێنێ، بەڵام شێرکۆ ڕووداوەکان وەک لە مێژوودا باس کراون واتا (چۆن ڕوویان داوە) هەر وا بەکاری بردوون، ئەوەی ئەویش خستوویەتییە سەر، تەنها بۆ خەریککردن و دوورخستنەوەی ئەنجامە زانراوەکەی بەسەرهاتەکەیە.

بەڵام لە (ئاسک)دا بەشێوەیەکی تر مامەڵە لە تەک بەسەرهاتەکەدا دەکا، کۆمەڵێک ڕووداو لە کەسێک دەئاڵێنێ بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکیان لە نێواندا هەبێ، ئەوەی نەبێ کە بەسەر یەک کەسدا هاتوون، ڕووداوێکیان، دڵدارییەکەی پیرۆت و خاوەرە و، ئەوی دیکەشیان تەرەبوون و عاسیبوونی ئاسکە موبارەک و بەدەنگەوە چوونەکەی پیرۆتە بۆ ڕزگارکردنی، ڕووداوی دووەم کە دێتە پێشەوە، دەبێتە هۆی ڕاگرتنی ڕووداوی یەکەم.

ئەم جۆرە بەسەرهاتانەش پتر بۆ یادداشت و سەرگوزشتە دەست دەدەن، تا چیرۆکی درامی، کۆکردنەوە و لەیەک ئاڵاندنی ئەو ڕووداوانەی کە بەسەر کەسێکدا یا چەند کەسێکدا دێن، یا گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی کە کەسێک یا چەند کەسێک دەبنە هۆی ڕوودانیان، نابێتە هەوێنی درامایەکی سەرکەوتوو.

بەسەرهاتی درامی دەبێت بەسەرهاتێکی تەواو و سەربەخۆ بێ، سەرەتا و، ناوەڕاست و، کۆتایی هەبێ، بەشەکان – وەکو گیانلەبەرێکی زیندوو –

ئەوەندە پەیوەندییان بەیەکەوە هەبێ کە ئەگەر جێی بەشێکیان گۆڕا یا لە بەسەرهاتەکە دەرکرا، ئیتر هەموو بەسەرهاتەکە بگۆڕێ، یا هەر بەجارێ پەکیشی بکەوێ و، هیچ بەشێکیشی بەتەنها و سەربەخۆ و بەبێ بوونی بەشەکانی دیکە، نەتوانێ مەبەستێک ئەنجام بدات.

بەڵام شێرکۆ نە لە (کاوەی ئاسنگەر)دا و نە لە (ئاسک)یشدا ئەم ڕاستییە ڕەچاو ناکات، بۆ نموونە دەڵێم ئەگینا حاڵەتی دیکەش زۆرن، دەڵێم چی لە بەسەرهات و سەرجەمی هەردوو دراماکە دەگۆڕێ ئەگەر (تابلۆی پێنجەم)مان لە (کاوەی ئاسنگەر) و (تابلۆی سێیەم) و (دیمەنی دووەمی تابلۆی چوارەم کە دەمەتەقێکەی نێوان باپیر و هەردوو منداڵەکەیە) لە (ئاسک) دەرکرد؟ یا چ پرسیارێک لە لای بینەر بێ وەڵام دەمێنێتەوە، لە بارەی بەسەرهاتەکەوە، تا هەست بەنەبوون، یا دەرکردن و قرتاندنی ئەو تابلۆیانە بکات؟!

دەمەتەقێیەک، ڕستەیەک، وشەیەک بەڵێ.. تەنانەت وشەیەکیش زۆرە بخرێتە سەر درامایەک، ئەگەر (پێویستییەکی) درامی پڕ نەکاتەوە، چ جای تابلۆیەک، یا ڕووداوێک؟ بەتایبەتی ڕووداوێکی کتوپڕ، بێتە پێشەوە و ڕووداوەکەی سەرەتا لە ـ کار ـ بخات وەک ئەم حاڵەتەی کە لە (ئاسک)دا دێتە پێشەوە. ئەو بەسەرهاتە درامیيانەشی کە پتر لە ڕووداوێکیان تێدایە، دەبێ یەکێکیان سەرەکی بێ و ئەوەکەی یا ئەوەکانی دیکەی لاوەکی بن، بوونیشیان دەبێ یا بۆ ڕوونکردنەوە، یا بۆ بەرەوپێش بردنی ڕووداوە سەرەکییەکە بێ، نەک پەکخستنی، شێرکۆ جگە لەوەی بەو ڕووداوە کتوپڕە، ڕووداوی دڵدارییەکەی پیرۆت و خاوەر پەک دەخا و دەیکاتە – پێشەکییەک – بۆ دەرخستنی بارودۆخی سەرهەڵدانی ڕووداوی ئاسکە مووبارەک و پیرۆت، لە کۆتایی پێ هێنانی ئەم ڕووداوەشیاندا لاڕێیەکی قەدبڕ و، تاقی نەکراوەی سەیر دەگرێ و لە شوێنێکدا دەیبڕێتەوە کە کەس پەی بەئەنجامەکە نەبات.





(دەرهێنەر: ئا بەمجۆرە.. شانۆگەری
(ئاسک)تان دی و، ئا بەو جۆرەش
کۆتایی هات..
گەر ئەپرسن
منیش وەک ئێوە نازانم
پیرۆت ئاسکە موبارەکی.. بۆ داگیرا؟
گەڕایەوە؟ چی بەسەرهات؟
لەگەڵ خاوەر بەیەکتری شاد بوونەوە؟
یاخود لە ملەی بەرزەوە
بەرەو خەرەند، هەڵدێرا و کەوتە خوارەوە؟
منیش وەک ئێوە نازانم)  (ئاسک.. ل ٨٩)

ڕێی تێدەچێ شێرکۆ ویستبێتی لاسایی (برێخت) و لاسایکەرەوەکانی (برێخت) بکاتەوە لەوەی کە بینەر ناچاری بیرکردنەوە بکات، بەڵام بەهەڵەدا چووە، بینەر تاوانی چییە بەو تۆپەڵە پرسیارە ئاڵۆزکاوەوە لە شانۆ بچێتە دەرەوە؟

ئەو نووسەرانەی ئەنجام ساغ ناکەنەوە هەروا لە خۆڕایی بینەر، یا خوێنەر تووشی سەرەخولێ ناکەن، بەڵکو ڕێگایەکی هەر بۆ بەجێ دەهێڵن با کوێرە ڕێگایەکیش بێت، بۆ ئەوەی پەی بەو ئەنجامە بەرێ کە نووسەرەکە خۆی دایناوە، ئەوەش بەوە دەبێ کە هەموو لایەکی لێ ببڕێتەوە و، هەرچی بواری (ئەگەر و لەوانەیە) هەیە لێی بگرێ و، بەسەرهاتەکە بگەیەنێتە هەڵوێستێکی ئەوتۆ کە ئیتر هەر ئەو لێکدانەوەیە هەڵبگرێ کە نووسەرەکە خۆی مەبەستێتی، ئەمەی شێرکۆ کردوویەتی کتومت وەکو ئەوە وایە لە کاتی تەماشاکردنی فیلمێکدا، بەتایبەتی لەو شوێنەیدا کە دەگاتە –گرێ–ی بەسەرهاتەکە کارەبا ببڕن و بڵێن بەسە ئیتر خۆتان مەزەندە لە

ئەنجامەکەی بدەن، هەم مێشکتان کار دەکا و دەمەزەرد دەبێ، هەم کارەباش کەمتر خەرج دەکرێ.

(گرێ) لە چیرۆکدا – ئیتر ئەگەر درامی بێ یا نا، ئەوەیان گرنگ نییە – بەو شوێنە دەوترێ، کە هەموو هێزە ناکۆکەکانی چیرۆکەکە، ئەوەندە تەرازوو و، هاوشان و، یەکسان دەبنەوە کە ئیتر بینەر یا خوێنەر، نەتوانێ مەزەندە لە پاشماوە و، ئەنجامی بەسەرهاتەکە بدات. شێرکۆ ئا لەوێدا دەسبەرداری دراماکەی دەبێ و، لەو شوێنەدا بەسەرهاتەکە ڕادەگرێ و ناهێڵێ بەرێڕەوی خۆیدا بڕوا و، بەلایەکدا ساغ بێتەوە، ئەمەش دەرچوونێکی دیکەیە لە دەستووری دراما نووسین، بەسەرهاتی درامی دەبێ سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییشی هەبێ.

لەوانەشە شێرکۆ بەپشتیوانی – زانیاری بینەری ئەم سەردەمەوە – بەسەرهاتەکە لەوێدا ببڕێ، وەک ئەوەی بڵێ (ئیتر خۆتان دەزانن چی دەبێ)، بەڵام ئەی پاش گۆڕان و بەسەرچوونی ئەم سەردەمە؟ یان ئەگەر بەرهەمەکە وەرگێڕدرایە سەر زمانێکی دیکە؟ یا وەک تر بڵێم ئەی ئەگەر کات و شوێن و بینەرەکان هەموو گۆڕان؟!

ئەو کاتە بڵێی شێرکۆ بەوە ڕازی بێت بەرهەمەکەی بخرێتە خانەی ئەدەبی (عبث)یەتەوە؟ ئەگەر بەوەش ڕازی نەبێت، ئەوا خۆ دەبێ دان بە(نسبیە)تی بەرهەمەکەیدا بنێ، کە ئەمەش دوور لە ئەدەبی ڕەسەنە.

ئەمانەش لەوێ بوەستن، وەک ئەرستۆ دەڵێ: (شاعیر دەبێ بەسەرهاتی دراماکەی وا دابڕێژێ کە ئەنجامدانی کاری نەکردەنیش لە بەرچاو ئاسان بکات. چونکە هەمیشە ئاسانکردنەوەی کاری نەکردەنی چاکتر بووە لەوەی کاری کردنی بە(نەکردەنی) پیشان بدرێ).[٨]

کەچی بەپێچەوانەوە، شێرکۆ لە (ئاسک)دا هەوڵ دەدا کارێکی تارادەیەک گران، بەکارێکی نەکردەنی پیشان بدات، خۆشی هەستی پێ دەکا کە





خوێنەر یا بینەر، لە دڵەوە باوەڕ بەبونی لووتکەی وەک ترۆپکی ڕەوەزی قەڵەڕەش نایەنن، کە دەستەمۆکردنی لە کێش و توانای مرۆڤ بەدەر بێ، بەپێچەوانەی ئەنجامی ئەو کێشەیەوە کە مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا دیوێتی و تیایشیدا بەسەرکەوتوو دەرچووە، بۆیە ئەوەندەش هەوڵی جێکردنەوەی ئەو مەسەلەیە دەدا و، بەوەش هەتا بێ گومانی دەخاتە سەر، شێرکۆ بۆ ڕەواندنەوەی ئەو گومانە پێشبینیکراوەی خوێنەر، کەسەکان بەچاکیان و خراپیانەوە دەکاتە شایەتی (عاسێتی) ترۆپکی ڕەوەزی قەڵەڕەش وەک:

(وسوو: لە هەر جێ گیر بووایە و،
ترۆپکی ڕەوەزی قەڵەڕەش نەبووایە
هەر ئەوێ نەبووایە)  (ئاسک ل٤٩)

(کوێخا: هەوڵێکی بۆ ئەدرا
هەر ئەوێ نەبووایە)  (ئاسک.. ل ٥٠)

(سوارە: لە کوێی تر گیر بووایە و هەر ئەوێ نەبووایە)
(ئاسک.. ل٥٢)

کەچی شێرکۆ هێشتا دڵی ئاو ناخواتەوە و، تا ڕادەی قسەکردن بۆ منداڵ، سەختی ترۆپکی ڕەوەزەکە و، چۆنیەتی گیرخواردنی ئاسکە موبارەک ڕوون دەکاتەوە و، لە دیمەنێکدا کە بریتییە لە دەمەتەقێیەکی درێژی دەس هەڵبەستی نێوان (باپیر)، کە بەتەمەنترین پیاوی گوندەکەیە، لەگەڵ دوو کوڕەزاکەی خۆیدا، کە (مەمەند و زۆراب)ن، کە لێرەدا تەنها ئەم دەمەتەقێیانەی لێ هەڵدەبژێرین، دەڵێ:

(باپیر: ترۆپکی ڕەوەزی وا هەیە
وەک سەری قەڵەڕەش
ئەیگەنێ.. بەڵام بۆ هاتنەوە

ناتوانن بێنەوە.

زۆراب: ئاخر بۆ باپیرە؟!

باپیر: کوڕەکەم.. باوکەکەم لەم سەریان

کە ئەچن بەقەدەر یەک جێ سم

ڕێ هەیە پیا ئەڕۆن

لەو سەریان کە ڕەوەز تەواو بوو

بواری تیا نەما وەرچەرخێن، بسووڕێن

ئەوساکە.. گیر ئەخۆن

مەمەند: ئەی باشە باپیرە لە ترسا

وا ئەدا لە باڕژن

ئەترسێ؟!

باپیر: ئا کوڕم ئەترسێ و هاوارمان بۆ دێنێ!

زۆراب: چی ئەڵێ؟!

باپیر: بانگ ئەکا

لەم جێیەم قورتار کەن) (ئاسک.. ل ٥٤-٥٨)

ئینجاش لە دیمەنێکی دیکەی هەمان تابلۆدا - کە هەموو بۆ ساغکردنەوەی سەختی ڕەوەزی قەلەڕەش تەرخان کرا سوارە و کوێخا و پیرۆت و وسوو دیسانەوە مەسەلەکە تاوتوێ دەکەنەوە تا دەگاتە ئەوەی وسوو بڵێ:

(وسوو: گوێ بگرن:

دڵنیام کەس نییە.. بگاتە ترۆپکی ڕەوەزی قەلەڕەش) (ئاسک.. ل ٦٤)

دوای ئەوە ئینجا وردە وردە نەخشەیەکی دیکە بۆ ڕزگارکردنی ئاسکە موبارەک ڕوون دەکاتەوە، بەڵام هەر خۆشی دەڵێ:





(ئەمەشیان هەروەها ئاسان و سووک نییە

گرانە و زۆر گران). (ئاسک.. ل ٦٤)

ئەوەندەی من بۆی دەچم، شێرکۆ مەبەستی ئەوە نەبووە مەسەلەکە بەسەر (عەبەس)یەتدا بەرێ، بەڵکو هەر ئەوەندەی دەوێ کە کارەکە بگاتە ڕادەی کاری مەزن، بەڵام شتەکەی لە دەست شکاوە و، لە سنوور دەرچووە. جگە لەو خاڵە تایبەتییانەش - بەرهەمەکان هەردووکیان - یا دەتوانم بڵێم تێکڕای درامای شیعری لە لای شێرکۆ بێکەس هەندێ سەرنجی دیکەش هەڵدەگرێ وەک:

(یەکەم: شێرکۆ لە نووسینی (دیمەنی سەرەتا)دا زۆر درەنگ ئاخێزە و، لە هەردوو درامای شیعرییەکەیدا بەچوار تابلۆ ئەوجا دێتە دەست و، بۆی دەکرێ چوارچێوەی گشتی بەسەرهاتەکە دابڕێژێ، چوار تابلۆش بۆ ئەم مەبەستە یەکجار زۆرە.

- ئەلیوت - لە بارەی ئەو شانۆگەرییەی خۆیەوە، کە پێشتریش باسمان کرد دەڵێ:

(پیشاندانی هەڵوێست، واتە چوارچێوەی گشتی، کاتێکی زۆری لە کاتی دیاریکراوی درامانووس لە دەست کردمەوە تا ئەو ڕادەیەی کە ئیتر نەکاتم بەدەستەوە ما و، نە توانیشم کەرەسەی پێویستی پەرەپێدان و پێشخستنی بەسەرهاتەکە پێکەوە بنێم).

ئنجا لەسەر قسەکەی خۆی دەڕوا و دەڵێ:

(بەشێوەیەکی گشتی دەتوانم وای دابنێم کە لە پێشدا (تابلۆی یەکەمێکی) باشم نووسی بەڵام زۆر درێژ بوو، کە بۆ جاری دووەم پەردە لادەبرایەوە، بینەران وا چاوەڕوان بوون کە شتێک ڕوو بدات، هەقی خۆشیان بوو، بەڵام وا دەرنەئەچوو، بەڵکو تووشی هەوڵێکی تازەی داڕشتنی چوارچێوەی گشتی

بەسەرهاتەكە دەبوونەوە، یا دەتوانم بەشێوەیەكی دیكە بیڵێم، ڕووبەڕووی شتێك دەبوونەوە، كە ئەگەر ڕووبەڕووبوونەوەی پێویست بووایە – دەبووایە لە تابلۆی یەكەمدا ڕووبەڕووی ببوونایەتەوە..)[٩]

جا ئەگەر ئەلیوت بۆ دوو تابلۆ ئەوەندە گازەندە لە خۆی و بەرهەمەكەی بكات، ئەی دەبێ بۆ چوار تابلۆكەی شێركۆ چی بوترێ؟

ئەم مەسەلەیە لە لای شێركۆ دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ، یەكێكیان كەمی ئەو مادەیەیە، كە لە مێژوو، یا لە ئەفسانەكەوە وەری گرتووە، هەروەها كەمی ئەو مادە داهێنراوەشە كە خۆی خستوویەتییە سەری.

هۆیەكەی دیكەشیان –كە ئەمەیان گرنگترە بەلای منەوە– ئەوەیە كە شێركۆ جیاوازی لە نێوان (سەرەتا)ی چیرۆكی درامیی و چیرۆكی ئاساییدا ناكات.

چیرۆكی ئاسایی (سەرەتاكەی) بنبڕ ناكرێ بڵێی ئیتر هیچی دیكەی لە پێشەوە نایە و با لێرەوە دەست پێ بكەم، بەڵكو هەتا پێدا بگەڕێیتەوە هەر شتێكت دێتە پێش كە پەیوەندی بەبەسەرهاتەكەوە هەبێ، بۆیە ئەم جۆرە چیرۆكانە بۆ ڕۆمان و جۆرەكانی دیكەی چیرۆك نووسین زیاتر لەبارن، هەر لەبەرئەوەشە چیرۆكنووس بواری هەڵبژاردنی خاڵی سەرەتای زیاترە لە چاو درامانووس.

بەڵام لە چیرۆكی درامیدا (سەرەتا) پلەیەكە لە پلەكانی دەسپێكی بەسەرهاتەكە و، نابێ سەرەتایەكی دیكەی لە پێشەوە هەبێ، سەرەتای بەسەرهاتی درامی (پیشاندان و لێكۆڵینەوەی) بارودۆخی سەرهەڵدانی بەسەرهاتەكە نییە، وەكو شێركۆ بۆی چووە، بەكورتی دەتوانین بڵێین بەسەرهاتی درامی لە خاڵێكەوە دەست پێ دەكا كە ئیتر هیچی دیكەی لە پێشەوە نەبێ و، لەگەڵ لابردنی پەردەشدا دەست پێ دەكات، لە هەمان كاتی ڕوودانیشیدا، لەسەر شانۆوە پیشان دەدرێتەوە و ئیتر پێویست بەپێشەكی





و لێكۆڵینەوە ناكات، بەڵام پێویستە شتێك بەدوایدا بێت.

بۆ دۆزینەوە و دەستنیشانكردنی (بەسەرهاتێك)ێكیش كە ئەو مەرجەی تێدا بێ، ئەگەر بشێ (خراپ تێگەیشتن) لە جێی (المفارقە)ی عەرەبی بەكار ببەین، ئەوا دەتوانین بڵێین، بەسەرهاتی درامی ئەو بەسەرهاتەیە كە لە (خراپ تێگەیشتنەوە) سەرهەڵدەدا، چۆن؟

(خراپ تێگەیشتن) وەك دڵەڕاوكێكەی پیرۆت، كە هەر لە خۆیەوە دڵی لە كوێخا كرمێ بووە و، هەر لەخۆڕایی مەترسی بەئەنجام نەگەیشتنی دڵدارییەكەی خۆی و خاوەر دای گرتووە، بەبێ ئەوەی جارێ ماوەی دیاریكراوی شوانییەكەی بەجێ گەیاندبێ، یا بەبێ ئەوەی كەسێكی دیكە پەیدا بووبێ خۆی لە خاوەر نزیك بكاتەوە، یا كوێخا ڕووی بداتێ و، لە ماڵ و منداڵ نزیكی بكاتەوە و مەترسی دڵگۆڕینی (خاوەر)یش لە گۆڕێدا نییە، بەكورتی بەبێ ئەوەی هۆیەكی (مەنتیقی) هەبێ، واتە بەبێ ئەوەی بەڵگە، یا ئاماژەیەكی بەدەستەوە هەبێ، پیرۆت مەترسی لە ئەنجامی دڵدارییەكەی خۆی و، خاوەر دەكا. ئەم (خراپ تێگەیشتنە) ئەگەر درامانووس، ئاوا پشتگوێی نەخستایە و، بەگوێرەی پێویست لەسەری بڕۆیشتایە، وەك ئەوەی پیرۆت خاوەری هەڵبگرتایە، یا كوێخای لە ناو ببردایە، یا هەر كارێكی دیكەی بۆ دڵنیاكردنی خۆی بكردایە و، دواییش (خراپ تێگەیشتنەكەی) خۆی بۆ ئاشكرا بووایە، ئەوجا پڕ بەپێستی پێناسەی (سەرەتا)ی بەسەرهاتی درامی دەبوو.

لە سەرەتادا پیرۆت ئاوا دڵەڕاوكێیەكەی خۆی دەردەبڕێ:

(پیرۆت: چوار ساڵ.. چوار ساڵ.. چۆن تەواو بێ
ئەی كێ ئەڵێ تەواویش بێ
ئەو ئەمداتێ) (ئاسك.. ل ٩)

مام وسووش ئاوا بێ ڕێ و جێیەكەی دەردەخا:

وسوو: لەسەر خوا تۆ جارێ
هێشتاکە.. لە کوێیە
سێ ساڵیت بڕیوە و چواری تر هەر ڕێتە
تا دەگاتە ئەوەی کە دەڵێ:
بەڵام تۆش هێشتاکە هەرەتی لاویتە و
خۆ مادەم خاوەریش دڵی خۆی بەپاکیی
پێ داوی..
کێی ترە.. گاسنی بتوانێ.. دڵی ئەو بکێڵێ!) (ئاسک.. ل ١٤)

کوێخا خۆشی لە بەڵێنەکەی پەشیمان نییە، بەڵام ئەویش مافی خۆیەتی کە داوای بەجێ گەیاندنی هەموو (بەڵێنەکە) لە پیرۆت بکات، لەوەشدا کەس گلەیی لێ ناکا چونکە هەردوو (گفتیان) لەسەر داوە.

(کوێخا: لە بەڵێنم پەشیمان نیم
بەڵام من هەر زوو وتوومە
ئەبێ ئەویش شوانکارییەکەی وەها بکات
من ڕازی کا.
جارێ هێشتا ئەویش چوار ساڵ
ڕێی لەبەرە و.. خوا ئەزانێ چیمان لێ دێ) (ئاسک.. ل ٢٣)

کوێخا مردن و نەمانی پیرۆتی ناوێ، تەنانەت لە (ڕۆیشتنەکەی) پیرۆتیش ناڕازییە و هەرچەندە سووریش دەزانێ ڕێگاکەی ڕێی هات و نەهاتە، کەچی هانی نادات بۆ ڕۆیشتن و، بەتوندیش بەرامبەر پێشنیارەکەی (وسوو) دەوەستێتەوە و دەڵێ:

(کوێخا لە ڕێی خوا.. مام وسوو.. چی ئەڵێی
بۆ خەڵک بەکوشت چێ) (ئاسک.. ل ٦٥)





لە دوای ڕۆیشتنەکەشی هەر بەداخە بۆی.

(کوێخا: خوا غەزەب لە بەندەی خۆی بگرێ
وای لێ دێ..
شێت بووە.. ئەگینا کەس بووە
شاڵاو بۆ ترۆپکی ڕەوزی
وا بەرێ
بەڕێگەی مردنیا مل بنێ) (ئاسک.. ل ٨٠)

کوێخاژنیش ئەگەرچی دڵ دەگۆڕێ، بەڵام لەبەرئەوەی کەسی دیکەی نەداوەتە چاو لە جێی پیرۆت و، دڵ گۆڕینەکەشی دوای لە دەست دەرچوونەکەی پیرۆت بووە، بۆیە خەمەکەشی، وەکو دایکێک بەتەنگ منداڵی خۆیەوە بێت، لەبەرچاو دەگیرێ.

(کوێخاژن: بەدەنگێکی نزم)
سەرباقی گشت داخێ
ناوی ئەم کچەشمان.. وا زڕا.. بەووە
ئەمەشیان داخێکە
سەرباقی گشت داخێ) (ئاسک.. ل ٨١)

وەک دەبینین هەموو شت لە بارە بۆ بەرهەمهێنانی درامایەکی شیعریی ڕەسەن لە (ئاسک)دا، بەڵام ڕووداوی تەرەبوون و عاسیبوونی ئاسکە موبارەک، وەکو میوانێکی ناوەخت، دێت و هەموو نەخشەکە دەگۆڕێ، من خۆم دراماکەم لەسەر شانۆ دیت، ئەو کاتەش هەر بەو هەستەوە لە شانۆکە چوومە دەرەوە لە دوای تەواوبوونی.

دووەم: شێرکۆ لە (کاوەی ئاسنگەر) و لە (ئاسک)یشدا بۆ پڕکردنەوەی کون و کەلەبەری بەسەرهاتەکان، کەسانێک بەکار دەبا کە دەتوانین بڵێین

ڕاهاتووین ناوی کەسایەتییان لێ بنێین، ئەگینا کەسی تەواو نین وەک:

کاسە سەر و، تارمایی مردن و، تارمایی مردوو و، مردووی ڕێبوار و، کۆمەڵانی خەڵک و، جارچی و، میللەت و، مار و شێر لە (کاوەی ئاسنگەر)دا و، وەک: کۆرسی سەرەکی و، تاک لە ناو کۆرسی سەرەکی و، کۆرسی منداڵان و، دەرهێنەر و، حیکایەت خوان و، کۆمەڵە خەڵک و، دەنگی یەکەم و دووەم و ئاسک، لە ناو (ئاسک)دا.

کە هەموویان ڕوو و سیفاتی کەسایەتی تەواویان نییە، بۆیە کێشانە و پێوانەیەکی ئەوتۆش بەدەستەوە نییە بۆ هەڵسەنگاندنی کردار و، هەست و سۆز و، گفتاریان، لە لایەکی دیکەشەوە ئاشکرایە شیعر نووسین بۆ کەسانی لەم بابەتە، ئاسانترە لە نووسینی (دەمەتەقێ) بۆ کەسایەتی ڕاستەقینە، ئەم جۆرە کەسایەتییانە ناکرێ لە دراما بەیەکجاری دوور بخرێنەوە، بەڵام زۆر بەکار بردنیشیان کارێکی دروست نییە، چونکە جگە لەوەی لایەنی (خەیاڵ) بەهێزتر دەکەن لە درامادا، لە کاتی دەرهێنانیشدا دەبنە هۆی سەرئێشە و کەموکوڕی بۆ دەرهێنەر، زۆر جاریش بۆی نالوێ وەکو پێویست بیانخاتە سەر شانۆ، بۆیە ناچار دەبێ دەستکاری دەقی دراماکە بکات.

جگە لەوە، لە هەردوو دراماکەدا شێرکۆ پەنا دەباتە بەر (خەو و خەوبینین)، وەک خەوەکەی ئەژدەهاک، لە (کاوەی ئاسنگەر) و، خەوەکەی پیرۆت لە (ئاسک)دا، بۆ پێشبینیکردنی داهاتوو، ئەمەش ڕێگایەکی کۆنە بۆ بەکاربردنی (خەو) و لێکدانەوەی (خەو)یش بەو جۆرە زانستی تازە ڕەتی دەکاتەوە، با بابەتەکانیش کۆن بن و هی ئەم سەردەمەش نەبن، بەڵام وەک شێرکۆ خۆی لە پێشەکییەکەی (کاوەی ئاسنگەر)دا دەڵێ دەبێ جۆری لێکدانەوە و زمانی قسەکردن (لێکدانەوەی زمانی ئەم سەدەیە بن)، هەروەها دەبێ ئەوەش بڵێین کە (خەو) خۆی لە خۆیدا سیفەتی درامی تێدا نییە، ئەگەر نەبێتە هۆی گۆڕان و بەرەوپێش بردنی بەسەرهات، وەک ئەوەی، کە





پاڵەوان بەهۆی (خەوێک)ـەوە، بەخۆیدا بچێتەوە و، واز لە هەڵوێستێکی بێنێ و هەڵوێستێکی دیکە بنوێنێ، واتە کردار و ڕەفتاری خۆی بگۆڕێ.

هەروەها بەکاربردن و نووسینی (خەو)یش ئەوەندە ئاسان نییە لە درامادا، درامانووسێک ئەگەر بشێ بڵێین بەتەنگ (واقیعیەتی) خەوەوە بێت و نەهێڵێ وەک خۆمان لە کوردەواریدا دەڵێین ببیتە (زیندەخەو).

سێیەم: کێشی شیعرەکانی (کاوەی ئاسنگەر) وەک شێرکۆ خۆشی دەڵێ چوار بڕگەیی و چوار + چوارە، بەڵام لە (ئاسک)دا جاری وا هەیە کێشی چوار بڕگەیی و چوار + چوار بەکار دەبا وەک:

(پیرۆت: خوێنی ئەکەمە کاسەوە
چۆنی نادا؟!) (ئاسک.. ل ٩)

جاری واش هەیە کێشی سێ بڕگەیی و، سێ + سێ بەکار دەبا، وەک:

(وسوو: پیرۆت گیان: نازانی
ئیش و کار هێندە زۆرە
لە بن دێ). (ئاسک.. ل ١١)

جاری واش هەیە هەردوو کێشەکە بەتێکەڵکردنیان بەکار دەبا، وەک:

(پیرۆت: مەلای دێ
ئەو دنیا دیتەیە
ڕاست ئەکا.. پێم ئەڵێ
کوڕم ئارام
ئارامی (ئەیوب)ت هەبێ
قوربان تۆ.. هەر ئەڵێی.. ئارامی (ئەیوب) و
پێم ناڵێی... کام ئەیوب؟! لە کوێ؟!) (ئاسک.. ل ١١)

ئەم کێش گۆڕین و دوو کێش بەکاربردنەش لە یەک دەمەتەقێدا لە جێی

خۆیدا نییە و، (ئەکتەر) شپرزە دەکا و، پتر لە پێویست سەرنجی بینەر ڕادەکێشێ، چونکە (ئیقاعی) قسەکردنەکە دەگۆڕێ و بەرامبەر بەوە دەبێ حاڵەتی ئەکتەرەکە و، سیمای ڕوخساریشی بگۆڕێ، لە کاتێکدا ئیقاعی قسەکردن لە درامادا بەشێکە لە کەسایەتی و، دروست نییە ئاوا بەبێ هۆکار ئیقاعی قسەکردنی کەسەکان بگۆڕدرێن.

بەهەرحاڵ شێرکۆ هەوڵی خۆی داوە و لەم بوارەی دراماشدا خۆی تاقی کردۆتەوە، بەڵام لەو باوەڕەدا نیم سەرکەوتنی تێدا بەدەست بێنێ، بەڵکو هەروەکو شاعیرێکی داهێنەر دەمێنێتەوە و دەناسرێ تا دراماانووسێکی شیعریی، چونکە ئەقڵیەتی چیرۆکنووس و دراماانووس ئەقڵیەتی شیکارییە و، شێرکۆیش خاوەنی ئەقڵیەتێکی شاعیرانەی کۆکەرەوەیە، نەک ئەقڵیەتێکی شیکاریی درامی.

پەراوێزەکان:

١- نظرية الانواع الادبية، ترجمة د. حسن عون، الاسكندرية ١٩٧٨، ص٢٩٥.
٢- شێرکۆ بێکەس، کەژاوەی گریان، ل.. ٧٥ تا ٧٧.
٣- د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی دووەم، زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٩، ل ٣٤.
٤- اريك بنتلي، المسرح الحديث، ترجمة محمد عزيز رفعت، مراجعة احمد رشدي صالح، الجزء الاول والثاني، بيروت، ص ١٢٠.
٥- المصدر السابق، ص (١١٨).
٦- المصدر السابق، ص (١٢٣).
٧- ت. س. اليوت، مقالات في النقد الادبي، ترجمة الدكتورة لطيفة الزيات، دار الحرية للطباعة، القاهرة، ص (١٠٧).
٨- د. رشاد رشدي، نظرية الدراما من ارسطو الى الان، دار العودة، بيروت، طبعة ثانية، ص ٤٩.
٩- المصدر السابع، ص ١٠٩.





سەرچاوەکان:

١- د. رشاد رشدي، نظرية الدراما من ارسطو الى الان، دار العودة، بيروت، طبعة ثانية، ١٩٧٥.
٢- جورج لوكاش، الرواية كملحمة بورجوازية، ترجمة جورج طرابيشي، دار الطليعة، بيروت، الطبعة الاولى، ١٩٧٩.
٣- جورج لوكاش، الرواية التاريخية، ترجمة الدكتور صالح جواد الكاظم، دار الطليعة، بيروت، ١٩٧٨.
٤- اريك بنتلي، الحياة في الدرامة، ترجمة جبرا ابراهيم جبرا، صيدا - بيروت، ١٩٦٨.
٥- اريك بنتلي، المسرح الحديث، ترجمة محمد عزيز رفعت، مراجعة احمد رشدي صالح، الجزء الاول والاجزء الثاني، بيروت.
٦- نظرية الانواع الادبية، ترجمة الدكتور حسن عون، ١٩٧٨.
٧- ارسطو طاليس، فن الشعر، ترجمة عبدالرحمن بدوي، بيروت ١٩٧٣.
٨- حسين رامز محمد رضا، الدراما بين النظرية و التطبيق، الطبعة الاولى ١٩٧٢.
٩- برتولد بريخت، نظرية المسرح الملحمي، ترجمة د. جميل نصيف، بيروت.
١٠- اوستن وارين ورينيه ويليك، نظرية الادب، ترجمة محى الدين صبحي، مراجعة الدكتور حسام الخطيب، ١٩٧٢.
١١- عدد من الباحثين السوفيت، نظرية الادب، الكتاب الثاني، ترجمة د. جميل نصيف التكريتي، ١٩٨٠.
١٢- د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی دووەم، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٧٩.
١٣- ئەحمەد سالار، دەروازەی دراما، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨١.

گۆڤاری نێرگز
چەپکی دووەم - ١٩٨٥

## لایەنە هونەرییەکانی نۆبەرەی شیعری - ئازاد - و بۆچوونێکی نوێ لە بارەی کێشی شیعری کوردییەوە

دەبوو ئەم باسە لەگەڵ دیوانەکەی (بۆنی ئەم خاکەت لێ دێ)ی ئازادا لە ١٩٨٥دا بڵاو بکرێتەوە، بەڵام پاش چوار ساڵ ئەم دەست و ئەو دەستکردنی دیوانەکە و بڕیار لەسەر دانی، لەبەر هەر هۆیەک بوو لە دیوانەکە جیا کرایەوە و چاپ نەکرا.

لەوسایشەوە لە ناو کتێبخانەکەمدا لە کەرکووک لێم بەجێ مابوو، تا دوای ئازادکردنی عێراق و کەرکووک بەتایبەتی، لە ١٩٨٥یشدا زۆر لە نووسەران بەدەسنووسی خوێندوویانەتەوە.

باوەڕ ناکەم نەتەوەیەکی دیکە هەبێ ئەوەندەی ئێمە لەگەڵ شیعری خۆیدا نامۆ بێ، سەرەڕای ئەوەی کە زمانەکەمان خۆی لە کۆمەڵە دوورگەیەکی دیالێکتی جیا جیا و گەورە و بچووک و دوور و نزیک پێکهاتووە و ئەدەبەکەشی مێژوویەکی تەنکی هەیە، لەو مێژووە کورتەشدا دوو کاژی فڕێ داوە.

جاری یەکەم نالی و شاگردەکانی پەردەیەکی ئەستووری دیالێکتی کرمانجی خواروویان بەسەر دیالێکتی گۆران - ی و بەرهەمەکانی مەولەوی و شاگردەکانیدا هێنا و، لە جاری دووەمیشدا شێخ نووری شێخ ساڵح و گۆرانیش دیوارێکی ئاگربڕی هەمیشەییان لە ڕووی قوتابخانەکەی نالی و شیعری کێش و وشە نامۆکاندا دروست کرد.

هەر جارەشی بنەمای تاقیکردنەوەیەکی نوێ دامەزرێنرایەوە و، تاقیکردنەوەیەکی کەڵەکەبووی چەند ساڵەش بەشێوەیەکی وا خرایە





کەنارەوە کە ناشێ شاعیرە لاوەکانی ئەمڕۆمان پێیدا بچنەوە یا هەر هیچ نەبێ وەکو شاعیرە لاوەکانی نەتەوەکانی دیکە کەڵکی لێ وەربگرن.

بۆیە پاش ئەوەی لە جاری دووەمدا دەرگای ئەدەبی جیهانی و نوێکاری لەسەر ئەدەبی کوردی خرایە سەرپشت، بەپێی یاساکانی پاڵەپەستۆ، ئەزموونە جیهانییەکان بەهەموو قوتابخانە و ڕێباز و گرفتەکانیانەوە، بەجارێک بەخوڕ ورووژمیان هێنا و تا ڕادەی ئەوەی ئینتلا بەشیعرەکەمان بکەن، ڕژانە ئەو بۆشاییەوە کە لە ئەنجامی دەرکردنی نالی و شوێن پێ هەڵگرەکانی لە مەیدانی شیعردا، دروست بوو، ئەوەبوو لە سەرەتای حەفتاکاندا سەرەتاکەی بەدەرکەوت و، لە ناوەڕاستیشیدا گەیشتە پۆپە، لەو باوەڕەشدام ئەو ماوەیە یەکجار کورتە بۆ گواستنەوەی تاقیکردنەوەیەکی نامۆی چەند سەدەیی هەڵکەوتووی بار و زرووفی مەوزووعی جیا جیا و جیاوازی ئەورووپا.

بۆیە لە دواییدا شاعیرە لاوەکانمان پەنایان بردە بەر زنجیرەیەکی لە بن نەهاتووی ئەزموون و ئەزموونکاری و، ئەمبەر و ئەوبەرکردن لە نێوان فۆرم و ناوەڕۆکدا، هەر جارەی بەگرانکردنی تای یەکێکیان لەسەر حیسابی ئەوی دیکەیان، سەرئەنجامیش بەبەدەستهێنانی شانازی دەستپێکەریکردن لە گواستنەوەی هەندێ وردە بوار و شێوەی هونەری لاوەکی، لە ئەدەبی بێگانەوە بۆ ئەدەبەکەمان، دڵیان داهێنا و، ئێستاش بازاڕی قسە و مشتومڕ و گەرمەکۆڕی بۆ دەگێڕن، وەک بڵێی ئەو دەستپێشکەرییانە ئەوەندە بنەڕەتی و، مەزن بن بتوانن لە خۆیاندا جێی شیعری مەزن و، گواستەرەوەکانیشیان جێی شاعیری ڕەسەنی پێ بگرنەوە و لە داهاتووی دووری شیعری کوردیدا جێی خۆیانی پێ خۆش بکەن.

لە دوای (١٩٧٥)ـەوە کە تاقیکردنەوەکە ئەو کەف و کوڵەی جارانی نەما و، سەرچاوەکەی لە کورتی دا و، وردە وردە خاو بووەوە و پەنگی خواردەوە،

ئیتر ئەزموون و ئەزموونکاری و وشەی فوودراو، ڕستەی زبر و، وشکە بیروباوەڕ و، شیعری فێرکردن و، هاندان و دروشم ئاسا بەجارێک لە دڵی داین و هەستی ئەدەبی بردین و، ئاسۆی بەربڵاوی شیعری وا لێ هێنایەنەوە یەک، کە ئیتر لە چەند مەبەستێکی دیاریکراو و چەند کێشێکی دیاریکراو پتر، هیچی دیکەی بەبەرەوە نەمێنێ.

ئەمەش بێگومان وا لە شاعیرە لاوەکانی دوای لافاوەکە دەکات، لەسەر خۆیان بەو ناوچانەدا بگەڕێنەوە کە کاتی –لافاوە–کە بەگورگە لۆقە تەی کراون، یا هەر کەس گوزەریشی بەلایاندا نەکردووە. بۆیە دروست نییە چاوەڕوانی دۆزینەوەی مەزن و گواستنەوەی قوتابخانە و ڕێبازی ئەدەبی نوێیان لێ بکەین و، بەو کێشانە و، پێوانەیە تاقیکردنەوەکانیان هەڵسەنگێنین، خوێنەری کوردیش ئیتر وەک جاران سەرکوێر نییە پەی بەو کارە – میکانیکییە – نەبات کە خوێندنەوەی چەند سەرچاوەیەک ئاسانی دەکا، باوەڕیشم وایە ئیتر هەر بەوەندە دڵ داناهێنێ لە خوێندنەوەی دیوانە شیعرێک و نایکا بەپێوانەی شاعیری سەرکەوتوو و، ناسەرکەوتوو.

شاعیرە لاوەکانی – دوای حەفتاکان – زۆرتر خۆناسینەوە و ڕەسەنایەتییان لێ چاوەڕوانی دەکرێ.

خەمە شیرین و، خەوە ڕۆمانسییەکانی – ئازادیی ـ تاقیکردنەوەکانی سەرەتای پەیدابوونی قوتابخانەی ڕۆمانسی ئەوروپاییمان بیر دەخەنەوە، ئەوسای کە هێشتا دەستی شاعیرە – نارەسەنەکان – نەیگەیشتبووێ بیلەوتێنن. بەمەش ناوچەیەکی گرنگی دابڕاوی بەپیت خرایە سەر سنووری جوگرافی وڵاتی شیعر لە ئەدەبی کوردیماندا.

کەس نازانێ – ئازاد – لە کەیەوە شاعیرە، بەڵام لە ساڵی (١٩٧٨)ـەوەیە شیعر بڵاو دەکاتەوە، لەو کاتەشەوە تاوەکو ئێستا هەر ئەمەندەیمان لێ دیوە، لێ وردبوونەوەی چەندایەتی و چۆنیەتی –ئەمەندە–کەش وامان لێ





دەکا بڵێین – ئازاد – لەو شاعیرە لاوە کەمانەن کە زۆر دەخوێننەوە و، کەم دەنووسن و، کەمتریش بڵاو دەکەنەوە، بۆیە دەبێ سەرمان لە هەنگاوە گران و لەسەرخۆکانی هاتنە پێشەوەکەی سوور نەمێنێ و وەکو دەرکەوتنێکی کتوپڕ تەماشای نەکەین.

جیهانە شیعرییەکەی (ئازاد) لە دوو سەرچاوەی ڕەسەنی شیعرەوە سەرچاوە دەگرێ، قووڵی و ڕاستی تاقیکردنەوەکەی لە لایەک و، ڕاستگۆیی دەربڕینەکەی لە لایەکی دیکەوە، بۆیە ئەگەرچی مایکرو جیهانێکیشە بەڵام زۆربەی مەرجەکانی زیندوویی و بەردەوامبوونی تێدا بەدی دەکرێ.

لە ڕووی کەرەسەی هونەرییەوە – ئازاد – هەر ئەو کەرەسانەی بەکار بردووە کە شاعیرەکانی پێش خۆی بەکاریان بردووە، ئەگەرچی هەندێ سیفەتی تایبەتیشی داونەتێ، وەک درێژی دێر و ڕستە شیعرییەکانی کە هەندێ جار تەواوکردنی وێنە پێویستی دەکا وەک:

(کە تۆ گۆرانیم بۆ ئەڵێی: تاڵ.. تاڵ کەزیی هەوری دەنگت
ئەئاڵێنە قەد و باڵای ئەو درەختە ئەویندارەی،
وا لە قووڵایی دەروونما، لە سۆزی خۆیا ئەسووتێ و
دڵم ئەکا بەخۆڵەمێش..)... "خەمی شیرین"

هەندێ جاریش پڕکردنەوەی (کێش) ناچاری دەکا ڕستەکان بەئامرازی پەیوەندی لەیەک بدات و درێژە بەڕستەکە بدات و تا ڕادەی پڕکردنەوەی کێشەکە لەسەری بڕوات وەک:

(سۆزی چاوت کرد بەئاگری نەورۆز و
لەسەر هەموو لووتکەیەکیا داتگیرساند ـ و
مژدەی خۆشەویستیت دامێ..)... "ئاشتی"

(واو)ـەکانی کۆتایی دێری یەکەم و دووەم هەر ئەوەتان کێشەکە پڕ دەکەنەوە، دەنا وێنە و واتا پێویستیان ناکەن، زۆرریش بەگرانی

دەخوێندرێنەوە و بەزۆر خوێنەر پەلکێش دەکەن لەسەر خوێندنەوەکەی بڕوات لە کاتێکدا تەواوبوونی – واتا ـ ی ڕستەکان وەستانێکی کورت پێویست دەکەن، ئەگەرچی کێشەکەیش لەنگ دەبێ بەو وەستانە.

یەکە یەکەی وێنە شیعرییەکانیش ڕوون و سادە و ساکارن لە کاتی خوێندنەوەدا – دەڵێم لە کاتی خوێندنەوەدا – چونکە لەو باوەڕەدام لە کاتی – نووسین –دا ئاوا بەئاسانی خۆیان نەدەن بەدەستەوە، سیفەتێکی دیکەشیان هەیە ئەویش ئەوەیە کە کاتێک جیا جیا لێیان ورد دەبینەوە، هەست دەکەین کە ناتەواوییەکیان تێدایە، بەڵام لە دواییدا کە لە چوارچێوەی سەرجەمی هەڵبەستەکەدا، وردە وردە دەچنە سەر یەک، یەکتری تەواو دەکەن، بۆیە کە لە خوێندنەوەی هەڵبەستەکە دەبینەوە – هەست ـ بەکێشەی شاعیرەکە دەکەین. ئەمەش یەکێکە لە سیفەتە بنەڕەتییەکانی وێنەی شیعریی سەرکەوتوو، کە نەبوونی پێویستە کەلەبەرێک دروست بکا و، بەتەنها خۆیشی مەبەستێکی ئەوتۆ ئەنجام نەدات.

جگە لەوانەش ئێمە دەزانین کە شاعیرە نوێیەکانمان زۆربەی کات کەڵک لە هەستی بینین دەبینن و وێنەی بینراو – ڕەنگ ـ یا وەک تر بڵێم وێنەی – شوێن – دەکێشن کە هەندێک جاریش بەبێ ئاگایی لەو ڕێیە لادەدەن و هەستی بیستن بەکار دەبەن وێنەی – بیستراو – دەنگ – واتە کات، وێنە دەکێشن، بەڵام ئازاد لە پاڵ ئەوانەدا هەستی بۆنیش بەکار دەبا کە ئەمیش هەر پەیوەندی بەکاتەوە هەیە، ناشتوانم بڵێم ئەم یەکەم کەسە وای کردبێ، چونکە نموونەی ئەم مەبەستە نەک لە شیعری نوێماندا بەڵکو لە شیعری دێرینیشماندا زۆرە، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەم لە هەمووان پتر بەئاگادارییی و بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکاری دەبا.

(پرچت بۆنی دارستانی ئەو شاخ و داخانەی لێ دێ..
بۆنی پرچت وەکو پۆلە باڵندەیێ هەڵفڕین – و





لەسەر درەختە ئاشقەکەی سییەکانمدا هەڵنیشتن.
ئێستا هەردوو سییەکانم بۆنی ئەم خاکەیان لێ دێ.).. "ئاوازی گریانێکی مەنگ"

سەرنجی کاتی کردارەکان بدەین دەزانین چۆن وردەکارییەکی وشیارانەی لە بەکارهێنانیاندا بەخەرج داوە، – بۆن – ڕواڵەتێکی کاتییە، بۆیە یەکێتیی کاتیش پێویست دەکا لە نێوان کار و کاردانەوەدا، بەڵام هەندێک دیاردەی هونەری دیکە هەن لە شاعیرەکانی پێشووەوە بەجێ ماون و (ئازاد) وەک خۆیان پێیاندا دەڕوات وەک مەسەلەی بینای هونەری هەڵبەست.

بینای هونەری شیعرەکانی (ئازاد) جگە لەوەی زۆرجار لەسەر شێوەی کۆپلەی جیا جیادا دروست کراوە و، دوایی سەرجەم کۆپلەکان لەیەک دراون، هەندێ جاریش ئەو کۆپلانە یا سەرجەمی هەڵبەستێک لەسەر شێوەی (زنجیرەیی) بنیات دەنێ، بەتایبەتی لە هەڵبەستەکانی سەرەتادا. ئەم شێوە بنیاتنانەش تارادەیەکی زۆر یەکێتیی هەڵبەست لاواز دەکا، لە (ئاشق)دا دەڵێ:

١– نەمزانیوە چ هەتاوێکی ئاشقم
تا ئەو کاتەی،
لە ڕووباری چاوەکانتا بەسووتاویی خۆم دییەوە..

٢– نەمزانیوە دڵم ولاتی ئەوینە
تا ئەو کاتەی،
سۆزی چاوت کرد بەئاگری نەورۆز – و
لەسەر هەموو لووتکەیەک داتگیرساند ـ و
مژدەی خۆشەویستیت دامێ..

٣- نەمزانیوە لووتکەی جوانیت
سەری خستۆتە ئامێزی هەورە زۆر سپییەکانەوە،
تا ئەو کاتەی لە بناریا
چەپکە نێرگزی سۆزی گوڵدانی دڵم
لەبەر شنەی خۆشەویستیت.. کەوتە لەنجە

٤- نەمزانیوە بەهەشتی خوا
کڕنۆش ئەبا بۆ بەهەشتی کوردستانم!
تا ئەو کاتەی،
تیایدا ماچمان بوو بەگوڵ و.. خۆرەتاویش
قژی لە گەردنی ئالاند

لەم چوار وێنە سەرەکییەدا (ژمارەکان خۆم دامناوە) - چوار جار (نەمزانیوە.. تا ئەوکاتەی) بەکار بردووە وەک بنەمایەک بۆ دروستکردنی وێنەکان. دەیتوانی چەند جاری دیکەش ئەم (نەمزانیوە.. تا ئەو کاتەی)یەی دووبارە بکردایەتەوە و، کۆمەڵێک وێنەی دیکەی بخستایە سەر یەک، یا ئێستاش ئەگەر پاش و پێشیان بکات، یا چەندیان خۆی دەیەوێ لێیان دەربکات، مەبەستە گشتییەکە ناشێوێ و خوێنەریش هەستی پێ ناکات. کەواتە یەکێتیی هەڵبەستەکە ئەوەندە پتەو نییە زیاد و کەم هەڵنەگرێ، جگە لەوەش وەک دیتمان ئەم جۆرە هەڵبەستانەی ئاوا بنیات نراون - خۆیان - بەشێوەیەکی ئاسایی کۆتاییان نایە مەگەر شاعیر خۆی لە شوێنێکدا ڕایانگرێ، کورت و درێژی هەڵبەستیش سنوورێکی هەیە، بابەت و هەڵچوون و داچوونی ئەو سۆزەی کە تیایدا جێ کراوەتەوە، واتە تاوە سۆزەکە دیاری دەکات، کە چاکتر وایە زۆر بەوردی ڕەچاو بکرێ و شاعیر خۆی دەستێکی ئاشکرای نەبێ لە دیاریکردنیدا.





لە دواییدا - ئازد وردە وردە لەم جۆرە بنیاتنانە دوور دەکەوێتەوە و، هەندێک ڕەگەزی درامیی و چیرۆکئامێز بەکار دەبا لە هەڵبەستەکانیدا، بەڵام وەکو پێویست بۆی نەچووە و نەیتوانیوە بەتەواوەتی لەو شێوە بنیاتنانە خۆی بپارێزێ، وەک لەم هەڵبەستانەدا دەردەکەوێ "ئاه.. ستەمە دەس لێک بەردان و، ئەشقی باڵا و، گریان". چونکە جاری وا هەیە ئەگەر کۆپلەیەک بەتەنها بگرین، دەبینین - لە ناوەوە - دیسانەوە لەسەر ئەو شێوە زنجیرەییە ڕێکخراوەتەوە وەک ئەم کۆپلەیەی (گریان):

(کۆرس:
شیرین، کیژی نەورۆزی ئەو کەژانەیە..
منیش ئاگرێکی زێڕین،
شیرین، فریشتەی خواوەندە
.. منیش پێغەمبەری ئەوین،
شیرین، گوڵ و کانی و بەفر و دارستانە
.. منیش بنار،
شیرین، بەردە قارەمانە
.. منیش «شێخ مەحموود»ی زامدار.

دیاردەی دووەمیشیان - ڕاستەوخۆیی و ڕوونکردنەوەیە - بەبەکارهێنانی هەندێ ئامرازی وەک (چونکە و بۆیە و، یانی ..هتد) بۆ ڕوونکردنەوە و دیاریکردنی مەبەستی شاعیر لە ـ گوتە -کەی خۆی، وەک ئەوەی کە دەڵێ:

(وتم "فریشتەم، خۆش ئەوێ
چونکە لەگەڵ ئاوازی خۆری سبەیدا
سەما بۆ مەرگی شەو ئەکات
وتم "فریشتە" ماچ ئەکەم

توند توند لە باوەشمی ئەگرم

چونکە بۆنی ئەم خاکە پیرۆزەی لێ دێ!)... "ئەشقی بالا"

یا وەک:

(ئاشقی تۆم..

یانی: ئەشقت، دڵ و گیانێکی پیرۆزە

کراوەتە بەر ئەم جەستە لاوازەدا".

خۆشم ئەوێی..

یانی: دەروونم ئەوەندەی گەورەیی تۆ

بەرین بووە)... "شێت"

یا وەک ئەمەی کە لە (ئاوازی گریانێکی مەنگ)دا دەڵێ:

(هەناسەی ساردت هەڵ ئەمژم.. ئەی دڵەکەم!

بۆیە وا گۆمی سۆزی بناری دڵم.. هەموو شەوێ

لە ئاسۆی سووری چاوانما، دەبێتە هەوری گریان .. و

ناشتوێتەوە

جاری واش هەیە بەبێ بەکارهێنانی ئامرازێکی دیاریکراو، بەڕستەیەکی دیکە وێنەیەک یا چەند وێنەیەک ڕوون دەکاتەوە، وەک:

(تۆ لە لای من ئاسمانێکی زۆر بڵندی

ئاسمان، نە سەرەتای هەیە نە کۆتایی

ئەمەیە خۆشەویستی من.)... "بیرەوەرییەکانی دڵ"

بەکاربردنی ئەم (چونکە) و (یانی) و (بۆیە) و ئەو شێوە ڕوونکردنەوەیەی دوایی کە دەڵێ (ئەمەیە خۆشەویستی من)، ئەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە کە (ماکلیش) دەڵێ، پێکەوە دانانی دوو وێنە یا پتر دەبێتە هۆی دروستبوونی





و، دەبێتە سەرچاوەیەکی لە بن نەهاتووی وزەی سروش بەخشین لە شیعردا، بەوەی کە خوێنەر ناچار دەکا لە لای خۆیەوە بیر لە پڕکردنەوەی بکاتەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو شاعیرەکە خۆی ئەوەی بۆ کرد، وەک ئازاد کردوویەتی، ئەو کاتە خوێنەر ئەو بۆشاییەی لێ دەگیرێ کە مەودای ڕاستەقینەی هاوکاری و، هاوسۆزی شاعیر و خوێنەرەکەیەتی.

دیاردەی سێیەمیش دیاردەی – دووبارەکردنەوەیە ـ دووبارەکردنەوەی پیتێک، یا وشەیەک، یا ڕستەیەکی تەواو، یا ناتەواو لە سەرەتا، یا ناوەڕاست، یا کۆتایی دێرەکاندا، یا دووبارەکردنەوەیان، یا دووبارەکردنەوەی دێرە شیعرێک، یا کۆپلەیەکی تەواو لە سەرەتای، یا ناوەڕاستی، یا کۆتایی هەڵبەستێک، یا کۆپلەیەکدا، دیاردەیەکی باوی شیعری کوردی نوێمانە، جا لەبەرئەوەی زۆر جاریش بەوردی و لە کاتی پێویستدا بەکار نابرێ، بۆیە دەتوانم بڵێم بووەتە چاوگی ناتەواوییەکی زۆر لە بەرهەمی ئەم چەند ساڵەی دوایی شاعیرە لاوەکانماندا.

– ئازاد – لەم بوارەشدا شوێن پێی شاعیرەکانی پێش خۆی هەڵگرتووە، بەڵام بەشێوەیەکی بەرفراوانی ئەوتۆ کە دەشێ بڵێین کردوویەتی بەسیفەتێکی تایبەتی بۆ بەرهەمەکانی.

جاری وا هەیە وشەیەک لە (دێرێک)دا دووبارە دەکاتەوە کە سروشتی ڕۆنانی و بەکاربردنی وشەکە لە زمانەکەدا پێویستی دەکا و دەسەڵاتی شاعیری بەسەرەوە نییە وەک:

(هۆن.. هۆن و.. تاڵ.. تاڵ).

جاری واش هەیە لە دێرێکدا وشەیەک بۆ (تأکید) دووبارە دەکاتەوە کە تەواوکردنی واتا و چەسپاندنی مەبەست پێویستی دەکات وەک:

(توند.. توند) و (زۆر زۆرم خۆش ئەوێی..

کوشتوومت.. کوشتوو..) و (لەت لەت).

لە هەندێ دێری دیکەشدا وشەکە هەر بۆ پارسەنگدانەوەی کێش دووبارە دەکاتەوە دەنا پێویستییەکی دیکەی نییە، وەک ئەم (چی.. چی) و (ئاشقم.. ئاشقم.. ئاشق)ـەی لەم دێرانەدا دەیان بینین:

(دارستانی ئەو کێوانە نەبێ،
چی.. چی خۆشترە لەوەی سییەکانم پڕ بن لە بۆنی
گوڵاوی کەزییە و لاملی "شیرین".؟!)... "گریان"
(تا کرۆکی ئێسکەکانم ئاشقم.. ئاشقم.. ئاشق).. "ئازارەکانی ڤارتەر"

وابزانم یەکێک لە (چی.. چی) و یەکێک لە (ئاشق)ـەکان زیادە و لە کاتی خوێندنەوەدا وەکو گرێیەک هەستیان پێ دەکرێ، لەوەشی سەیرتر ئەوەیە کە دووبارەکردنەوەی (چی)یەکە کێشەکەشی لەنگ کردووە، چونکە دێرەکە (١٦) برگەیە، بەڵام دێرەکانی پاش و پێشی دە برگەن بەو پێیە دەبووایە ئەمیش لەو ناوەڕاستەدا، یا پێنج برگە، یا چەند جار دووبارەکردنەوەی پێنج برگەیی بووایە، بەڵام ئازاد کە وشەیەک یا ڕستەیەک یا ڕستەیەکی ناتەواو یا دێرە شیعرێکی تەواو لە سەرەتای دێرەکان یا کۆپلەکاندا دووبارە دەکاتەوە زۆربەی کات بۆ ڕێکخستنی مۆسیقای هەڵبەستەکە و، خۆلادان لە بەکارهێنانی وشەی نوێ دووبارەیان دەکاتەوە، وەک دەزانین ئەمەش مەبەستێکی ناپەسەندە و، ئەوەندەی خوێنەر بێزار دەکا و شیعر لاواز دەکا ئەوەندە بەهێزی ناکات.

وەک دووبارەکردنەوەی وشەی (ئەڕۆم) و (بەڵام) لەم دێرانەدا:

(ئەڕۆم..
بەڵام دڵم لە ناو کانی و تاشەبەرد و جەستەی تۆدا جێ دەهێڵم،
ئەڕۆم..
بەڵام لە بری گۆنای تۆ.. گۆنای خەم و ئازارەکانم ماچ





ئەکەم
ئەڕۆم..
بەڵام شەوم زۆر خۆش ئەوێ!
چونکە خاکی ئەندێشەی سەر بەسنووری بیرەوەرییە
شیرینەکانت ئەتەنێت
ئەڕۆم..
بەڵام عەشقت تا هەتایە نەک تەنها هەر سەر و دڵ و
هەردوو چاوم،
تا ڕۆحیشم دائەپاچێت..
ئەڕۆم..
بەڵام.. هەزار و یەک بەڵام)... "ئاخ.. ستەمە دەس لێک بەردان..

لە "گریان"یشدا ئەوە بوو دیتمان چۆن وشەی (شیرین) و (منیش) دووبارە دەکاتەوە، بەڵام لە (ئاشق)دا بەهەمان شێوە و بۆ هەمان مەبەست وشەی (نەمزانیوە) و ڕستەی ناتەواوی (تا ئەو کاتەی) دەخاتە بەرامبەر یەک و بەنۆرە هەر جارەی یەکێکیان لە سەرەتای دێرێکدا دووبارە دەکاتەوە.

هەندێ جاریش دێرە شیعرێکی تەواو دووبارە دەکاتەوە، وەک ئەوەی کە لە (ئاه.. ستەمە دەس لێک بەردان)دا دەڵێ:

(دوێ شەو خەوم پێتەوە دی،
گەڕایتەوە و -وەکو جاران- دەستت خستەوە نێو دەستم ماچم کردی!
دوێ شەو خەوم پێتەوە دی!
گەڕانەوەت خۆرێ سوور بوو..)

ئەم جۆرە دووبارەکردنەوەیە، وەک ڕێگا بۆ شاعیر خۆش دەکا چەند خۆی

ئارەزووی لێ بێ دێری دیکە بخاتە سەر شیعرەکەی، بەڵام بۆ خوێنەر دەبێتە هۆی وەڕسبوون و، وای لێ دەکا لەگەڵ وشە دووبارەکراوەکاندا ڕابێ و بەشێوەیەکی میکانیکی بەسەریاندا بڕوات و تەنانەت بیر لە واتاکانیشیان ببڕێت. بۆیە دەتوانم بڵێم – ئازاد – چاکی کردووە لە هەندێ جێی دیکەدا کە دێرەکە دووبارە دەکاتەوە وشەیەک یا چەند وشەیەک لە کۆتایی یا ناوەڕاستی دێرەکەدا دەگۆڕێ بەو جۆرەش خوێنەر ناچار دەکا بەهۆی وشە نوێیەکانەوە لەسەر دێرەکان بووەستێ و هەروا بەسەریاندا تێنەپەڕێت وەک ئەم نموونانە:

(هەندێ جار،
وا هەست ئەکەم بوویتە درەختێ)... "ئازارەکانی ڤارتەر"

بەڵام کە جاری دووەم دێرەکە دووبارە دەکاتەوە لەجیاتی (درەختێ) وشەی (ئاسمانێ) و لە جاری سێیەمیشدا (هەناسەم) دادەنێ لە کۆتایی دێرە دووبارەکراوەکاندا.

جاری واش هەیە وشەکە لە ناوەڕاستی دێرەکەدا دەگۆڕێ وەک:

(بەڵام ئەوەی دڵداری خۆی لە یاد ئەکات،
بەڵام ئەوەی یەزدانی خۆی لە یاد ئەکات،
تا هەتایە لە ناو دۆزەخی تەنیایی و پەشیمانیدا
ئەسووتێت).. "بیرەوەرییەکانی داڵ"

لەم دێرانەشدا لەجیاتی وشەیەک چەند وشەیەک لە ناوەڕاستی دێرە دووبارەکراوەکەدا دەگۆڕێ:

(زەوی.. ئاسمان.. گشت گەردوون..
هەتاوەکو ڕوخسارە خەمبارەکەمیان نەدی
هەتاوەکو دەروونە وێرانەکەمیان نەدی..)... "گریان"

هەرچی چۆنێک بێت – ئازاد – لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هەندێ جار لە





دووبارەکردنەوەدا وردەکاری و دەستڕەنگینی دەنوێنێ وەک ئەوەی کە لە کۆپلەی سێیەمی (سەمای ئاگر)دا دەڵێ:

(دە وەرەوە...
دە وەرەوە و خۆت بدەرە بەر ڕەهێڵەی
پڕشنگی خۆری شارەکەم
با مانگی چاوت گەشتر بێ

تا لە کۆتایی هەڵبەستەکەدا دیسانەوە دووجاری دیکە (دە وەرەوە) دووبارە دەکاتەوە کە دەڵێ:

(دە وەرەوە..
دە وەرەوە و چون ئاگرێکی باڵابەرزی کەڵەگەت
لەسەر سینەی کەژەکانا، سەما بکە ـ و
مژدەی نەورۆزم بۆ بێنە..).

گومانی تێدا نییە ئەم شێوەی – تکا – لێ کردنە، دووبارەکردنەوەکە زۆر پێویست دەکا و تکا لێکردنەکەش گەلێک کاریگەرتر دەکا.

لە (بیرەوەرییەکانی داڵ)یشدا دەڵێ:

(تەمەنی من چیایەکی کەڵەگەتە،
نە شینایی تیایە، نە بەرد، نە توولەڕێ، نە دارستان،
نە کانیاو و گوڵاڵەی زۆر..
نە ئەستێرەی گەشی تیایە، نە هەوری شەنگ،
نە پەلەوەری ڕەنگاوڕەنگ، نە مانگ، نە خۆر..)

شاعیر لەم دێرانەدا (دە) جار (نە)ی دووبارە کردووەتەوە، دەشیتوانی هەردوو جاری دووبارە بکاتەوە و ئەو دوایی وشەکانی بەئامرازێکی پەیوەندی وەک (و) بە دەم یەکەوە بدات، بەڵام دیارە ئەو کاتە (نەفی)کردنەکە

چەند لاواز دەبوو و، ڕستە درێژەکان چەند خوێنەریان بێزار دەکرد، بۆیە دەشێ بڵێین دووبارەکردنەوە هەندێ جار پێویستە و زۆریش پێویستە، بۆ مەبەستی پتەوکردنی کارتێکردنی هەڵبەست، بەڵام گرنگ دۆزینەوە و دروستکردنی هەڵوێستی وایە کە دووبارەکردنەوە نەکات بەبارگرانی.

هەرچی چۆنێکیش بێت دیاردەی – دووبارەکردنەوە – لە شیعرەکانی – ئازاد –دا بێ یا لە شیعری ئەو دوایی شاعیرە کوردەکاندا بێت، زۆر لەوە زۆرتری دەوێ کە من لێرەدا باسم کرد.

وەکو زۆربەی ئەو دوایی بەرهەمی شاعیرە لاوەکان و بگرە سەرجەمی شیعری کوردی – کێشی – چوار بڕگەیی و چەند جار دووبارەکردنەوەی ڕووبەرێکی زۆری شیعرەکانی – ئازاد –یشی گرتووەتەوە، (سەمای ئاگر) و (ئاشق) و (خەمی شیرین) و (ئەشقی بالا) و (بیرەوەرییەکانی دال) کە دەکەنە نیوەی سەرجەمی هەڵبەستەکانی، سەرپاک بەو کێشە نووسراون، کەچی یەک هەڵبەستی دیکەی نییە سەرپاک بەکێشێکی دیکە نووسرابێ و دوایی لەگەڵ کێشی چوار بڕگەییدا تێکەڵ نەکرابێتەوە و چوار بڕگەییەکەش زاڵتر نەبێ، لە پێنج کۆپلەی (ئاه.. ستەمە دەس لێک بەردان)دا کێشی چوار بڕگەیی بەکار بردووە، بەڵام لە کۆپلەی شەشەمدا، ئەویش ئەگەر لەوەی گەڕێین کە وشەی (ئەڕۆم) دەکا نیوەی چوار ئەتوانین بڵێین ئەم کۆپلانەی بەکێشی دوو بڕگەیی و چەند جارە دووبارەکردنەوەی نووسیوە – چونکە هەر (ئەڕۆم)ـکە نەبێ دەشێ ئەو دوایی دێرەکان دیسانەوە چوار چوار بڕگە بڕگە بکەینەوە.

لە (ئاوازی گریانێکی مەنگ) و (شێت) و (گریان) و (ئازارەکانی ڤارتەر)دا، لە هەر هەڵبەستێکیاندا پتر لە کێشێک بەکار دەبا، ئینجا جاری وا هەیە هەر کۆپلەیەک بەکێشێکی جیاواز دەنووسێ وەک ئەوەی کە لە (ئازارێکی مەنگ)دا بەدی دەکەین و لە (ئازارەکانی ڤارتەر)یشدا دووبارەی کردووەتەوە.





(ئاوازی گریانێکی مەنگ) سەرەتاکەی چوار بڕگەییە و، کۆپلەی یەکەم پێنجە و، کۆپلەی دووەم چوارە و، سێیەم حەوتە و، چوارەم و پێنجەمیش هەر چوارن.

(ئازارەکانی ڤارتەر)یش سەرەتا و کۆپلەی یەکەم چوار بڕگەیین و، کۆپلەی دووەم پەخشانە و، کۆپلەی سێیەم و حەوتەمیش دیسانەوە چوار بڕگەیین، بەڵام کۆپلەی چوارەم و پێنجەم و شەشەم حەوت بڕگەیین، ئەمە ئەگەر لێرە و لە کۆپلەی سێیەمی (ئاوازی گریانێکی مەنگ)یشدا، (حەوت) بڕگەیی بەلێکدانی دوو کێشی جیاوازی (چوار + سێ) تەماشا نەکەین و وەکو کێشێکی سەربەخۆی باوی کوردی تێی بڕوانین، هەندێ جاریش لە یەک هەڵبەستدا کاتێک کە دەنگەکان زۆر دەبن یا سۆزەکە هەڵدەچێ و دادەچێ، پتر لە کێشێک بەتێکەڵی بەکار دەبا، لە (شێت)دا کۆپلەی یەکەم و دووەم چوار بڕگەیین، بەڵام کۆپلەی سێیەم پێنجە تا دێری (١٨) هەژدەیەم کە دیسانەوە دەیکاتەوە بە چوار بڕگەیی تا کۆتایی کۆپلەکە، کەچی کۆپلەی چوارەم سێ بڕگەییە ئەوەی نەبێ کە دێری یەکەم بڕگەیەکی زیادە.

(گریان)یش سەرەتاکەی حەوت بڕگەییە، سەرەتا و کۆپلەی یەکەمیش چوار بڕگەییە و لە جووت کەوانەیەکی بچووکدا جیای کردووەتەوە، لە دێری پێنجەمیشەوە دەیکا بەپێنج بڕگەیی، پاش سێزدە دێری دیکەش دەیکاتەوە بەحەوت بڕگەیی تا کۆتایی کۆپلەکە.

کۆپلەی دووەمیش سەرەتاکەی هەروا چوار بڕگەییە و جیا کراوەتەوە و لە پاش دێری پێنجەمیشەوە دەیکاتەوە بەپێنج بڕگەیی.

کۆپلەی سێیەمیش هەر بەهەمان دەستوور سەرەتاکەی چوار بڕگەییە و لە دێری پێنجەمەوە ئەمجارەیان دەیکا بە سێ بڕگەیی و پاش پانزدەمین دێر دەبێتەوە بەچوار بڕگەیی و بە سێ ئەستێرە هەردوو کێشەکە لەیەک جیا دەکاتەوە، بەشی (کۆرس) و کۆپلەی چوارەمیش دیسانەوە چوار بڕگەیین.

وەک دەبینین – ئازاد – تاقیکردنەوەیەکی باشی هەیە لە بواری بەکارهێنانی پتر لە کێشێک لە هەڵبەستێتکدا و، تاقیکردنەوەیەکی چاکتریشی هەیە لە بواری تێکەڵکردنی پتر لە کێشێک لە هەڵبەستێکدا، بۆ ئەوەی بتوانێت بازنەی کێشی چوار بڕگەیی، نەتەوایەتی – لە مەچەکی شیعری خۆی داماڵێ، هەرچەندە ئەم تاقە کەسیش نییە وای کردبێ، بەڵام من وای بۆ دەچم کە ئەمە مەسەلەیەکە دەبێ ڕەخنەگرەکانیش شانی بدەنە بەر و، وەک ئێستا باوە کاتێک لەسەر شاعیرێک یا دیوانە شیعرێکی دەنووسن خۆیان لە باسکردنی – کێش – لانەدەن هەرچەندە ئەمە ماندووبوونێکی ڕاستەقینەی پێویستە، بەڵام زۆریش بەکەڵکە هەتاوەکو زانیارییەکی چاکمان لە لا کەڵەکە دەبێ ئەوسا گەلێک نهێنی کێشی شیعری کوردیمان بۆ ئاشکرا دەبێ.

هەروەها دەزانین کاتی خۆی کە کێشی شیعری کوردی کرایەوە بەکێشی بڕگەیی، گۆران و هاوەڵەکانی زۆرتر پشتیان بەشیعر و گۆرانییە فۆلکلۆرییە باوەکانی دەوروپشتی ناوچەی سلێمانی بەست و وەکو پێویست سوودیان لە سروشتی (بەیت و لاوک و حەیران)ی کوردی نەدیت و، دوای ئەوانیش کەسی دیکە بەسەری نەکردنەوە دەنا – توانایەکی – زۆریان تێدا دەدۆزرایەوە لە بواری شیعری سەرواداری بێ کێشدا و گەلێک ڕێی پێشکەوتنی شیعری کوردیش کورت دەکرایەوە، جگە لەوەش هەموو سوور دەزانین کە زمانی کوردی تەنها زمانی جیهان نییە کە – چەندایەتی – نێوان بڕگەکانی وشەکانی ئەوەندە زەق نەبن کە بەکارهێنانی کێشی (نبر)ـەیی و کێشی چەندایەتی پێویست بکەن لە هۆنینەوەی شیعردا، زمانی جاپانی و فەڕەنسیش ئاوان کە ڕەنگە زمانی دیکەش هەبن هەروا بن، شاعیرە ئینگلیزەکانیش تیایاندا هەیە کێشی بڕگەیی بەشێوەیەکی سەرکەوتوو بەکار بردبێ وەک خاتوو (ماریان مۆر) کە ب پێشەنگ دەناسرێ لەو مەیدانەدا و وەک خاتوو (ئەلیزابێس داریۆش)ی کچی شاعیر بەناوبانگ





(رۆبێرت برجز) و وەک (و. هـ. ئۆدن) و (تۆم گن) و (ریچارد مۆرفی) و (ب. س. جۆنسن) و (جۆرج ماکبس) لە ئێرلەندا و ئینگلتەرەدا.

گومانیشی تێدا نییە ئەو نەتەوانە کە لە ئێمە پێشکەوتووترن گەلێک لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەی بەپیت و دەوڵەمەندیان لە لا کەڵەکە بووە لەو بوارەدا کە زۆر پێویستە بگەینە سەرچاوەکانی و ئەوەندەی بۆ خۆمان بشێ و بگونجێ کەڵکیان لێ ببینین، ئەوەش دەکەوێتە ئەستۆی زمانزانە ئەدەب دۆستەکانمان هونەری تێدا بنوێنن و کۆششی تێدا بکەن. بەتایبەتی لەبەرئەوەی وەرگێڕە عەرەبەکانیش یا لەبەرئەوەی کاریان بەسەرچاوەی – کێش–ەوە نییە، یا هەر لەبەر گرانیی کارەکە خۆی، خۆیان لە وەرگێڕانی ئەو جۆرە سەرچاوانە لادەدەن.

– ئازاد – لەم دوو دێرەدا سێ جار (ئیقاع) لە کێشێکدا دەگۆڕێ:

(زەوی.. ئاسمان .. گشت گەردوون

٢ بڕگە + ٢ بڕگە + ٣ بڕگە.

هەتاوەکو ڕوخسارە خەمبارەکەمیان نەدی

٤ بڕگە + ٣ بڕگە + ٥ بڕگە + ٢ بڕگە

نەک هەر – ئازاد – شاعیرەکانی دیکەش، هەر لە –گۆران –ەوە بیگرە تا دەگاتە ئێستا، ئەم کارەیان کردووە. کاک (حوسێن عارف)ی چیرۆکنووس لە وتارێکدا کە لە ژمارە (٣٣٤) ڕۆژی (١٩٧٦/٩/٨)ی هاوکاریدا بڵاو کراوەتەوە وای بۆ چووە کە بەمجۆرە دەتوانین ژمارەیەکی (زۆر) کێشی شیعری کوردی بدۆزینەوە.

بەڵام من وا تێدەگەم بەمجۆرە هەر ئێستگە – جێی وەستان یا وەک – گۆران – پێی دەڵێ (پێ)، (پێ) زۆر دەکرێ و گۆڕینی جێ وەستانەکان ئاسان دەبێ، دەنا وەک لەم دوو دێرەدا دیتمان کێشەکە هەر هەمان کێشی (٧) بڕگەییە، بەڵام جاری یەکەم سێ وەستانی تێدایە واتە سێ (پێ)یە

(٢+٢+٣) و جـاری دووەم تەنهـا یەک وەسـتـان، کـە لە جـێی ئاسـایی، کێشـەکەدایە (٤+٣)، بەڵام لە جاری سێیەمیشدا دیسان دوو – وەستانە، بەڵام شـوێنـەکـە گـۆڕاوە (٥+٢). ئازاد بەلای کـەمـەوە دەیـتـوانی دووجـاری دیکەش بەبەکـاربردنی (ئیـقـاع)ی (٣+٤) و (٣+٣+١)، ژمـارە و شـوێـنی وەستانەکان بگۆڕێ، بەڵام دیارە مـەبەستی نەبووە هەر لەبەر هەندێ زۆر لە خۆی بکات.

کەواتە دەتوانین بڵێین، لە ژماردنی بڕگەدا، ڕەچاوکـردنی (مـۆرفیم) زۆر بەکەڵکترە تا ڕەچاوکردنی وشـە، لە لایەکەوە لەبەرئەوەی (مـۆرفیم) – دانەی – بنەڕەتی وشـەیە و لـە لایەکی دیکەشەوە لەبەرئەوەی پتر لە بینای ڕێزمانی و بینای دەنگ – لفظ –ی وشە نزیکمان دەکاتەوە، وا تێدەگەم ئەمانەش زۆر گرنگن لە ئەدەبی ئەمڕۆدا بەتایبەتی لە شیعردا.

وەک دەزانین (مۆرفیم)یش دووجۆرە، (مۆرفیم)ی سەربەست – کە بەتەنها واتا دەبەخـشـێ وەک (نان، چنار، گـۆرانی) و (مـۆرفـیـم)ی ڕێزمـانـی وەک (مـان، تان، ن، ەکـە) و (مـۆرفیم)ی داڕشـتنی وشـە وەک (هەڵ، لێ، تێ، ڕا، دا.. هتد) کە سەربەخۆ واتا نابەخشن.

واشی بۆ دەچم کـە (مـۆرفـیم) نیـیـە لە هیچ وشـەیەکی سـادەی کـوردی ڕەسـەندا لە سێ بڕگە پتر پێکهـاتبێ. ئینجا ئەگەر ئەمـەش ڕاست بێ ئەوا دەتوانین بڵێین کە کێشی شیعری کوردیش لە سێ کێشـی بنەڕەتی پتر نییە کـە یەک بڕگـەیی و دوو بڕگـەیی و سێ بڕگـەیین و ئەو دوای کـێـشـەکـانیش (چوار، پێنج، شـەش، حەوت، هەشت، دە بڕگەیی و کێشـەکانی دیکەش) لە لەیەکدانی ئەو سێ کێشە بنەڕەتییەوە پێک دێن و خۆیان بنەڕەتی نین.

جگە لـەوەش، هەرچەندە (مـۆرفـیم)ی دوو بڕگەیی و سێ بڕگـەیی وەک لە وشـەکانی (هەوراز و ئارەزوو)ش لە زمانـەکـەماندا زۆرن، بەڵام هەندێ جار دەتوانین کێشە دوو بڕگەیییـەکە لە دوو (مۆرفیم)ی یەک بڕگەیی و، کێشـە سێ بڕگەیییـەکەش لە سێ (مـۆرفیم)ی یەک بڕگەیی، یا (مۆرفیم)ێکی دوو







بڕگەیی و یەکێکی یەک بڕگەیی پێک بهێنین، کەواتە کێشە یەک بڕگەیییەکە ئەگەرچی لەبەر کەمیی وشەی کوردی یەک بڕگەیی بەتەنها و سەربەخۆ زۆر باو نییـە، بەڵام وەک دەردەکەوێ یەکجار پێویست و زۆریش بەکەڵکە بۆ پێکهێنانی هەموو ئەو دوایی کێشەکان. سەرەنجدانێکی وردی بڕگەکانی تەنها ئەم شەش دێرە بەناو چوار بڕگەیییەی گۆران تا ڕادەیەکی زۆر ئەو بۆچوونەمان دەسەلمێنێ:

پەلامارده دەستوبردکە
٣+ ١ + ٣ + ١

قەڵا، تەلبەن، شورا، سەنگەر
٢ + ٢ + ٢ + ٢

حەیوان، ئینسان، شاریی، عەسکەر
٢ + ٢ + ٢ + ٢

ژن پیاو، پیر جوان، دەست قاچ، سنگ سەر
١+١+١+١+١+١+١+١

پێ شێل کە هەرچیت دێتە بەر
١+٢+١+١+٣

کەواتە بۆ دۆزینەوەی کێشی نوێ، چاکترین ڕێگا ئەوەیە ڕێگای دیکە بۆ دووبارە لێکدانەوەی ئەو کێشـە بنەڕەتییـانە بدۆزینەوە، دەنا بەپتـرکردن و جێ گۆڕینی – پێ –یەکان هیچمان پێ هەڵناکرێنرێ.

لەم بارەیەشەوە ڕایەکی تایبەتی خۆم هەیە و دەڵێم – ئێستا – خوێنەری شیعری نوێ وەکو خوێنەری شیعری سەروادار – ناچار نییە بەزەبری – سەروا – لە کۆتایی دێرەکاندا بووەستێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە ناچارە – لەبەر نەبوونی سەروا – تا کۆتایی، تا تەواوبوونی واتا، یا وێنە شیعرییەکە، یا هەردووکیان پێکەوە لەسەر خوێندنەوەکەی بڕوات.

بۆیە دەتوانم بڵێم ئەگەر هاتوو ژمارەی سەرجەمی برگەکانی نێوان دەستپێکردن و وەستانێک – ئەوەندەی، یا نیو ئەوەندەی یا چەند ئەوەندەی – ژمارەی سەرجەمی برگەکانی نێوان دەستپێکردن و وەستانی پێشووتر، یا پاشتر بوو ئەو کاتە کێش تەرازوو و تەواو دەبێ، بەبێ ئەوەی ژمارەی ئەو برگانە پێشتر دیاری بکرێ، یا بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و دیاری بەسەر دێرەکاندا دابەش بکرێن، گرنگ ئەوەیە (ڕێژە)یەک لە نێوان ژمارەی سەرجەمی برگەکانی وێنە جیا جیاکاندا هەبێت.

وا تێدەگەم دێری سەرواداری جارانیش هەر بریتی بووە لە دەستپێکردنێک، کە شاعیر هەڵیبژاردووە، یا دیاری کردووە و، لە وەستانێک کە سەروا دیاری کردووە، بۆ ڕەچاوکردنی کێشیش ژمارەی سەرجەمی برگەکانی نێوان ئەو دەستپێکردن و وەستانە ژمێردراوە، ئیتر جاری وا هەبووە، نیو ئەوەندەی، یا ڕێک ئەوەندەی یا دوو ئەوەندەی یا چەند جار ئەوەندەی دێری پێشتر یا پاشتر بووە و ئیتر کێشەکەی پێ تەرازوو بووەتەوە. بەڵام لەبەرئەوەی ئێستا – دێرە شیعر – دانەی، یا یەکەی بینای هەڵبەست نییە و (وێنەی شیعری) لەوەدا جێی گرتووەتەوە بۆیە دەبێ بۆ تەواوکردنی کێش ژمارەی سەرجەمی برگەکانی وێنە، یا واتا، یا هەردووکیان ڕەچاو بکرێ نەک یەکە یەکەی دێرەکان.

بۆ پتر ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەشم ئەم دوو وێنەیە لە هەڵبەستی (ئازارەکانی ڤارتەر)ی – ئازاد – هەڵدەبژێرم کە لە جێی خۆیاندا بە(پەخشان) نووسراون، دەبێ دان بەوەشدا بنێم کە لە هەردوو وێنەکەدا دێرەکانی دواییم بواردووە بۆ مەبەستەکەی خۆم.

– ئازاد – دەڵێ:

| | |
|---|---|
| ١– (هەندێ جار | ٣ برگەیە |
| وا هەست دەکەم بوویتەتە درەختێ | ١٠ برگەیە |
| ڕەگت لە ناو دەروونمایە | ٨ برگەیە |





| | |
|---|---|
| ٢– هەندێ جار | ٣ برگەیە |
| وا هەست ئەکەم بوویتەتە هەناسەم | ١٠ برگەیە |
| بەقووڵی هەڵت ئەمژم | ٨ برگەیە |

سەرجەمی ژمارەی برگەکانی وێنەی یەکەم (٢١) برگەیە و هی دووەمیشیان هەر (٢١) برگەیە، دەشێ بڵێین (٢١) برگە حەوت جار دووبارەکردنەوەی کێشی (سێ) برگەییە یا سێ جار دووبارەکردنەوەی کێشی (حەوت) برگەییە، بەڵام من ئەمەم بەڕێکەوت هەڵبژاردووە، دەنا ئەگەر (٢٣) برگە یا زیاتر و کەمتریش بوونایە لە (٢١) برگەیی، ئەوسایش کێشەکە هەر ڕاست دەبوو.

دێرەکانیش ئەگەر بەهەمان ژمارەی برگەوە لە هەردوو کۆپلەکەدا وەکو یەک دووبارەش نەکرانایەتەوە ئەوساش دیسانەوە کێشەکە هەر ڕاست دەبوو بۆ نموونە ئەگەر دێرەکان ئاواش بنووسینەوە هەر دەبێ و کێشەکەش لەنگ نابێ.

| | |
|---|---|
| ١– (هەندێ جار وا هەست ئەکەم بوویتەتە درەختێ.. | ١٣ برگەیە |
| ڕەگت لە ناو دەروونمایە.. | ٨ برگەیە |
| ٢– هەندێ جار.. | ٣ برگەیە |
| وا هەست ئەکەم بوویتەتە هەناسەم بەقووڵی هەڵت ئەمژم).. | ١٨ برگەیە |

دەبێ ئەوەش لە بیر نەکەین هەندێ جار تەواوبوونی بینای ڕستە و تەواوبوونی واتای یەکە یەکەی دێرەکانیش وەستانێکی کورت پێویست دەکەن، بەڵام ئەم وەستانەیان زۆر لە وەستانی پاش تەواوبوونی (وێنە) کورتترە و زۆر بەئاسانی لە یەکتر جیا دەکرێنەوە، ئەگەر ئەو وەستانەش ڕەچاو بکرێ کە لەسەر تەواوبوونی ڕستە و واتای یەکە یەکەی دێرەکانە ئەوا ئەوسا دەبێ بگەڕێینەوە سەر کێشەکانی ئێستا و دیسانەوە دێر وەکو دانەی، یا یەکەی بناغەیی شیعر تەماشا بکەین، نەک (وێنە) وەک من

مەبەستمە بەیەکەی بینای شیعری لە شیعری نوێدا حیسابی بۆ بکرێ، لە فۆلکلۆری کوردیشماندا، لە بەیت و لاوک و حەیران –دا تاقیکردنەوەیەکی ئاوامان، وەک ئەوەی لە سەرەوە باسمان کرد، لەگەڵ وێنەی شیعریدا بووە، بەڵام نەک لە بواری کێشدا، بەڵکو لە بواری بەکارهێنانی – سەروا –دا.

بەپێچەوانەی بۆچوونی هەندێک نووسەرەوە.. [١]، من پێم وایە بەیت و لاوک و حەیران، شیعری بێ کێشن، مەگەر بەرێکەوت و بەبێ خۆ پێوەخەریککردن، هاتبێتە پێشەوە.

لە شیعری هاوچەرخماندا کە بۆ – خوێندنەوە – دەوترێ..[٢]. لە دوو رەگەزەکەی دیوی دەرەوەی مۆسیقای شیعردا کە – کێش و سەروا –ن، کەڵک لە ـ کێش – بینراوە و سەروا بەرەڵا کراوە، بەڵام لە بەیت و لاوک و حەیراندا کە شیعری – بیستن ـن کێش بەرەڵا کراوە و سوود لە سەروا بینراوە، وابزانم کەسیش نییە لەوە لاری هەبێ کە – سەروا – پەیوەندی و کاری زۆر لە – کێش – زیاترە بەهەستی بیستنەوە. ئەوانەی فۆلکلۆر کۆ دەکەنەوە چاکتر لەم ڕاستییە دەگەن ئەگەر سەرنجی ئەوەیان دابێ کە خەڵکی لە گێڕانەوەی شیعردا زۆر جار وشەیان لە بیر دەچێ و وشە دەگۆڕن و وشە زیاد دەکەن، کە ئەمانە هەموویان دەبنە هۆی – کێش – گۆڕین، بەڵام زۆر بەدەگمەن وشەی کۆتایی کە – سەروا –کەی تێدایە، دەیگۆڕن یا لە بیری دەکەن. کەواتە دەتوانین بڵێین – سەروا – لە کێش کاریگەرترە بۆ ڕاگرتنی مۆسیقای دیوی دەرەوەی شیعر.

بەیت و حەیران و لاوک – بۆ خوێندنەوە – نەوتراون، بەڵکو – بۆ بیستن بەئاوازەوە وتراون، وەک دەشزانین – ئاواز – شتێکە، بەیتبێژ و، لاوکبێژ و، حەیرانبێژەکان لە دەرەوەی دەقەکەوە هێناویانە و خستوویانەتە سەری. کەواتە دەتوانین بڵێین ئەم – ئاواز –ە زیاد کراوە و سەروا بوونەتە هۆی شاردنەوەی بێ کێشییەکەی بەیت و لاوک و حەیران و بەهەڵەداچوونی ئەو کەسانەی کە وایان هەست کردووە ـ کێشیان هەیە.





ئەم شیعر – بۆ بیستن – وتنەش وا نەبێ هەر بەتەنها دواکەوتوویی باری کۆمەڵایەتی و بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری سەپاندبێتی، یا بۆ ئەوە بووبێ خەڵکە نەخوێندەوارەکە ئاسانتر پێیان لەبەر بکرێ، وەک هەندێ کەس بۆ بەربەرەکانێکردنی شیعری سەروادار، دەیڵێن، ئەوە ڕاستییەکە کەس نکوڵی لێ ناکات، بەڵام وا تێدەگەم سروشتی تایبەتی بابەتی داستان و دراما ئامێزی بەیت و لاوک و حەیران گەلێ گەلێ کاریگەرتر بووە لەو هۆیانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن.

نەک هەر لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، بگرە لە سەرتاسەری شیعری هاوچەرخی جیهاندا، لە شیعری داستان و دراما ئامێزدا، بۆ جیاکردنەوەی کەسایەتییەکان و دیاریکردنی هەڵچوون و داچوونی دەروونیان (کێش)ی جیا جیا بەکار دەبرێ، وەک دەشزانین ئەمە بووەتە مایەی گەلێک سەرئێشە و هۆی خەریکبوونی داهێنەر و خوێنەر، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە کۆسپەکەش تەخت ناکات بەیەکجاری، ئەگەر ئەمە ڕاست بووایە دەبوو ژمارەی – کەس – چەند زۆرن ئەوەندە کێشمان بەدەستەوە بووایە، ئەمە جگە لەوەش کە هێشتا پەیوەندی نێوان (کێش)ی قسەکردن و سروشتی کەسایەتی ساغ نەکراوەتەوە و، ناتوانین بڵێین کەسی چاک بەچی کێشێک قسە دەکەن و کەسی خراپ بەچی کێشێک، هەروەها دڵنیاش نین لەوەی کە چی کێشێک – بۆ تووڕەبوون و چی – کێشێک – بۆ هیواداری، یا بێ هیوایی و ئەو دوایی حاڵەتە دەروونییەکانی دیکە لەبارتر و گونجاوترن. ئەمە لە حاڵەتێکدا ئەگەر هەموو خەڵکی دنیا و لە هەموو کاتێکدا وەک یەک بن، کە ئەمیش نەکردەنەیە، بۆ نموونە – تووڕەیی – هەندێ کەس کە تووڕە دەبن قسە دەبزرکێن و زمانیان تەتەڵە دەکا، هەن زمانیان دەکرێتەوە و، هەشن زمانیان دەبەسترێ و هیچیان بۆ نایە و، هەر هەمان ئەو کەسەش لە کات و شوێن و پلەیەکی تووڕەبوونی دیکەدا بەشێوەیەکی دیکە قسە دەکا. واتە ئەو ژمارە دیاری کراوە – کێشەی – بەدەستمانەوەیە هەرگیز

دەرەقەتی دەربڕینی ئەو هەموو حاڵەتە دەروونی و بارودۆخە جیاوازە نایەن.

بەیتبێژ و لاوکبێژ و حەیرانبێژەکانی لای خۆمان، بۆ خۆ لادان لەو هەموو گرفتەی کە بەکارهێنانی – کێش – لە ڕێی شیعری داستان و دراما ئامێزدا دروستی دەکات، هاتوون سەرچاوەی گرفتەکان – کێشە –کەیان لابردووە و، بۆ ئەوەی ئەو شیعرەشیان لە شیعری نەکەوێ و لە مۆسیقای دیوی دەرەوەی شیعر بێ بەش نەبێ، هاتوون – سەروا –یان بەکار بردووە، کە وەک ڕوونمان کردەوە گەلێک لە – کێش – کاریگەرترە لە بەجێهێنانی ئەو مەبەستەدا..(٣)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کارێکی وایان نەکردووە – سەروا –کەش لە خۆیان بکەنەوە بەکۆسپێکی دیکە، ئەمان نەهاتوون وەکو (سجع)ـە عەرەبییەکە لە کۆتایی ڕستەدا، یا وەکو شیعرە کلاسیکییەکان لە کۆتایی دێردا – سەروا – بەکاربەرن، بەڵکو لە کۆتایی وێنەدا بەکاریان بردووە، مەگەر خۆی بەبێ خۆماندووکردنی شاعیر، بەڕێکەوت لە شوێنی دیکەدا هاتبێتە پێشەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەیتبێژ و لاوکبێژ و حەیرانبێژەکان لە کاتی – وتندا – لەسەری ڕاناوەستن و وەکو – سەروا–یەکی ناوخۆ مامەڵەی لە تەکدا دەکەن. واتە وێنە کراوە بەیەکەی بناغەیی شیعر و، سەروایان لە کۆتاییدا بەکار بردووە، نەک دێر، سەرنجی ئەم نموونانە بدەن:

(ئاغاۆو، شەڕەکێ قەومییە دێر جەمەدێ وێ ب پووشە، قالەکێ قەومییە دێر جەمەدێ وێ ب پووشە

میراتێ کافر حر چۆ ل گێدووکا خانێ، بن باڤێ باڤۆ، ئاغایێ ئێزدییا ـ جانگیر ـ ئاغادا تێیە حەساڤێ تەیرەکی قەرەقووشە.

شەعدە، شودێ باڤێ باڤۆ، ئاغایێ ئێزدیا، سیارێ مەیدانێ گەلەکن، گەلەک هەنە، وێ بەری چارسد مێرێ شەڤێ دایە خارکرییە سەر گێدووکا خانێ دەربازکرییە کەڤرێ پێرتەکێ، لێ قەتاندییە تەنگ و قووشە)..(٤)

یا ئەم حەیرانەی کە دەڵێ:





(ناوەڵا دەربێم لە کوێستانێ (سرێشمە)ی یان، لەسەر پردێ (رواندز)ێ، لە بن ئاوێ (جوندیان)ێ، لە گەردە گەردەی (بێخار)ێ، لەسەر قەراتی کاولە (بێجان)ێ.

ئەوجا دەرێ براینە برادەرینە.. سبیانان گەلەکە فێنکە لە (زینوێ) و (خەلانێ) لە (رایات) و لە (چۆمان)ێ، لە دەشتی (حاجی ئۆمەران)ێ لەبەر خاتری کیژۆرە (عەجەمان) گەلە گەلە بەنازن مارم وێران بی لەسەر حەوزە گەورەی (بۆکان)ێ.

ناوەڵا بەژن باریک و ئێخە بەدووگمە و چاو بەرەک دەورەیان لێ دەدام لۆیان بگێرم تا وەک بەندە لەگەر سەیرانێ)..(٥)

ئەمەش نموونەیەکە لە بەیتی (ناسر و ماڵ ماڵ)ێ:

(براله، ئەگەر وای نانـاسی، وای نابینی،
سبحەینان خۆی دەغەملێنێ بەسووری، نیوەڕۆیان بەزەردی،
ئێواران تازیەی ناسر و ماڵ ماڵانە بەشینی،
ئەگەر حەزێ دەکەی، نەبێ خەم و نەسرینی،
ئەگەر حەزێ دەکەی، زوو خاتوون تەورێزی ببینی،
ئەوە لە خڕی بالینێ، دەکێشێ مایینێ شێ خز لە بەرایتی خێڵی، لە دووی دەرۆنەوە دوو جوانۆڵەی قوڵە بژە، یەک ساڵ و دوو ساڵن، وەختێ بۆ خاتری ناسر و ماڵ ماڵان بێنەوە بەر عەققەی دزینی)..(٦)

لەوانەیە هەندێ کەسیش هەن بڵێن، ئەمانە پەخشانە شیعرن و شیعر نین..(٧) ئێمەش دەڵێین بۆ ئیقاع و مۆسیقای ناوەوە و کێش – نووسین – دەکەن بەشیعر؟! و بۆ ئیقاع و مۆسیقای ناوەوە و سەروا (نووسین) ناکەن بەشیعر، مەگەر کێش و سەروا هەردووکیان مۆسیقای دیوی دەرەوەی شیعر نین؟!

من وای بۆ دەچم بووژاندنەوەی ئەم – شیعری سەروا –یە زۆر زۆر ڕێگەی گەشەکردن و پێشکەوتنی شیعری درامی و درامای شیعری و، داستانە شیعر و، چیرۆکە شیعر و، ئۆپەرێت و، شانۆ و گۆرانی و قەسیدەی درێژ و بگرە پەخشانە شیعریش، خۆش دەکات، کە لە شیعری هاوچەرخدا، کێش بووەتە گرفت لە ڕێگەی گەشەکردنیاندا، وابزانم بەپێچەوانەی هەندێ میللەتی دیکەشەوە.[٨] لەبەرئەوەی لە فۆلکلۆری کوردیدا هاتووە، بۆیە بەگوێچکە و سروشتی کوردانەمان ئاشنایە و بەبێ گرێ بەڕۆحی کوردانەماندا دەچێتە خوارێ.

هەرچی چۆنێک بێت ئەمە دوو زەمینەی جیا جیان و بەدڵنیاییەوە دەڵێم کە ئەگەر تاقیکردنەوەش هەڵنەگرن خۆ گفتوگۆ هەڵدەگرن.

با لەوە پتریش لە باسەکە دوور نەکەوینەوە و، لە کۆتاییی باسی کێشدا دەبێ ئەوەش بڵێم کە ئەگەر پێویست بکات – ئازاد – لە کێش دەردەچێ و مەبەستەکەی خۆی لە پێویستی تەرازووکردنی زاڵتر دەکا. وەک ئەم دوو دێرەی خوارەوە و چەند شوێنێکی دیکەش کە ناکرێ هەموویان دەستنیشان بکەین.

(هەتاوەکو دوا دڵۆپی ئەچێتە نێو گەروویەوە و لە دواییدا.. گوڵی
خەمی وەک هەنگوینی تیادا ئەڕوێت).

ئەمانە دوو دێری (١٧) بڕگەیین لە هەڵبەستی (سەمای ئاگر)دا کە بەکێشی چوار بڕگەیی نووسراوە.

هەندێ جاریش بەبێ پێویستی لە کێش دەردەچێت وەک ئەم دێرەی کە لە کۆپلەی دووەمی هەڵبەستی (گریان)، هەڵیان دەبژێرین کە لەسەر کێشی پێنج بڕگەیی نووسراوە – بەڵام ئەم دێرەی (١١) بڕگەیە لەجیاتی چەند جار دووبارەکردنەوەی پێنج بڕگەیی (چی چی خۆشترە لەوەی سییەکانم پڕ بن لە بۆنی).





ئەم دوو دێرەی کۆپلەی سێیەمیش کە چوار بڕگەییە دەبێ بەسەریەکەوە بڕگە بڕگەیان بکەینەوە دەنا دێری یەکەم دوو بڕگەی زیاد دەبێ و دێری دووەمیش بڕگەیەکی کەم دەبێ. کە بەسەر یەکیشەوە بڕگە بڕگەیان دەکەینەوە ئەوساش بڕگەیەکیان زیادە.

(دوا هەناسەی ئەداتە دەم ڕەشەبای مەرگ – و
کۆتایی بەئازاری شیرین دێنێ..)

لە هەندێ دێریشدا دەبێ دەستکاری بینای (دەنگی) وشەکە بکەین دەنا دیسانەوە کێش لەنگ دەبێ، وەک:

وشەی (ناشتوێتەوە) لە دوا دێری هەڵبەستی ئاوازی گریانێکی مەنگدا
(لە ئاسۆی سووری چاوانما، ئەبێتە هەوری گریان و ناشتوێتەوە)
دەبێ وشەکە ئاوا بڕگە بڕگە بکەینەوە، (ناشت/ وێ/ تەوە)
وشەی (خەماوییەکەمە)یش لە دێری:
(لێم گەڕێ، با.. هەرچی سۆزی ڕوخسارە خەماوییەکەمە)دا
دەبێ ئاوا بڕگە بڕگە بکەینەوە:
(خە/ماو/ییە/کە/مە).
لەم دێرەی هەڵبەستی (ئەشقی بالا)شدا:
ئازارەکانم لە ئامێزی دڵم ئەگرم، پڕ بەدڵم ئەیانگوشم و ماچیان ئەکەم..)
دەبێ وشەی (ئەیانگوشم و) ئاوا بڕگە بڕگە بکەینەوە:
(ئە/یان/گوش/م و) دەنا بڕگەیەکی زیاد دەبێ.

لەم دێرەی هەڵبەستی (گریان)یشدا کە دەبێ سێ بڕگەیی بێ دەبێ وشەی (باسکیان) ئاوا بڕگە بڕگە بکەینەوە دەنا بڕگەیەکی ناتەواو دەبێ، دەبێ بڵێین:

(با/س ک/ یان) نەک (باس/کیان)

(باسکیان ئەخەنە گەردنی فریشتەی گریانی شەوەوە..)

ئەمە بۆ کێش، بەڵام بۆ سەروا – ئازاد – خۆی پێوەی ماندوو ناکات مەگەر خۆی بەڕێکەوت بێتە پێشەوە.

لە کۆتاییدا دەبێ ئەوەش بڵێم کە – ئازاد – هەندێ وشەی سواوەش بەکار دەبا وەک (کێردی ئاخ) و (پاچی ڕق)، هەندێ وشەش لە (بێ ئاگاییدا) دووبارە دەکاتەوە وەک (خەمی شیرین و ئازاری شیرین)، کە پێویست دەکەن لە ڕووی دەروونییەوە شی بکرێنەوە کە لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نییە.

بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا – زۆربەی کات – وردەکاری تەڕوبڕ و تازەشی هەیە، وەک داهێنانی وشەی لێکدراوی – دڵبەدەر – لەم دێرانەدا، کە لەسەر وشەی – شاربەدەر ڕۆنراوە – .

(شیرین ئەڕوات..
سنووری دڵڕەقی مردن لە ژیانی پڕ ئەمەکداریم
ئەتەنێ
شیرین دڵبەدەرم ئەکات..
گۆڕێکی قووڵ بۆ فریشتەی ئەویندا‌ریم هەڵئەکەنێ
شیرین ئەڕوات.. شیرین دڵبەدەرم ئەکات... شیرین
ئەڕوات..
دە ماڵ ئاوا!!!)... "گریان"

بەر لەوەی منیش بڵێم (دە ماڵ ئاوا)، دەڵێم: ئای چەند جێگای شانازییە بۆ شاعیر یا نووسەر بتوانێ وشەیەک بەناوی خۆیەوە بخاتە سەر گەنجینەی زمانەکەی خۆی. ئینجا دەشڵێم هەرچی چۆنێک بێت ئەمە یەکەم هەنگاوی – ئازاد –ە و جارێ لە سەرەتای ڕێگادایە، داوای سەرکەوتنی زیاتری بۆ دەکەم، ڕۆژگاریش دەزانێ تا کوێ بڕ دەکا.





پەراوێزەکان:

١– کاک عەلی فەتاح دزەیی لە بارەی کێشی لاوک و حەیرانی کوردییەوە وتوویەتی: (.. ئیتر سەبارەت بەوەی کە خۆم کێشی هەموو بەیتەکانی فۆلکلۆری «هەتا کێشەکانی لاوک و حەیران»یش بەکۆنترین لەرە و ئیقاعی مۆسیقای هەڵبەستی کوردی دەزانم..)

لە شوێنێکی دیکەی هەمان باسیشدا وتوویەتی:

(یەکێتیی شنە و ئیقاعی کێشی شیعرییان بەرچاوە، ئەگەرچی برگەی دەنگەکانی دێرە شیعرەکان، بەتەرازووی کێشی (عەرووز)ی یا کێشی (پەنجە)یی بەستە و گۆرانی و شیعری تازەمان کێشانە ناکرێن..) بەڵام نەیوتووە چ جۆرە کێشێکی دیکەیە، مامۆستا ڕاست دەکا کە دەڵێ نە بەکێشی (عەرووز)ی و نە بەکێشی (پەنجە)یی ناکێشرێن، بەڵام لە ڕاستیدا هەر کێشیان نییە، دەنا دەبا کێشەکە دیاری بکات.

بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە نووسەری کورد ژمارە ٣ی خولی سێیەم، داستانی مەمی ئالان، ناساندن و لێکۆڵینەوە، عەلی فەتاح دزەیی، لاپەڕە ٣٧ و لاپەڕەکانی دواییش.

هەشن گوتوویانە و دەڵێن:

(مامۆستا – گۆران – سوودی لە چەند کێشێک وەرگرت کە وێنەیان لە لاوک و حەیراندا هەبوو).

لەوەش دەچێ ئەمانە خۆیان سەر و سۆراخی ئەم قسەیەیان نەکردبێ و، چۆن لە ناو خەڵکدا باوە و چۆنیان بیستون هەر وای دووبارە بکەنەوە دەنا حەیران و لاوک کێشیان نییە ئیتر مامۆستا – گۆران – چۆن سوودی لێ وەرگرتووە.

٢– ئەمە وەکو (فەرەزیە)تێک، دەنا شیعری نوێی کوردی زۆر سیفەتی بزووتنەوەی شیعری – بۆ بیستن –ی ئینگلیزی تێدایە.

بڕوانە: (الاداب الاجنبية، العدد الاول، السنة الرابعة، تموز ١٩٧٧).

(بريان باتن وحركة القصيدة المسموعة، ترجمة وتقديم: محمد الظاهر، ص ١٧٣ –١٧٦.

ئەم لێکۆڵینەوەیە کاتی خۆی کارێکی زۆری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی کردۆتە سەر شیعری کوردی. ساغکردنەوەی ئەم مەسەلەیەش باسێکی سەربەخۆی دەوێ، لێرەدا نابێ.

٣- ت. س. ئەلیوت، لە چاوپێکەوتنێکی ئێزگەییدا وتوویەتی شیعری درامای شیعری دەبێ - سەروا -دار بێ. بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە کتێبی: ت.س. الیوت. الشاعر الناقد، مقال فی طبیعة الشعر، تألیف: ف. ا. ماڤسین، ترجمە الدکتور احسان عباس، المکتبة العصریة - صیدا - بیروت ١٩٦٥، الفصل السابع، المسرحیات، صفحات ٢٩٩ و ٣٠٠.

(حاتم محمد صگر)یش دەڵێ:

(ئەگەر بمانەوێت شیعری نوێمان لە شانۆدا کاریگەرتر بێ.. دەبێ لە گرفتەکانی کێشی ڕزگار بکەین کە بووەتە کۆسپێکی ئەوتۆ کە ئەوانەی درامای شیعری دەنووسن، بەزمانی خۆیان بڵێن، پێوەی دەناڵێنن..) لەوەشدا مەبەستی قسەیەکی (سەلاح عەبدولسەبوور)ـە بڕوانە گۆڤاری الکلمة، العدد الرابع، السنة السادسة، تموز ١٩٧٤.

مقالة بعنوان، محمد الماغوط، دراما الحلم والحرية، حاتم محمد صگر ص، ٨٤.

ئایا گەڕانەوە و بووژاندنەوەی - شیعری سەرواداری بێ کێش هەردوو ئەو داوا بەجێیانە (سەرواکەی ئەلیوت و بێ کێشییەکەی حاتم محەمەد صگر) بەدی ناهێنێ؟

٤- ئۆردیخانی جەلیل، سترانێ زارگوتنا کوردایە تاریقێ، شوکور مستەفا و ئەنوەر قادر محەمەد هێناویانەتە سەر ڕێنووسی کوردی ئەمڕۆ و فەرهەنگیان بۆ کردووە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد - بەغدا ساڵی ١٩٧٧، لاپەڕە ٣٨٨.

٥- ئەسعەد عەدۆ، لیرەیەک لە گەنجینەی نەتەوەی کورد - چاپخانەی عەلا - بەغدا، ساڵی ١٩٨٤، لاپەڕە ١١.

٦- ئۆسکارمان، تحفه مظفریه، بەشی دووەم، پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانەوە سەر ڕێنووسی کوردی، هێمن موکریانی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد -





بەغدا ساڵی ١٩٧٥، لاپەڕە ٣٣.

٧- ئەسعەد عەدۆ لە لاپەڕە ١٣ی کتێبی (لیرەیەک لە گەنجینەی نەتەوەی کورد..)دا دەڵێ (حەیران.. ئەو پەخشانە ڕازاوەی سەروبن گرێدراو..)

٨- بۆ نموونە بەربەرەکانێیەکی زۆری (شیعری سەربەست و پەخشانە شیعر) لە ئەدەبی عەرەبیدا کرا بەبیانووی ئەوەوە کە لەگەڵ گوێی عەرەبدا ناگونجێ و بەسروشتیان نامۆیە و بەڵگەشیان هەر ئەوە بوو کە عەرەب لە ڕابردوودا نە شیعری بێ کێش و بێ سەروایان وتووە و نە شیعری واشیان بیستووە، بەڵام بۆ ئێمەی کورد ئەو بیانوو و بەڵگەیەش بەدەستەوە نییە، ئەوەتا کورد پێشتر شیعری بێ کێشیان لە لاوک و حەیران و بەیتدا وتووە و بیستووە و چێژیان لێ دیوە و لێی دەبینن.

سەرچاوەکان:


* (اطیمش). د. محسن، دیر الملاک، دراسة نقدیة للظواهر الفنیة في الشعر العراقی المعاصر، دار الرشید ١٩٨٢.
* نازك ملائکة، قضایا الشعر المعاصر، الطبعة الخامسة، دار العلم للملایین، بیروت، ١٩٨٧.
* ابو اصبع. د. صالح، الحرکة الشعریة في فلسطین المحتلة منذ عام ١٩٤٨ حتی ١٩٧٥ المؤسسة العربیة للدراسات والنشر، بیروت، کانون الثاني ١٩٧٩.
* الخیاط. د. جلال، الاصول الدرامیة في الشعر العربي، دار الحریة، ١٩٨٢.
* سي . دي لویس، الصورة الشعریة، ترجمة: د. احمد نصیف الجنابي، مالك میري، سلمان حسن ابراهیم، مراجعة عناد غزوان اسماعیل، مؤسسة الفلیح للطباعة والنشر، الکویت، ١٩٨٢.
* بدوي. د. عبدالرحمن، في الشعر الاوروبي المعاصر، المؤسسة العربیة للدراسات والنشر، ١٩٨٠ الطبعة الثانیة.


کەرکووک - ١٩٨٥

پێشتر لە گۆڤاری کاروان بڵاو کراوەتەوە

## بۆچوونی چوارەم لە بارەی کێشی
## لاوک و حەیران و بەیت و بەندی کوردییەوە

لاوک و حەیران و بەیت و، بەندی کوردی ئەوەشیان با لەوێ بووەستێت کە لە ڕووی نێوەڕۆکەوە بەهایەکی مەزنی مێژوویی و، ئەتنۆگرافی و، ئەنتەرپۆلۆجی زۆریان هەیە و پێویست بەتوێژینەوەی زانستییانە دەکەن. لە ڕووی هونەریشەوە بیان گریت هەمدیس هەتا بڵێی پیرۆز و بەپیت و فەڕن و، ئەگەر بەوردی لێیان ورد بینەوە دەبینین لە سەرێکەوە پەیوەندییان بەهونەری گۆرانی و سەما و مۆسیقاوە هەیە و، لە سەرێکی دیکەشەوە پەیوەندییان بەئەدەبەوە هەیە، لە ئەدەبەکەشدا گەلێک پەیوەندی بەتینیان بەچیرۆک و، پەخشان و شانۆ و، شیعریشەوە هەیە و، ئەگەر لێیان بکۆڵینەوە زۆر ڕەگەزی هونەری وەک: وێنەی شیعری و، ڕووداو و بەسەرهات و کێشەی کۆمەڵایەتی و کەسایەتی جیا جیا و گفتوگۆ (دایالۆگ) و دەنگی جیاواز و، شێوەکانی گێڕانەوەیان تێدا بەرچاو دەکەون.

کەچی تا ئێستا بایەخی پێویست بەم لایەنەیان – لایەنی هونەری – نەدراوە و، ئەوانەشی بەڕووکەشی و لە لاباسدا خۆیان لێ داوە ئەوەندە لە یەکەوە دوورن و ئەوەندە جیاواز بۆی چوون کە دەتوانم بڵێم: دەگەنە ڕادەی ناکۆکی و دژایەتی.

١– (حەیران (..) ئەو پەخشانە ڕازاوەی سەروبن گرێ دراوە.[١] "ئەسعەد عەدۆ"

٢– (مامۆستا گۆران سوودی لە چەند کێشێک وەرگرت کە وێنەیان لە لاوک و حەیراندا هەبوو).[٢] "ئازاد عەبدولواحید"





٣– (یەکێتیی شنە و ئیقاعی شیعریان (لاوک و حەیران و بەیت) بەرچاوە، ئەگەرچی، بڕگەی دەنگەکانی دێرە شیعرەکانی، بەتەرازووی کێشی (عەرووز)ی یا کێشی (پەنجە)یی بەستە و گۆرانی و شیعری تازەمان کێشانە ناکرێن.)[٣] "عەلی فەتاح دزەیی"

٤– (هەست دەکرێ کێشی لاوک و حەیران، کە نە کێشی عەرووزە و نە کێشی پەنجەیە، خۆی گەیاندۆتە کاروان و..)[٤] "کەریم مستەفا شارەزا"

دەتوانین ئەم سێ بۆچوونەش ئاوا شی بکەینەوە:

ئەسعەد عەدۆ، کە دەڵێ: حەیران (پەخشان)ە واتا دەڵێ: نە شیعرە و نە کێشی هەیە.

کاک (ئازاد عەبدولواحید)یش کە دەڵێ: مامۆستا (گۆران) بۆ نوێکردنەوەی شیعری کوردی سوودی لە (کێش)ی لاوک و حەیران دیوە، بەواتایەکی دیکە دەڵێ: حەیران و لاوک پەخشان نین و شیعرن، شیعرێکی (کێشدار)یشن و (کێش)ەکەشیان (کێشی پەنجەیی)ە، چونکە (گۆران) لە شیعرە نوێیەکانیدا کێشی پەنجەی بەکار بردووە.

هەرچی مامۆستا (عەلی فەتاح دزەیی)شە دژی بۆچوونەکەی (ئەسعەد عەدۆ) دەڵێ: لاوک و حەیران و بەیت پەخشان نین و شیعرن و (کێش)یشیان هەیە، وەلێ تا سەریش پشتگیری ڕایەکەی (ئازاد) ناکات ئەگەرچی وەک ئەویش دەڵێ: نە بەکێشی عەرووزی و نە بە(کێشی پەنجەیی) ناکێشرێن، بۆچوونەکەی مامۆستا (کەریم مستەفا شارەزا)ش، ئەگەرچی هەر دووبارەکردنەوەی دەسپێشکەرییەکەی (عەلی فەتاح دزەیی)ە، بەڵام زۆر بەدڵنیاییەوە باسی (بوون) و (بڵاوەکردنی) ئەو کێشە نهێنی و بێ ناوە نە (عەرووز)ی و نە (پەنجەیی)ە دەکات.

خوێنەر لە ئاستی بیر و بۆچوونی ئەم مامۆستایانەدا کە ڕێکەوت وایە

هەر چواریشیان خەڵکی مەڵبەندی لاوک و حەیران و بەیتن – تووشی دڵەڕاوکێ و سەرەگێژکێ دێت، ئەگەر خۆی بۆ خۆی لە هونەرەکان ورد نەبێتەوە. ئێمە ئەوەش دەزانین کە کێش هەر (کێشی عەرووز)ی و ، (کێشی پەنجەیی) نییە و ببڕێتەوە، لە شیعری گەلانی دیکەی وەک (ئینگلیز) و (لاتینی) و (جاپانی) و.. هتددا، کێشی دیکەش بەکار دەبرێن کە نە وەک (عەرووز)ییەکە حیسابی کورت و درێژی بڕگەی تێدا دەکرێت و، نە وەک (پەنجەیی)یەکەش ڕێژە یا یەکسانی ژمارەی بڕگەی تێدا ڕەچاو دەکرێت، وەلێ بۆمان هەیە ڕووی دەم لە مامۆستایان (عەلی فەتاح دزەیی) و (کەریم مستەفا شارەزا) بکەین و بپرسین: سروشتی ئەو کێشە نهێنی و بێ ناوە چییە و چۆنە کە ئەم دێر و ڕستە شیعرییە کورت و درێژانەیان پێ دەکێشرێت!.

(١– ترسا من، باڤێژە گۆلا خوینیانە.

٢– گۆلا خوینیان کورە، تێداتێ فشینا ماران و چەلپینا ماسیانە.

٣– بایێ غەربی ژ هێلا ژێر ڤەتێ، ل ئاڤا چەم دخینە، پێلاک دگەڕینە ل سەر پیلانە)[٥]

یا ئەم دوو دێرە:

(١– ئەگەر حەزێ دەکەی، زوو خاتوون تەورێزیی ببینی.

٢– ئەوە لە خڕی بالینێ، دکێشێ مایینێ شی خز لە بەرایتی خێڵی،

لە دووی دەڕۆنەوە دوو جوانۆڵەی قوڵە بژە، یەک ساڵ و دوو ساڵن، وەختێ بۆ خاتری ناسر و ماڵ ماڵ بێنەوە بەر عەققەی دزینی.[٦]

یا وەک ئەمەی لەم حەیرانەدا دەیبینین:

(١– دەرێم براینە برادەرینە ئەورۆ ئێواریێ چەندی گاز دەکەم حەیران کیژۆرە سیانێ.)

٢– ئەتۆ چاوی خۆت گەلە گەلە ڕەش مەکە بەکلی.. سبیانێ ماریێ بابی تووم







لێی دەناوە بەسەر دەکەتن لە (شەوەک) و (مەلا ئۆمەر)ی، دەپەڕینەوە لە (بەستۆرە) و، بەستۆرەی گۆرانی هەریان دەداوە لە بن گردی (بانەمان)ی).[٧]

هەرچی چۆنێک بێت، ئەگەرچی من بەشبەحاڵی خۆم لە شوێن کەوتنی ئەم سێ بۆچوونەدا نەگەیشتمە نهێنی کێشی (نە عەرووزی و نە پەنجەیی)، وەلێ مایە پووچیش لێی دەرنەچووم و هەندێ بیروڕام لە لا گەڵاڵە بوون کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا وەکو (بۆچوونی چوارەم) دەیان خەمە پێش چاو.

یەکەم: مۆسیقای شیعری دێرین و باوی داهێنراو، کوردی و ناکوردی بەشێوەیەکی گشتی، لە تێکڕژانی ڕەزمی ناوەوە و ئاوازی دیوی دەرەوە پێک دێت، ئاوازە دەرکییەکەش لە ئاوێتەبوونی کێش و سەرواوە پەیدا دەبێت، بەواتایەکی دیکەش دەتوانین بڵێین: مۆسیقای شیعری باو لە تێکڕژاندنی ئەم ڕەگەزانەوە پێک دێت.

ڕەزمی ناوەوە + کێش + سەروا

بەڵام بۆ مۆسیقای شیعری هاوچەرخی کوردی و جیهانیش دەتوانین بڵێین:

شاعیری هاوچەرخ بۆ بەدەستهێنانی سەربەستییەکی پتری دەربڕین دێت پشت بەدوو ڕەگەزی یەکەم و دووەم دەبەستێت، بەڵام بۆ ڕەگەزی سێیەم کە (سەروا)یە زۆر لە خۆی ناکات و دوای ناکەوێت، مەگەر خۆی بەڕێکەوت بێتە پێشەوە. بەشێوەیەکی دیکە بۆمان هەیە بڵێین: مۆسیقای شیعری هاوچەرخ لە ئاوێتەبوونی:

ڕەزمی ناوەوە + کێش. پێک دێت و، (سەروا) ڕۆڵێکی لاوەکی تێدا دەبینێت.

وەلێ لە شیعری لاوک و حەیران و بەیتدا حاڵەتەکە سەبارەت بەڕۆڵی (کێش) و (سەروا) پێچەوانە دەبێتەوە، واتا حەیرانبێژ و، لاوکبێژ و،

بەیتبێژ، بەپێچەوانەی شاعیری هاوچەرخەوە، لە پێناوی بەدەستهێنانی سەربەستییەکی پتری دەربڕیندا، دێن ڕەگەزی (کێش)ـەکە دەکەنە قوربانیی و بۆ پاراستنی مۆسیقای شیعریش پشت بەڕەگەزی یەکەم و سێیەمی ڕەگەزەکانی شیعری دێرین و باو دەبەستن و شاعیری هاوچەرخ چەند بایەخ و گرنگی بە(سەروا) دەدەن، ئەمانیش هەر ئەوەندە بەتەنگ (کێش)ـەوە دێن، واتا ئەمانیش بۆ تەرازووکردنەوەی کێش زۆر لە خۆ ناکەن، مەگەر خۆی بەڕێکەوت بێتە پێشەوە، بەکورتیش دەتوانین بڵێین مۆسیقای شیعری لاوک و حەیران و بەیت لەم ڕەگەزانەوە پێک دێت.

ڕەزمی ناوەوە + سەروا

کەواتە ئەمجا لێرەدا (کێش) ڕۆڵی لاوەکی دەدرێتێ، ئینجا ئەگەر (ئاوازی ناوەوە) + (کێش)، تێکستی ئەدەبی بکەن بەشیعر، ئەبێ بۆ (ئاوازی ناوەوە) + (سەروا) ئەو ئەرکەیان پێ ڕەوا نەبینرێت؟ لە کاتێکدا بۆ ڕاگرتنی ئاوازە دەرەکییەکەی شیعر (سەروا) لە (کێش) بەکارترە و ئەوانەی دەقی شیعری فۆلکلۆری لە زاری خەڵکییەوە کۆ دەکەنەوە پتر هەست بەم ڕاستییە دەکەن و دەزانن کە خەڵکی لە گێڕانەوەی شیعردا وشە دەگۆڕن و پاش و پێشیان پێ دەکەن و هەندێ جار هەر بەتەواوی لە بیریشی دەکەن، کە ئەمانەش هەموو کار لە کێش دەکەن – وەلێ زۆر بەدەگمەن وشەی کۆتایی لە بیر دەکەن یا دەسکاریی دەکەن و دەیگۆڕن، چونکە (سەروا)کەی پێوەیە، ئێمە ئەمانەمان تەنها وەکو ڕاستییەک خستە پێش چاو، دەنا لێک جیاکردنەوەی (شیعر) و (پەخشان) بەبوون و نەبوونی (کێش) و (سەروا)وە بەند نییە و بەدەیان پارچە شیعری بێ (کێش) و (سەروا)مان هەیە کە هەر بەتەنها بەهۆی جوانیی (ڕەزمی ناوەوە) گەیشتوونەتە پلەی شیعری نەمر و، بەدەیان بگرە بەسەدان (هۆنراوە – نظم)ی بەکێش و سەرواشمان هەیە کە ناتوانین بەدڵنیاییەوە بیانخەینە خانەی شیعرەوە.





(ت. س. ئەلیوت) لە چاوپێکەوتنێکدا وتوویەتی:

شیعری (درامای شیعری) دەبێ (سەروا)دار بێت، بەڵام بۆ (کێش) ئاوا پێی دانەگرتووە.[٨]

(حاتم محمد صگر)یش، لە لێکۆڵینەوەیەکدا لەمەڕ درامای شیعری عەرەبییەوە وتوویەتی:

(.. ئەگەر بمانەوێت شیعری نوێمان لە شانۆدا کاریگەرتر بێ (..) دەبێ لە گرفتەکانی (کێش)ی ڕزگار بکەین).[٩]

(کێش) کۆسپێکی گەورەیە لە ڕێی سەرکەوتنی شیعری درامی ئامێزدا، بۆ نموونە، جاری وا هەیە (گفتوگۆ – دایالۆگ)ـەکە تەواو دەبێت، بەڵام (کێش)ـەکە پڕ نابێتەوە، بەپێچەوانەشەوە جاری وا دەبێت (گفتوگۆ)کە تەواو نابێت، بەڵام (کێش)ـەکە پڕ دەبێتەوە، حاڵەتی یەکەم شاعیر ناچار دەکات بۆ پڕکردنەوەی (کێش) وشەی زیادە بەکار بەرێت، حاڵەتی دووەمیش ناچاری دەکا لەسەر حیسابی واتا وشە بقرتێنێت.

وەک دەزانین شیعری لاوک و حەیران و بەیتیش شیعری درامی ئامێزن و لەوە دەچێت لاوکبێژ و حەیرانبێژ و بەیتبێژانی کورد. زۆر ئیزرا پاوەند و ئەلیوت زووتر هەستیان بەم کۆسپە کردبێت بۆیە (سەروا)یان گرتووە و (کێش)یان هێشتۆتەوە بۆ ڕێکەوت.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم دیاردەیەشدا، دەتوانین بڵێین: شێواز و شیعری لاوک و حەیران و بەیت زۆر لە شێوازی شیعرە کێشدارە باوەکانی ئێستامان لەبارترە بۆ شیعری درامی و ، درامای شیعری و، سترانە شانۆ و، ئۆپەرێت و ئۆپێراو، چامەی درێژ و، باڵادەشیعریش. لە هەمووشی چاکتر ئەوەیە کە بوونی ئەم شێوازە ڕەسەنە لە ئەدەبی دێرینماندا ئەو بیانووە نابەجێیە دەبڕێ کە گوایە شیعری بێ کێش نامۆیە بەئەدەبەکەمان و، گوایە گوێی مرۆڤی کوردی بێ ئاشنا نییە و، چێژی لێ نابینێ.

دووەم: شیعری باو، شیعری نووسراو، ئەوەی بۆ خوێندنەوە دەگوترێ – هەستی بینین دەدوێنێ و، پانی و درێژی و، ڕووبەری کاغەز کار لە ڕادەی کورت و درێژی دێرەکانی دەکەن و، نووسینیش لە شێوەیەکی دیاریکراوی نەگۆڕدا مۆمیایان دەکات.

وەلێ شیعری لاوک و حەیران و بەیت شیعری سەرزارەکییە و، هەستی بیستن دەدوێنێ و، بۆ (چڕین)ـە، واتا بۆ (خوێندن)ە نەک بۆ (خوێندنەوە) ئەمەش بواری زیندوویی و ئەفراندنی دووبارە و گەشەکردنی بەردەوامی بۆ مسۆگەر دەکا. هەر ئەمەش یارمەتی بەیتبێژ و حەیرانبێژ و لاوکبێژان دەدات کە بەهۆی خێرا (خوێندن)ی دێرە درێژەکان و، خاوکردنی دێرە کورتەکان، یا لێکدانیان، یا دووبارەکردنەوەیانەوە، واتا بەهۆی گۆڕینی ڕەزمی چڕین و لە ڕێی بەکاربردنی هەندێ وشەی وەک (ئای و، ئاخ و ئۆف و ئەمان و..) و، هەندێ وشەی دەنگداری بێ واتای وەک (لێ لێ) و، (لۆلۆ)وە بەسەر (نەبوونی)ی و لاسەنگی (کێش)دا زاڵ بن و، ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە کە ئەو لاسەنگی (نەبوونی)یە دروستی دەکات.

سێیەم: لە شیعری حەیران و لاوک و بەیتدا تەنانەت پەیڕەوی دابونەریتی بەکارهێنانی (سەروا)ی شیعری ئاسایش ناکرێ و، لەم بوارەشدا تا ڕادەیەک سەربەستی هەیە:

لە شیعری ئاساییدا (دێر) یەکەی بناغەییە، بۆیە (سەروا)ش لە کۆتایی دێردا دادەنرێ، بەڵام لە شیعری لاوک و حەیران و بەیتدا، (ڕستەی شیعری) بەیەکەی بناغەیی دادەنرێ، بۆیە لە دانانی (سەروا)دا حیساب بۆ کۆتایی (واتا) یا کۆتایی (وێنەی شیعری) دەکرێ، نەک کۆتایی (دێر) مەگەر ڕێکەوت وای بێنێ، واتا، ئەگەر وێنە شیعرییەکە و ڕستە شیعرییەکە و دێرەکە پێکەوە کۆتاییان بێت.

سەروا، لە لاوک و حەیران و بەیتدا – بەزۆری (جووت سەروا)یە و،





حەیران و لاوک و بەیتبێژان خۆیان بە(سەروای ئەستوونی)یەوە نابەستن، مەگەر بەبێ زۆر لە خۆکردن بۆیان هەڵکەوێ، زۆر جاریش نیشانەی کۆ (ان) و (ن)، یا یەک وشە هەر بەهەمان واتاوە لەبەر ڕاگرتنی سەروا – لە دوو دێری یەک لە دوای یەکدا بەکار دەبەن، هەندێ جاریش ـ سەروا – تەنها لە یەک پیت، یا هەر لە پیتە بزوێنێک پێک دێت، بەتایبەتیش پیتە بزوێنی (ێ) بەزۆری لەم جێیانەدا بەکار دەبرێ، بەبێ ئەوەی گوێ بەلێکچوون و لێکنەچوونی پیتەکەی پێشی بدرێت.

ئەم دیاردە و ئەم جۆرە مامەڵەکردنانەش هەموویان لە شیعری ئاساییدا بەخەوش دادەنرێن، بەڵام لە لاوک و حەیران و بەیتدا کارێکی ئاساین. جگە لەمانە (سەروا)ی ناوەوەشیان تێدا بەکار دەبرێت.

چوارەم: لەبەر ڕۆشنایی ئەم بیر و بۆچوونانەدا، دژ بەبۆچوونەکەی (ئەسعەد عەدۆ) کە دەڵێ: حەیران پەخشانە، لەگەڵ (ئازاد عەبدولواحید و عەلی فەتاح دزەیی و کەریم مستەفا شارەزا)دا دەڵێم: حەیران و، لاوک و بەیتیش شیعرن و پەخشان نین، بەڵام بەپێچەوانەی ئەمانیشەوە دەڵێم لاوک و حەیران و بەیت ئەگەرچی شیعریشن وەلێ شیعری بێ کێشن، ئەگەر لە بەیتێکدا، یا لە حەیرانێکدا، یا لە لاوکێکدا، چەند دێرێکی هاوکێشیش بەڕێکەوت هەڵبکەون ئەوساش هەر بە(کێشی پەنجەیی) دەکێشرێن، نەک بەکێشی (نە عەرووزی و نە پەنجەیی).

لە کۆتاییدا دەڵێم: حەیران و لاوک و بەیت ئەنجامی کەڵەکەبوون و تێکڕژان و خەستبوونەوەی چالاکی هونەری و ئەزموونی داهێنەرانەی سەدان ساڵەی نەوەکانی پێش خۆمانن و، لە شێوە و شێوازیشدا گەلێک لە شیعری نوێی جیهانییەوە نزیکن و، گەلێک ڕەگەزی هونەری بەرچاویان تێدایە کە بۆ نوێکردنەوەی شیعری هاوچەرخی کوردی، لە ئەدەبی بیانییان دەخوازین، یا بەبیانووی پاراستنی ڕەسەنایەتی ئەدەبەکەمانەوە

بەربەرەکانیان دەکەین و هەوڵی سەرکوتکردنیان دەدەین، بۆیە خۆزگە دەخوازین شارەزایان و پسپۆڕان خۆیان لەگەڵ شیکردنەوەیاندا ماندوو بکەن و کێ دەڵێ:

بۆچوونی پێنجەم و شەشەم و هینی دیکەش پەیدا نەدەبوون.

سەرچاوەکان:

١- ئەسعەد عەدۆ، لیرەیەک لە گەنجینەی نەتەوەی کورد، بەغدا، ١٩٨٤، ل ١١.

٢- ئازاد عەبدولواحید، دیوانی شێخ نووری شێخ سالّح، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، بەغدا ١٩٨٥، ل ٢٥١.

٣- گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە ٣ی خولی سێیەم، داستانی مەمی ئالان، ناساندن و لێکۆڵینەوە، عەلی فەتاح دزەیی، ل ٥١.

٤- گۆڤاری کاروان، ژمارە (٧٤)ی نیسانی ١٩٨٩، دیوانی کاروانی ساڵی شەشەم خوێندەوە، بەشی دووەم و کۆتایی کەریم مستەفا شارەزا ل ٩٠.

٥- چیرۆکنڤیس، مەمی ئالان بەغدا، ١٩٧٧، ل ٦٤.

٦- ئۆسکارمان، تحفەی مزەفەرییە، بەشی دووەم بەغدا، ١٩٧٥، ل ٣٣.

٧- هەمان سەرچاوەی ژمارە ١، ل ٨.

٨- ف. ا. ماتیسن، ت. س. الیوت، الشاعیر الناقد، ت: احسان عباس بیروت ١٩٦٥، ص ٢٩٩.

٩- مجلة الكلمة العدد الرابع السنة السادسة، تموز ١٩٧٤. محمد الماغوط دراما الحلم والحرية، حاتم محمد صگر، ص ٨٤.

کەرکووک - ١٩٨٩

لە گۆڤاری بەیاندا بڵاو کراوەتەوە.



## دەق هەیە.. نە دەژێ.. نە دەمرێ

دەق ئەو (شت)ەیە کە مرۆڤ دەیخاتە سەر شتەکانی دیکەی وجود و، وەکو ئەوەکانی دیکە بوونێکی هەمیشەیی دەداتێ. دەق تەنها ئەفرێنراوە کە مرۆڤ دەتوانێ لە ڕێیەوە دەست لە کاروباری خواوەند وەربدات و، بەشداریی لە دووبارە ئەفراندنەوەی ئەم جیهانە هەڕەمەکی و بەڕێکەوت ئەفرێنراوەی دەوروبەریدا بکات و، بەهایەک و جوانییەک و دادپەروەری و واتایەک بخاتە سەر ئەم دونیایەی کە کاتی خۆی خوا بەبێ بایەخییەوە پێکی هێناوە.

دەق، لە دایک نابێ.. ناژێ.. ناشمرێ، بەڵکو وەکو ئەڵماسێک، مرواریییەک، گەوهەرێکی یەک دانە لە دۆخی لەباری خۆیدا (پەیدا) دەبێت و (بوون)ی خۆی لە شێوە و شێواز و بنیاتێکدا ڕادەگەیەنێت و ئیتر هەر دەمێنێ و هەر (هەیە). ئێستا ئەو بۆچوون و تیۆرییە پووکایەوە کە دەقی وەکو (گیانلەبەرێکی زیندوو) دەدیت و پێی وابوو دەق وەک گیانلەبەر لە دایک دەبێت و نما دەکا و دواییش چونکە دەژێ دەبێ وەک گیانلەبەریش بمرێ..! دڵنیاشم ئەگەر دەق بمردایە، کەس لە ئێمە گوێی لە (هەلوور بەلوور..) و (هەیاران و مەیاران..) و (قەرە قەرە..) و (مەتەڵ مەتۆزی..) و (سنجانە سنجانە..) و (تلیلینجان و تلیلینجان..) نەدەبوو، کە نازانین کەی و لە کوێ و کێ دایهێناون و بەکەڵکی چی دێن؟! کەچی (هەن) و هەر دەشمێنن و نەوە لە دوای نەوە بۆ یەکتری دەگوێزینەوە.

پێم وایە بەڕێزان شەماڵ عومەر و مەریوان وریا قانیع بەپشت بەستن بەو تیۆری بە(زیندەوەر زانینی ئەدەب)ە سەرەتا ساڵی ١٩٩٠ بانگەشەی (دابڕانی ئیپستمۆلۆژی)یان کردو، جاڕی مەرگی سەرجەمی (دەق)ی کوردییان دا.

کاتی خۆی کە هێشتا لە ژێر کاریگەریی شۆکی ئەنفالدا بووین کە لەگەڵ خەڵکەکەدا کلتووری لادێ و کەلەپوور و فۆلکلۆری نەتەوایەتیمانیشی ڕاپێچ کرد، ئەو بانگەشەیە دڵەڕاوکێیەکی ترسێنەری لە ناو ڕۆشنبیرانی کورددا نایەوە و، لەوە دەترسایین کە مەبەستێکی سیاسی لە پشتەوە بێت و ببێتە پێشینەیەک بۆ ئەنفالکردنی دەقی داهێنراو و ئەدەبی نووسراو و سەرجەم ڕۆشنبیریی کوردییش، بەتایبەتیش لەبەرئەوەی کە لە بەغداوە بازاڕێ بۆ گەرم دەکرا و، لە زانکۆی بەغدا و، کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردیدا گەرمە کۆڕی بۆ دەبەسترا لەو سەردەمە دوابڕاوەدا...!.

ئەو کاتە لە دژی بانگەشەکەیان وەستام و، ئەم سێ بابەتەی دادێن بەرهەمی ئەو دایالۆگەن (!)، کە ڕۆشنبیرانی کورد بەگەرمی لە دووی بوون، لێرەدا بۆ مێژوو وەکو خۆیان تۆماریان دەکەمەوە.

## ١- دابڕانی ئیپستیمۆلۆژی، یان دابڕانی ئیستاتیکی؟

(شەماڵ عومەر)ی (ئەزموونگەر)ی ناسراو و شانۆکاری مژدەبەخشی لاو، لە نووسینێکیدا – لە پەراوێزی هەڵوێستێکی شانۆییدا – کە لە (هاوکاری) ژمارە (١١٤٧ – ٢٥/١/ ١٩٩٠)دا بڵاو کراوەوە، بەرگری لە مافی (بڵاوەکردن – حق الانتشار)ی خۆی کردبوو، ئێمە ئەوە وەکو مافێک، بەو و بەهەموو نووسەر و هونەرمەندێکی دیکەش ڕەوا دەبینین و لێرەدا کارمان پێوەی نییە، بەڵام هەر لەو نووسینەیدا لە کرۆکی باسەکەی دەرچوو بوو و، لابەلا بەرگرییەکی زۆریشی لە (مەریوان قانیع)ی (ئەقڵانی)ش کردبوو، کە بەهۆی نووسینێکەوە – دەقی مردوو – لە نێوان ئیپستیم و ئایدۆلۆژیادا – بێزاری و ناڕەزایی نێوەندە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکەی لە خۆی وروژاندووە.

نووسینەکەی (مەریوان)یش بەدوو بەش بەرودوا لە (پاشکۆی عێراق)ی ژمارە (١١٧ – ٢٧/ ١٢/١٩٨٩)و (١١٩ – ١٠/١/١٩٩٠)دا بڵاو کراوەتەوە.

نووسینەکەی شەماڵ، بەدێڕێکی شەکسپیر، ئاوا دەست پێ دەکات (یان





دەبێ ببین، یان دەبێ نەبین)، ئا ئەوەیە کێشەکە.. کێشەی نێوان ئامادەبوون و ئامادە نەبوون، ئەقڵانییەت و نائەقڵانییەت).

مەریوانیش لەو نووسینەیدا کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد پاش ئەوەی، دەقەکانی (گۆران) بەنیمچە مردوو دادەنێ و، هەموو دەقە کوردییەکانی دوای ئەویش بە(مردوو) لە قەڵەم دەدا، ئەوجا دەڵێ: (کەواتە ئەزمەی سەرەکی دروستبوونی دەقی مردوو لە ڕۆشنبیریی کوردیدا ئەزمەی لەدایک نەبوونی عەقڵانییەتە).

هەتا ئێرە شەماڵ و مەریوانیش لەسەر تێڕوانینەکەیان کۆکن و دژایەتی لە بۆچوونەکانیاندا نییە، هەرچەندە ئەمە زۆر لەسەر شەماڵ دەکەوێ و بەگەڕانەوە یا ڕاستتر بڵێم بە(هەڵگەڕانەوە) بۆی دەژمێردرێ لە ڕابردووە هونەری و ئەزموونگەرییەکەی خۆی، وەلێ زۆری پێ ناچێ هەر لەم نووسینەدا ئەمجا دەڵێ: (... من لەو چاوپێکەوتنەدا لە بواری هەندێ چمکەوە – خۆی چەمکە – کە تێڕوانینی مەیدانی و هەنگاوی سەرەکی ئەزموونکارییە قسە لەسەر ئەزموونکاریی جموجۆڵی شانۆی کوردی دەکەم).. بەمەش دەچێتەوە سەر ڕێگای خۆی، بەڵام ئەوجا لەگەڵ قسەکانی پێشووی خۆی و قسەکانی مەریوانیشدا دژ دەوەستێتەوە.

مەریوان دەڵێ: (.. هەردوو ئەو ڕێبازە فیکرییانەش کە لە ڕۆژئاوادا هەڵگری عەقڵانییەت بوون بەهاتنیان بۆ ناو بنیاتی ڕۆشنبیریی کوردی (...) بۆ جۆرێک لە (ناعەقڵانییەت) گۆڕاون).

شەماڵیش دەڵێ: (مەریوان قانیع جۆرەها تۆمەت و ئاماژەی نائەقڵانی بۆ دەکرێت).

ئەم دوو قسەیە وامان لێ دەکەن بڵێین نە مەریوان و نە شەماڵیش لەم زاراوانە – ئەقڵانییەت و نائەقڵانییەت و ئەزموونگەری ـ نەگەیشتوون و بەهەڕەمەکی بەکاریان دەبەن دەنا نە مەریوان وای دەزانی ئەقڵانییەت –

هەر بەتەنها بەهاتنی بۆ ناو ڕۆشنبیریی کوردی - دەبێتە نائەقڵانییەت و، نە شەماڵیش دووچاری دژایەتیکردنی خۆی دەبوو و، نە نائەقڵانییەتیش بەتۆمەت تێدەگەیشت.

بەکارهێنانی هەڕەمەکی (عشوائی) زاراوەی فەلسەفی ئەگەر بۆ هەندێ کەسیش چوویێتە سەر، نابێ بۆ لاوە ڕۆشنبیرەکانمان بچێتە سەر ئەگەر بەتەنگ داهاتووی ڕۆشنبیریی کوردییەوە بێین.

ئەقڵانییەت، ژیری - Rationalism نە هاوواتای (هۆشمەندی)ی و نە پێچەوانەی (بێ ئەقڵیشە)، بەڵکو زاراوەیەکی تایبەتی و لقێکی فەلسەفی و بەشێکی سەرەکی (تیۆری زانیاری - ئیپستیمۆلۆژیا - نظریه المعرفه)یە. زۆر فەیلەسووفی کۆن و نوێ خۆیان لێ داوە وەلێ لەسەر دەستی (ڕێنێ دیکارت - ١٥٩٦ - ١٦٥٠) و (بیندگوت دی سپێنۆزا - ١٦٤٦ - ١٧١٦)دا گەیشتە پۆپە و کامڵ بوو.

ئەقڵانییەکان لەسەر ئەو باوەڕەدان کە بەبێ ئەزموون و ئەزموونکاری و تاقیکردنەوەی پێش وەختەی جیهانی مەوزووعی، هەر بەتەنها لە ڕێی چالاکیی ڕووتی ئەقڵەوە دەتوانن زانیاری پێویست لە بارەی بوونەوە پەیدا بکەن، ئەوان پێیان وایە زانیاری لە ئەقڵەوە دەردەچێت و، واتا و، نیزام و، بوون و، مەبەست بەبابەت یا بەجیهانی دەرەوە دەبەخشێت. ئەم بۆچوونە لە سەدەی هەژدەیەمدا ماوەیەک برەوی هەبوو، وەلێ هەر زوو (ئەزموونگەرە) ئینگلیزەکان (جۆن لۆک - ١٦٣٢ - ١٧٠٤) و (جۆرج پارکلی ١٧٨٥ - ١٧٥٣) و (دێڤید هیوم-١٧١١-١٧٧٦) و (جۆن ستیوارت مل ١٨٠٦ - ١٨٧٣) لێی ڕاپەڕین و تا سەدەی نۆزدەیەم بەتەواوی کپیان کردەوە.

(ئەزموونگەری - التجريبية)یش خۆی هەمدیسان لقێکی دیکەی فەلسەفە و بەشێکی سەرەکیی (ئیپستیمۆلۆژیا - نظریه المعرفه)یە و تەواو پێچەوانەی ئەقڵانییەتە و ڕاستەوخۆ لە دژی ئەو هاتۆتە کایەوە و، هەرگیز پێکەوە ناژین و، گومانی تێدا نییە کە ئامادەبوونی یەکێکیان لەسەر





حیسابی کشانەوە و نائامادەبوونی ئەوی دیکەیان دەبێت.

ئەزموونگەرەکان باوەڕیان وایە: کە عەقڵی ڕووت بۆ بەدەستهێنانی - زانیاری - پشتی پێ نابەسترێت و ئەوەی دەیزانن و دڵنیان لە زانینی هەر ئەوەیە کە لە ڕێی پێنج هەستەکەوە (چاو، لووت، گوێ، زمان و بەرکەوتن) دەیزانن. (پارکلی) داهێنەری فەلسەفەی (المثالية الذاتية) ئەم بۆچوونەی لە (وتە)یەکی زۆر باو و کورتدا دارشتووە و دەڵێ: (بوونی شت لەوەدایە کە هەستی پێ بکرێ - Esse est Percipi).

جیاوازیی نێوان (ئەقڵانییەت) و (ئەزموونگەری) لەم دیالۆگانەی خوارەوەدا ڕوونتر بەدەردەکەوێ. کە یەکەم: (دەپرسی): تۆ خۆت بینیت؟ گوێت لێ بوو؟ بۆنت کرد؟ تامت کرد؟ دەستت لێ دا؟

کەسی دووەم: (وەڵامی دەداتەوە): نا بەخوا، خۆم هەروا بەئەقڵ دەزانم.

کەسی یەکەم: دە کەواتە باوەڕت پێ ناکەم.

بێگومان کەسی یەکەم لەم حاڵەدا (ئەزموونگەرە) و کەسی دووەمیش (ئەقڵانییە) و هەرگیز یەک ناگرنەوە مەگەر واتای زاراوەیی (ئەقڵانییەت) و (ئەزموونگەری) بشێوێنن.

وەک گوتمان شەماڵ دەڵێ: (تۆمەت و ئاماژەی نائەقڵانیی) و مەریوانیش پێی وایە (ئەقڵانییەت) کە دێتە ئەدەب، یا ڕۆشنبیریی کوردییەوە (؟!) (دەگۆڕێت بەجۆرێک لە نائەقڵانییەت).

براینە.. (نائەقڵانییەت - Antiintellectualiste) نە هاوواتای (بێ ئەقڵی) و نە پێچەوانەی (هۆشمەندی)شە بەڵکو ئەمیش زاراوەیەکی فەلسەفی و لقێکی فەلسەفەی (پراگماتی - Pragmatisme)یە و (ولیەم جێمز - ١٨٤٢ - ١٩١٠) دایهێناوە، پرگماتیزمیش بەگشتی و بەتایبەتی (نائەقڵانی)یەکەی (و. جێمز)، فەلسەفەیەکی ئەزموونگەرییە و، ئەزموونگەرییەکی توندڕەویش، ڕەنگە لە هەندێ خاڵدا لەگەڵ (ئەزموونگەری)یە ئاساییەکەی (لۆک)دا یەک

بگرنەوە، وەلێ قەت ناشێ لەگەڵ (ئەقڵانییەتەکەی) دیکارتدا جووت ببنەوە، بۆیە من بەشبەحاڵی خۆم تێناگەم چۆن و لەبەرچی (ئەقڵانییەت)، کە بەمەوشووری ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیدا تێپەڕ دەبێ، دەبێ بە(نائەقلانییەت).

مەریوان و شەماڵیش هەردووکیان بەبێ گونجاندن و دەستکاریی کێشەی ئیپستیم، کە کێشەیەکی فەلسەفیی - زانستییە لە بواری خۆی (هەڵدەپچڕن) و ڕاستەوخۆ (دەیئاخێننە) بوارە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە کوردییەکەوە و، باس لە (دابڕانی ئیپستیمی) دەکەن و (دابڕانی ئیپستیمی)ش بەتاکە مەرجی سەرەکی زیندوویی دەق دادەنێن. مەریوان دەڵێ: (هەموو تەبابوونێک لەگەڵ ئیپستیما دەق بەمردوویی دێنێتە کایەوە).

شەماڵیش دەڵێ: (هەرچیی ئامادەبوونە (....) لە توانایدایە (...) دابڕانێکی ئیپستیمۆلۆژی بەدی بهێنێت، کە ئامانجی بەردەوامی گشت تەقەلایەکی عەقڵییانەیە، ئەمەش (بوونە) و بوونێکی زیندووە).

ئەم (دابڕانە ئیپستیمییە) چییە وا ڕوح دەخاتە بەردەق و ئەو دەقەی ئەو دابڕانەی تێدا بێت دەژێ و ئەوەی نەیبێ دەمرێ؟!. (دابڕانی ئیپستیمی) ئەوە نییە بەپێچەوانەی ئیپستیمی باوی دەوروپشتی خۆتەوە بلێی یا بنووسیت، ئەوە ڕەنگە ناوبانگێکی فراوان و خێرات بۆ مسۆگەر بکات، وەلێ هەرگیز دابڕانی ئیپستیمۆلۆژی پێ نایەتە کایەوە.

(دابڕانی ئیپستیمۆلۆژی)یش زاراوەیەکی زۆر دیاری و چەمکێکی فەلسەفی (باشلار)یانەیە، دوای ئەو (ئەلتۆسێر) و (فۆکۆ)ش بەکاریان هێناوە.

(گاستۆن باشلار) مەبەستی لە (دابڕانی ئیپستیمۆلۆژی) بەتایبەتی لەو ساتە وەختەیە کە (ئایدۆلۆجیا)ی تێدا دەبێ بەزانست، مەبەستیشی لە ئایدۆلۆجیا (وهم)ـە و، وەهمیش لە جێی (هەڵە) بەکار ناهێنێت، بەڵکو لە





جێی ئەو هەڵەیەی بەکار دەهێنێت کە تا ئاشکرابوونی ناڕاستییەکەی، خۆی وەک ڕاستی پێشان دەدات.

وەک ئەو ساتانەی کە (تەنجیم) بوو بە(زانستی فەلەک) و (دەرمانگەریی عەشایەری) بوو بە(زانستی کیمیا) و (زانستی نووژداری)، یا وەک ئەوەی یەکێک لەمەوپاش بێت و ئەوە ساغ بکاتەوە کە (هێڵە هاوتەریبەکان یەکتر دەبڕن) ئەوسا بنەمای (هێڵە هاوتەریبەکان یەکتر نابڕن) دەبێتە ئایدیۆلۆجیا و پووچ دەبێتەوە و ئەو بنیاتە زانیارەشی کە پێشتر لەسەری دامەزراوە هەمووی هەڵدەوەشێنەوە و دەپووکێنەوە. ئەم دابڕانی ئیپستیمۆلۆژییە بەم چەمکەوە بۆ زانست ڕاستە، چونکە زانست هەمیشە لە بەرەو پێشەوە چوون دایە و، ئەگەر ڕاوەستانیشی تێدا بێت گەڕانەوەی تێدا نییە و لە یەک ساتیشدا بواری پێکەوە ژیانی دوو ڕاستی دژ بەیەک نادات، ئەوەی دەکەوێتە درۆوە دەمرێ و ئیتر جارێکی دیکە لە هیچ - کات - و - شوێن -ێکی دیکەدا نە خۆی و نە مۆتیڤەکانی و نە ئەو بنیاتەشی کە لەسەری دروست بووە بەکەڵک نایەنەوە، بەکورتی (دابڕانی ئیپستیمی) نە لە زانستەوە بۆ زانست دەبێ و، نە لە زانستەوە بۆ ئایدۆلۆجیا دەبێ و، نە لە ئایدۆلۆجیاوە بۆ ئایدۆلۆجیا دەبێت بەتەنها لە ئایدۆلۆجیاوە بەرەو زانست دێتە کایەوە.

ئەدەبیش بەپێی ئەوەی زانست نییە دەبێ ئایدۆلۆجیا بێت و، هەر گۆڕانێکیشی تێدا ڕووبدات لە ئایدۆلۆجیاوەیە بۆ ئایدۆلۆجیا و دابڕانی ئیپستیمیش لەم حاڵەتەدا نایەتە کایەوە و مەحاڵیشە، ئەدەب توانای بەرەو پێشەوە چوون و وەستان و گەڕانەوەشی تێدایە، بۆیە دەقی ئەدەبی مردنی یەکجارەکی بۆ نییە و دەتوانێت بەشێوەیەکی بازنەیی بژێ و بمرێ و بشژێتەوە و ئەوەی - ئێستا -ش مردووە دەتوانین کەڵک لە پارچەکانی - مۆتیڤەکانی - ببینین، وەکو ئەفسانەکانی گریک کە کاتی خۆی وەکو ڕاستییەک تەماشا کراون، وەلێ ئێمە ئێستا وەک ئەفسانە لێیان دەڕوانین و

لەسەر شێوە و ناوەڕۆکەکانیان لەم ڕۆژگاریشدا شاکاری ئەدەبی وەک (یۆلیسیس) بنیاد دەنێینەوە، مۆتیڤە جیا جیاکانیان بەکار دەهێنینەوە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوەیە میللەتان فۆلکلۆر و کەلەپووری خۆیان دەپارێزن و ئەدیب و هونەرمەندان دەیانخوێننەوە، جگە لەمانەش چەمکی زانستی مەوزووعییە و بەپێی (ڕاستی و درۆیی) مافی ژیانی دەدرێتێ، بۆیە ئەوەی لە (کات) و (شوێن)ێکدا لە لای یەک کەسیشەوە بەکردەوە پووچ بکرێتەوە ئیتر لە هەموو کات و شوێنێک و لە لای هیچ کەسێکی دیکە بە(ڕاست) تەماشا ناکرێتەوە، وەلێ ئەدەب بەپێی بنەماکانی (جوانکاری) ژیان بەدەق دەبەخشێ و بنەماکانی جوانکاریش خودی و نسبین و لە کاتێکەوە بۆ کاتێک و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک و لە کەسێکەوە بۆ کەسێک دەگۆڕێن، بۆیە ئەو دەقەی لە شوێنێکدا یا لە کاتێکدا دەمرێ لە سەردەم و شوێنانی دیکەدا دەژێ و بەپێچەوانەشەوە، هەر ڕاستە، جگە لەوەش لە ئەدەبدا ئەشێ دوو بنەما یا پتری دژ بەیەکیش لە یەک سات و شوێندا و لە بەرهەمی یەک کەسیشدا پێکەوە بژین، وەلێ ئەمە لە زانستدا مەحاڵە، بۆیە دەبێ یەکێک لە چەمکە دژ بەیەکەکان بمێنێت و، ئەو، یا ئەوانی دیکە بمرن. لەبەر هەموو ئەمانەش ڕاستتر وایە بۆ ئەدەب و بۆ هونەر بەگشتی بەو واتایەی کە (شکلۆفسکی) دەڵێ: شتی غەریب – نائاسایی ـ جوانە. لە جێی (دابڕانی ئیپستیمۆلۆژی) پێشنیاری (دابڕانی ئیستاتیکی – جمالی) بکەین. ئەمەش بەو واتایە نییە بڵێی مادام خەڵک هەموو دەڵێن ماست سپییە با من بڵێم ڕەشە. یا بڵێی مادام خەڵکی دیکە (مادیانە) بیر دەکەنەوە با من (میسالییانە) بیر بکەمەوە یا بەپێچەوانەوە، ئەم بۆچوونەی شکلۆفسکی هەم بواری سەرلەنوێ داڕشتنەوە و بەکارهێنانەوەی ڕابردوو دەدات و، هەم بواری دۆزینەوەی نوێ و، هەم بواری تێکهەڵکێشکردنەوەی کۆن و نوێ دەدات مادامەکی هەر بەتەنها (نائاساییێتی) بەس بێت بۆ ئەوەی (هەستی ئیستاتیکی) بێتە کایەوە.





جگە لەمەش مەریوان زۆر کلاسیکییانە و زۆر بەڕەهایی (ئیپستیم) بەکار دەهێنێ و دەڵێ: (ئیپستیم .. نظام الانظمە.. زاراوەیەکە میشێل فۆکۆ بەکاری هێناوە). جارێ (ئیپستیم – Epistem) وشەیەکی گریکییە و لە جێی وشەی (زانیاری)ی، کوردی بەکار هێنراوە و، کەم فەیلەسووفیش هەیە خۆی لێ نەدابێ، وەلێ وەکو چەمکی فەلسەفی بەواتای (تیۆری زانیاری – نظرية المعرفة) لە ساڵی (١٦٨٠)ـەوە، لە لای (جۆن لۆک – ١٦٣٢ – ١٧٠٤) گەڵاڵە بوو، (عەمانوێل کانت – ١٧٢٤–١٨٠٤)یش (الفلسفة النقدية)ی لەسەر دامەزراند و (ئۆگۆست کۆنت – ١٧٩٨–١٨٥٧) (الفلسفة الوضعية)ی لەسەر ڕۆ ناوە. لەم سەدەیەشدا (جان بیاجێ)یش (ئیپستیمۆلۆژیای پێکهاتە – تكويني) پێشنیار کرد. وەلێ هەوڵی هەموو ئەمانە و شاگرد و لایەنگرانیشیان بۆ دۆزینەوەی ئەم (نظام الانظمة) –یە بوو کە مەریوان دەیڵێ، بەڵام کەسیان بەئەنجامێکی پەسەند نەگەیشتن تا (گاستۆن باشلار) هات و ئەو چەمکی (نظام الانظمة)یە ئەفسانەییەی بەیەکجاری سڕییەوە و وای بۆ چوو ئیپستیمی ڕووت یا ڕەها – مطلق – نییە، بەڵکو هەر لقێکی زانستی ئیپستیمی تایبەتی خۆی هەیە و ئیپستیمییەکی گشتی نییە هەموو ئەو ئیپستیمە تایبەتییانە بگرێتەوە و، ڕێکیان بخات بۆیە لەجیاتی ئیپستیمۆلۆژیای (زانست) پێشنیاری ئیپستیمۆلۆژیای (زانستەکان)ی کرد. واتا لە بری ئەوەی بڵێین (ئیپستیمۆلۆژیای زانست) دەبێ بگوترێ: (ئیپستیمۆلۆژیای ماتماتیک، یا ئیپستیمۆلۆژیای کیمیا و، فیزیا و.. بایۆلۆجی.. هتد). بەمجۆرە گرێ کوێرەی – تیۆری زانیاری – شل بووەوە و، ئەفسانەی – نظام الانظمە –ش بەیەکجاری کرایەوە و، سەرئەنجام (ئیپستیمۆلۆژیای جهەوی – الابستيمولوجيا الجمهوية) یا (ئیپستیمۆلۆژیای باشلاری) هاوچەرخ هاتە کایەوە، ئەوجا (میشێل فۆکۆ – ١٩٠٦ – ١٩٨٤) خۆی لێ دا.

ئینجا ئەگەر ئیپستیمۆلۆژیایەکی گشتی بۆ ڕێکخستنی ئەپتسمۆلۆجیای

لقە جیا جیاکانی زانست مەحاڵ بێت، دەبێ بەچ هیوایەکەوە خۆمان لە دووی ئەپتسیمۆلۆجیایەکی گشتی ئەوتۆ ماندوو بکەین کە هەموو لقەکانی زانست و هەموو لقەکانی ئەدەب و هونەریش بگرێتەوە؟!

مەریوان (هەموو) دەقی کوردی بە(مردوو) دەزانێ و، (شەماڵ)یش لەوەدا پشتگیری دەکات. هەردووکیشیان ئەو بە(کۆمەڵ مردنە) ساغ نەکراوەیەش دەخەنە ئەستۆی (لەدایک نەبوونی) یا (ئامادە نەبوونی ئەقلانییەت)، وەلێ ئەوەی خۆی بەکردەوە لە دەقە کوردییەکان بکۆڵێتەوە پێچەوانەی ئەمەی بۆ دەردەکەوێ و بۆی ساغ دەبێتەوە کە ئەدەبی کوردی لە چوار چمکی (لایەنی) – تیۆری زانیاری –دا هەر بەتەنها (دەسەڵات – السلطه) و (تەسەوف) و، (ئەقلانییەت) بەکار دەهێنێ و بەتەنها لە حەفتاکانەوەیە ڕووی لە (ئەزموونگەری) کردووە. هەر لەو ساشەوەیە ئاهێکی تێدا گەڕاوە، بۆیە ئێمەش لەجیاتی (عەقلانییەت) پێشنیاری (ئەزموونگەری) و بەردەوامیی (ئەزموونگەری) دەکەین و لەو بڕوایەشداین کە ئەدەبی کوردی – ئێستا – بۆ دروستبوونی (دابڕانی ئێستاتیکی) و، بۆ خۆناسینەوەش پێویستی بە(ئەزموونگەری)ی پترە تا (ئەقلانییەت).

سەرچاوەکان:

١– عبدالسلام بنعبدالعالي و سالم يفوت، درس الابيستمولوجيا او نظرية المعرفة، ١٩٨٦.
٢– هنتر ميد، الفلسفة انواعها ومشكلاتها، ت: فؤاد زكريا، القاهرة – ١٩٦٩.
٣– اديب كيرزويل، عصر البنيوية، ت: جابر عصفور، بغداد – ١٩٨٥.
٤– الموسوعة الفلسفية المختصرة، ت: جلال العشري و زملائه، القاهرة – ١٩٦٣.
٥– د. زكريا ابراهيم، دراسات في الفلسفة المعاصرة، الجزء الاول، القاهرة.

پاشکۆی عیراق ژمارە (١٢٧)
١٩٩٠/٣/٧





## ٢- ئیستراتیجییەتی جوێنفرۆشی و ئایدیالیستی نوێ

"با بەهێمنی بدوێین مادامێکی ناتوانین بێدەنگ بین"
پیکیت

تازە بنووس، هەر لەو ساتەوەی کە هەست دەکا ئیتر لە نێو بازنەی – کۆجیتۆ – بەناوبانگەکەی (دیکارت)، (من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم)دا جێی نابێتەوە و، هەرکە یەکەم هەنگاو ڕووەو (من بنیاد دەنێم کەواتە منیش هەم) دەنێ سەرەتا هەر یەکسەر لەگەڵ بنیاتێکی بەرواڵەت کامڵ و کۆنکریتی ڕۆشنبیریی پێش خۆیدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، جا ئەوەی بەو ڕواڵەتە کۆنکریتییە ناخەڵەتێ و لە دووی نێوبانگێکی خێرا ناگەڕێ هەر یەکسەر بەبێ پێشەکی و ڕێخۆش کردن و بانگێشە و، دروشم هەڵکردن، لە ڕێی ئەفراندن و داهێنان و، بەرهەمهێنانی دەقەوە، کارێکی هاوکاتی بنیادنان و ڕووخاندن دەست پێ دەکات، بەو جۆرە تا بواری (خۆ دەرخستن و جێی خۆ کردنەوە) مسۆگەر دەکا لەگەڵ بەرهەمهێنانی هەموو دەقێکی زیندوودا لەوسەری زنجیرەکەوە، لەوسەری بنیاتە بەدیمەن کۆنکریتییەکەوە دەقێکی وەستاو فڕێ دەداتە دەرێ تا بەتەواوی کار لە پێکهاتەی ئەو بنیاتە دەکا و، جێی شیاوی خۆشی لە نێو تۆڕی پەیوەندییە ڕۆشنبیرییەکاندا دەکاتەوە، وەلێ ئەمە کارێکی درێژخایەنە و بەکەڵکی ئەوانە نایەت کە تینووی ناوبانگی خێران.

بەپێچەوانەی ئەمیشەوە، ئەو تازە بنووسەی کە ڕواڵەتی چاوخەڵەتێنەی کۆنکریتی ڕۆشنبیری پێش خۆی بە(ڕاست) تێدەگا، هەر لە سەرەتاوە دووچاری ڕەشبینییەکی کوشندە دەبێ و، (خۆ دەرخستن و جێ خۆ کردنەوەی) وەک مەحاڵێکی مسۆگەر دێتە پێش چاو، ئەمەش وای لێ دەکا بەبێ هیواییەوە هەڵسوکەوت بکات و – دۆنکیشۆتانە – مامەڵە لە تەک

ڕۆشنبیریی پێش خۆیدا بکات، ئەمەش وای لێ دەکات دەس بداتە پاچ و هەر یەکسەر لە (ڕووخاندنەوە) دەست پێ بکات و لایەنی بنیاتنانەکە فەرامۆش بکات و لە قۆناغی (من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم)ـەوە دەچێتە پلەی (من دەڕووخێنم کەواتە منیش هەم).

ئەم شێوازە، لە ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیدا لە سەرەتای حەفتاکانەوە تا ئێستا خۆی لە سێ وێنەدا نواندووە، لە پلەی یەکەمدا لە سنووری دەق و نووسەری دیاریکراو دەرنەدەچوو (ئەو دەقە دزراوە، ئەم شاعیرە وشکی کردووە، ئەم چیرۆکنووسە هیچی پێ نەماوە.. هتد). هەندێ کەس بەم شێوازە جێی خۆیان لە ئەدەبەکەدا کردەوە، کە ئەم قسانەش سوان، ئەوسا پلەی دووەم دەستی پێ کرد، لەم پلەیەدا کار لە دەقی دیاریکراو و نووسەری دیاریکراو و دەرچوو و گەیشتە ڕادەی ڕەتکردنەوە و سووککردنی لقە ئەدەبییەکان (شیعری کوردی خۆی دەجوێتەوە، چیرۆکی کوردی پەنگی خواردۆتەوە، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی نییە... هتد). ئەم شێوازەش چەند کەسێکی پێ گەیاند و برشتی نەما، ئێستاش ئینجا قۆناغی سێیەمی ئەم شێوازە دەستی پێ کردووە.

(دەقی کوردی مردووە، ئیپستیمی کوردی غەیبانییە، ڕۆشنبیریی کوردی نائەقلانییە) بوونەتە قسەی ڕۆژانە و بەمجۆرەش کار لە تاوانبارکردنی دەق و نووسەری دیاریکراو و، لقە ئەدەبییەکان تێپەڕی و گەیشتە ڕادەی ئەوەی هەموو قەوارە و، بوون و ڕەوتی مێژوویی ژیانی ڕۆشنبیریمان بگرێتەوە.

ئامانج و دەرئەنجامی هەموو ئەم شێوازانەش ئاشکرا و ڕوونن و (دیلان)ی شاعیر نزیکەی سی ساڵ بەر لە ئێستا لە شیعری (تاوان – ١٩٦١)دا بەرجەستەی کردوون.

کام سەر گەورە کام مل بەرز و بڵندە
کام دەم و لێو مەست و پڕە لە خەندە





ئەتوانرێ بەیەک (بزەی ژەهراوی)
(تیری توانج)، (بەردی تانەی) بۆ هاوی
وەک چۆن (پوشێ) بای تیژ ئەیبا بەپەلە
بەو شێوەیە (ناوبانگە ـ بخەیتە مەلە)

کەوانەکان هینی منن..

من ئەوەش دەزانم کە ئەدەبی کوردی بێ کەم و کورتی نییە و، وەکو هەموو ئەدەبێکی دیکە پێویستی بەتەکان و نوێبوونەوەی هەمیشەیی هەیە، سەرمایەشی لەمەدا هەوڵ و چالاکی نووسەرە لاوەکانێتی کە بەخوێنی نوێ و نوێخوازی درێژە بەو ژیانە ڕۆشنبیرییە دەدەن کە نەوەکانی پێشوو بنیادیان ناوە، وەلێ لەوەش دڵنیام کە نووسەری خاوەن پەیامی فیکری و هونەریی و بیر و بۆچوونی ڕەسەن هەتا داهێنان و ئەفراندن وەستابن پەنا بەبەر بانگێشە و بانگەوازی پێش وەختە و هەوڵی بێهودەی ڕووخاندنی ئەزموونی کەسانی دیکە و سووککردنی بەرهەمی کەسانی دیکە نابەن و بەپێی ئەو پەندەی کە دەڵێ: "پڵنگ خۆی لە نێچیر ئاشکرا ناکات. بەڵکو یەکسەر پەلامار دەدات" کار دەکەن و بەداهێنان و بەکردەوە کار لە پێکهاتەی ئەدەبی و هونەری و ڕۆشنبیری پێش خۆیان و سەردەمی خۆیان و تەنانەت لە دواییدا کار لە ئەدەبی خۆشیان دەکەن و بەرەو باشتری دەگۆڕن.

لە نووسینێکدا – دابڕانی ئیپستیمۆلۆژی یان دابڕانی ئیستاتیکی؟ – پاشکۆی عێراق، ژمارە ١٢٧دا ویستم کاک شەماڵ عومەر و کاک مەریوان وریا قانیع – بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ – لەوە ئاگادار بکەمەوە کە ئەم وشانە (ئەقلانییەت و ئەزموونگەری و نائەقلانییەت و دابڕانی ئیپستیمۆلۆژی و ئیپستیم.. هتد) زۆر دەمێکە واتای فەرهەنگی قاموسی خۆیان لە دەست داوە و حوکمی زاراوە و چەمکی فەلسەفییان وەرگرتووە و دەبێ زۆر بەوردی بەکار ببرێن.

لە نووسینێکی دیکەشدا – نووسینی تیۆری لە نێوان نیاز و کردەوەدا، لە ئاسۆی ژمارە ٣٧دا بەدووبارە ڕێکخستنەوەی دوو وتاری (مەریوان) کە لە پاشکۆی عێراق، ژمارە ١١٧ و ١١٩ و ١٢٦دا بڵاو کراونەتەوە ویستم سەرنجی خاوەنەکەیان بۆ سەر ئەو دژایەتییە ناوەکییانە ڕابکێشم کە تێیان کەوتووە.

ئەویش ئەوە بوو بە(جوێننامە)یەک – بەزنجیرە لە پاشکۆی ١٣٤ و ١٣٥ و ١٣٦دا وەڵامی دامەوە، من جگە لە خوێندنەوەی پێشەکییە شەڕەنگێزەکانی نووسینەکانی مەریوان و بیستنی دەنگوباسی ئەو کۆڕەی کە بۆ شیعری (پایزی گۆرانی) گێڕابوو لە بەغدا، ئەوەشم دەزانی کە لە کاتێکی ناسکی تەمەنی ڕۆشنبیریی ئەودا بەرەنگاری دەبمەوە، بۆیە پێش وەختە پێشبینی ئەو (جوێنبارانە) و ئەو (جوێننامەیە)م دەکرد و هیچ پێم سەیر و نامۆ نەبوو و زۆر ئاسایی کەوتەوە لە لام کاتێک کە هاتە دی.

لەو جوێننامەیەدا مەریوان وەک (مەچەک بادان) و (بۆڕ بۆڕێن) دەڕوانێتە گفتوگۆی ڕۆشنبیری و پشت لە بنەمای (دەق لە ناوەوە) دەکات و یەکڕاست هێرشێکی ناڕەوا دەکاتە سەر خودی کەسایەتی خۆم و واز لە دەقی نووسینەکانم دێنێ، وەک چۆن یاریزانێکی بۆکسێن لە کاتی یاریکردندا ئێشی بگاتێ لەپڕێکدا هەموو یاسا و ڕێسای یارییەکە پشتگوێ بخات و چەقۆیەکی قەسابی لە بەرامبەرەکەی ڕابکێشێت، ئەمیش ئاوا لەگەڵ یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەدا دەستی دایە (تیغی زوبان) لە من و لەجیاتی ئەوەی ئەو سێ لاپەڕەیە بۆ دامەزراندنی (ئەقڵانییەتەکەی) بەکار بەرێ، لە جوێنبارانکردندا خەرجیکردن، ئەمەش جۆرە (تیرۆر – ارهاب)ێک و چەوساندنەوەیێکی فیکرییە، مەریوان لە پەنای ڕۆشنبیری و مەعریفەوە بۆ بەزۆر چەسپاندن و بڵاوکردنەوەی (بیر و بۆچوونەکانی) خۆی دژی خەڵک بەکاری دەبا و، چێژی لێ دەبینێ، هەر چۆنێک بێت گفتوگۆ بەگشتی – هونەری خۆی هەیە و هەر کەسە مافی خۆیەتی گفتوگۆ بەو لایەنەدا





بشکێنێتەوە کە خۆی شارەزایەتی و توانای بەسەردا دەشکێ، بەڕاستی کە کار بگاتە قسەی بازاڕی و جوێن و هەست ڕوشاندن یەکەم کەس بدۆڕێ یا ببەزێ من دەبم چونکە هەر بەتەواوی لەم (کایە مەعریفییە)دا بێ ئەزموون و کەم دەستم بۆیە چەند مەریوان خۆی بۆ هەڵدەدات، من ئەوەندە و پتریش هەڵدێم و، خۆمی لێ بەدوور دەگرم.

مەریوان تا ئێستا تەنها سێ وتاری پراکتیکی و دوو وتاری تیۆری و ئەم جوێننامەیەی هەیە: لە یەکەمیاندا جاڕی بۆ (بنیاتگەری پێکهاتە)ی (لوسیان گوڵدمان) دا و، لە دووەم و سێیەمیاندا شکاندییەوە بەلای (بنیاتگەرییە ئینشائی)یەتەکەی (ڕۆلان بارت)دا، لە یەکەم وتار و دووەم وتاری تیۆریشدا جاڕی (ئەقڵانییەتی) دا و، لە جوێننامەکەشدا لە ئەقڵانییەتەوە داخزایە نێو (ئەقڵانییەتی هاوچەرخ)ـەوە، بەکورتی و بەکوردی لە ماوەی ساڵێکدا و لە ڕووبەری شەش وتاردا چوار ڕێباز و فەلسەفەی گۆڕیوە. لە بنیاتگەری پێکهاتە و گوڵدمانیەتەوە بۆ بنیاتگەری ئینشائییەت و بارتییەت و لە ئەقڵانییەتی گشتییەوە بۆ ئەقڵانییەتی هاوچەرخ.

سەرەتاش زۆر بەگەرموگوڕی بانگێشەی بۆ هەر یەکێک لەمانە کردووە و دواییش زۆر بەبێدەنگی و کەس نەزان لێیان کشاوەتەوە. ئەمەش ئەگەر (واتایەکی) هەبێ ئەوەیە کە ئەوبەر لە دیاریکردنی (جیهانبینی) و دەستنیشانکردنی ئامرازە مەعریفییەکانی، هەڵی کوتاوەتە سەر ڕەخنەی ئەدەبی و نووسینی تیۆری، بۆیە لەگەڵ خوێندنەوەی هەر کتێبێک و وتارێک و تەنانەت (عرض)ی کتێبێکیشدا دەیانگۆڕێ و بەنووسینێک کە هەر نموونە بیانییەکانی دەگۆڕی، دەیبڕێ بەسەر ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیدا دواییش لێی پەشیمان دەبێتەوە.

وەک پێشتریش گوتم (مەریوان) لە جوێننامەکەیدا، بەبێ چرکە لە

(ئەقلانییەتی گشتیی)ەوە دادەخزێ و خۆی دەکا بە(ئەقلانییەتی هاوچەرخ)دا و، هەر دەسبەجێش هێرشێکی بەردەوام دەکاتە سەر ئەو پێناسەیەی کە من بۆ (ئەقلانییەت)م کردبوو، دەڵێ:

(... لێرەوەیە – ئەقلانییەت –ی هاوچەرخ (..) لەو ئەقلانییەت –ەی (زایەر) باسی دەکا جیاوازە).

ئەو ڕاست دەکا (ئەقلانییەت) و (ئەقلانییەتی هاوچەرخ) لەیەک جیاوازن و، جیاوازییەکی زۆریش، ئەمەش شتێک نییە مەریوان نەیڵێ نەیزانین، بەڵام ئەو خۆی پێشتر هەستی بەو جیاوازییە نەکردووە و لە هەردوو وتارەکەیدا – با پێیاندا بچێتەوە – (ئەقلانییەتی) بەڕووتی و بە(ڕەهایی – مطلق)ی بەکار بردووە و یەک تەنها جارێ چییە لەو وتارانەدا زاراوەی (ئەقلانییەتی هاوچەرخی) بەکار نەبردووە، جا ئەو کە دەیزانی (ئەقلانییەت) و (ئەقلانییەتی هاوچەرخ) جیاوازییان هەیە، ئیتر چۆن ڕێگەی بەخۆی دا ئاوا بەسانایی لە یەکەمەوە باز بدات بۆ دووەم؟! یارییە نامەنهەجییەکەی مەریوان ئا لێرەدایە کە لە نووسینە (تاسیس)یەکانیدا پێشنیاری (ئەقلانییەتی) ڕەها دەکا، بەڵام لە (جوێننامە)کەدا بەرگری لە (ئەقلانییەتی هاوچەرخ) دەکا، ئەویشی لە نووسینەکەی من کردووە بەخەوش کە باسی (ئەقلانییەت)م کردووە و باسی (ئەقلانییەتی هاوچەرخ)م نەکردووە، لە کاتێکدا نووسینەکەی من لەسەر نووسینەکەی ئەو بووەوە و ئەو کە خۆی بڵێ (ئەقلانییەت) من چۆن لە خۆمەوە (هاوچەرخ)ێکی بخەمە سەر؟!

(ئەقلانییەت) بەکلاسیکی و هاوچەرخێوە، هاوچەرخەکەش بە(ئەقلانییەتی زانستی، برانشفیک و، بەئەقلانییەتی پراکتیکی یا کراوەیی – باشلارەوە و، بەئەقلانییەتی ماتماتیکی – بلانشێوە و ... هتد) سەرەڕای جیاوازییەکانی نێوانیان هەموو هەر پێکەوە لە بازنەی سیستەمێکی گەورەتردا کار دەکەن کە ئەویش (مەزەبی ئەقلانییەتی)یە و وەک چۆن (ئەزموونگەری)یەک نییە لە





دەرەوەی (مەزەبی ئەزموونگەری)دا سەربەخۆ کار بکات، هەر ئاواش (ئەقلانییەت)ێک نییە لە دەرەوەی (مەزەبی ئەقلانی)دا کار بکات – کە مەریوان بەهەڵە پێی دەڵێ (ئەقلانییەتی مەزهەبی) و بەو کارە لە (چەشنەوە) دەیهێنێتە خوارێ بۆ (جۆر).

(دەسەڵات – سەلەفیەت) و (تەسەوف – دێوانەیی) و (ئەقلانییەت – مەزەنە) و (ئەزموونگەریی) بەر لە پەیدابوونی فەلسەفەش، بەشێوە ساکارەکانیان چوار ڕێگەی بەدەستهێنانی زانیاری و فێربوون بوونە بۆ مرۆڤ. (دەسەڵات) و (دێوانەیی)ـەکەیان وردە وردە لە گەلێ پێشکەوتن و گەشەکردنی فەلسەفەدا پشتگوێ خران، بەتایبەتی لە فەلسەفەی نوێدا (ئەقلانییەت) و (ئەزموونگەریی)یەکەیان تا ئەمڕۆش لە گەشەکردن و ململانێدان، هەموو مرۆڤێکیش – فەیلەسووف بێ یانا – لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەوە هەڵوێستی خۆی دیاری دەکا و (ئەزموونگەریی) یا (ئەقلانییەتی) خۆی دەسنیشان دەکا.

مرۆڤ بەئەقڵەوە لە دایک دەبێ یا دوایی بەدەستی دێنێ؟

لە ئەزموونگەرییەوە بەرەو ئەقلانییەت بچین یا لە ئەقلانییەتەوە بەرەو ئەزموونگەری؟

ئینجا ئەوەی کە پێی وایە مرۆڤ بەئەقڵەوە لە دایک نابێ، بەڵکو دوایی لە ڕێی تاقیکردنەوەی جیهانی مەوزووعی و دەوروبەرەوە بەدەستی دێنێ، واتا ئەزموون پێش ئەقڵ دەخا، ئەوە ئەزموونگەرە و دەتوانین بەجیهانبینییەکەشی بڵێین (ئەزموونگەری).

بەپێچەوانەشەوە ئەوەی پێی وایە کە مرۆڤ بەعەقڵێکی کامڵ و نەگۆڕەوە لە دایک دەبێ و جیهانی مەوزووعی و دەوروبەری هەر بۆ ئەوەیە ئەو ئەقڵەی پێ بسەلمێنێت، واتا ئەقڵ پێش ئەزموون دەخات، وەک ئەوەی کە مەریوان دەڵێ: (.. دەبێ خودی ئەقڵ و ئەقلانییەت ئەوەندەش گەشەیان کردبێ کە

بتوانن پرۆژەیەکی ئەزموونی وا بەڕێوە بەرن و مەنهەج و بەرنامە و تێڕوانینی تایبەتی بۆ ئامادە بکەن..) ئەمەش بێگومان (ئەقڵانییەت)ـە.

ئەمە شێوە سادە و ساکارەکەی (ئەزموونگەری)یا (ئەزموونگەری گشتی) یا (مەزەبی ئەزموونگەری) و (ئەقڵانییەت) یا (ئەقڵانییەتی گشتی) یا (مەزەبی ئەقڵانییەت)ـە کە دواتر لەگەڵ پەرەسەندنی زانیاری و زانست و فەلسەفەدا دەیان جۆر و لق و تولە ڕێیان لێ کەوتۆتەوە، داوای لێبووردنیش لەو خوێنەرانە دەکەم کە خۆیان ئەم ئەلف و بێی فەلسەفەیە دەزانن، بەڵام کە چار نەمێنێ (حینجە)کردنەوەی ئاواش پێویست دەبێ هەرچەندە دەشزانم کاری وا بێ خەوشیش نابێ. هەر چۆنێک بێ ئەمەم بۆ ئەوە هێنایەوە کە بڵێم:

سەرەڕای هەوڵەکانی (کانت) و (باشلار) و (بلانشێ) و کەسانی دیکەش کەچی – تا ئێستا – دەرچوون بەکردەوە لە بازنەی (ئەزموونگەری گشتی) یا (ئەقڵانییەتی گشتی) و، بەجێهێشتنیان مەحاڵ بووە، بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئەوەیە کە (کانت) دوایی بەلای ئەزموونگەریدا شکایەوە و ئەقڵانییەتە (کراوەیی)ـەکەی (باشلار) و (ماتماتیک)ـەکەی (بلانشێ)ش بەلای ئەقڵانییەتدا داشکانەوە، لە کاتێکدا کۆششی فەلسەفی ئەمانە بۆ تێپەڕبوون بوو لە دووانەی ئەقڵانییەت – ئەزموونگەری، بەڵام دوایی لەبەر پێشخستن و پاشخستنی ئەمیان یا ئەویان هەر کەسە و چووەوە نێو بازنەی خۆی.

ئەقڵانییە کلاسیکییەکان بەرامبەر بەئەزموونگەری کە ڕۆژ بەڕۆژ لەگەڵ گەشەکردنی (زانستە ئەزموونین)ـەکاندا پەرەی دەسەند. خۆیان دەدایە پەنای وەهمێکی مەعریفی و دەیانگوت: هەموو زانستە ئەزموونینەکان، بەماتماتیکیشەوە کە هەرە –بێ گەردەکەیانە– هەموو لەسەر هەندێ بنەمای (پێشینە – قبلیات – بدیهیات) دامەزراون کە مرۆڤ بەبێ ئەزموون بەتوانای ئەقڵی خۆی بەدەستی هێناون، وەک: بنەماکانی ئەندازەی تەقلیدی





و چەمکی (کات) و (شوێن).. هتد.

بەڵام ئەم کۆڵەکە لەرزۆکەی کە ئەقڵانییە کلاسیکییەکان خۆیان پێوە گرتبوو لەگەڵ هاتنە کایەی ئەندازەی (لۆباچفسکی) و (ریمین) و (تیۆری ڕێژەیی – النظریە النسبیە)ی (ئاینیشتاین) و و بۆچوونەکانی (ماکس پلانک)دا، داڕووخا و (ئەندازەی تەقلیدی و بەدیهیات)ـەکانیشیان جێیان پێ لێژ بوو و (کات) و (شوێن)یش ئەو سیفەتە (رەهایە – مطلق)ـەیان نەما کە ئەقڵانییە کلاسیکییەکان پێیان وابوو دەکەوێتە دەرەوەی ئەزموونەوە، لەگەڵ ئەم داڕووخانەدا (ئەقڵانییەتی کلاسیک)یش داڕووخا و بەرامبەر بەوە ئەزموونگەری و فەلسەفی وەزعی و، فەلسەفەی ڕیالیزم –یش کەوتنە برەوەوە.

بەرامبەر بەم پەرەسەندنی (مادییەتە) بەگشتی، بەتایبەتی لە فەرەنسادا، بۆ پەرچدانەوەی ئەم دیاردەیە، ئەقڵانییەتێکی دیکە هاتە کایەوە کە بە(ئەقڵانییەتی هاوچەرخ) یا بە(میسالییەتی نوێ) ناسراوە، ئەقڵانییەتی هاوچەرخ لەسەر دەستی (لیۆن برنشفیک – ١٨٦٩ – ١٩٤٤) و (ئەندریە لالاند – ١٨٦٧ – ١٩٦٣) و (امیل میرسۆن) و (کۆنزیت) و (گاستۆن باشلار) و لە دواییشدا (ڕۆبێر بلانشێ) دامەزرا و پەرەی سەند.

ئەقڵانییەتی هاوچەرخ، هەرچەندە بریتییە لە کۆمەڵێک ئەقڵانییەتی وەک (ئەقڵانییەتی زانستی برنشفیک) و (ئەقڵانییەتی کراوەیی، یا پراکتیکی، یا ئێپستیمۆلۆژیای نادیکارتی ـ باشلار) و (ئەقڵانییەتی – ماتماتیکی، یا هاوچەرخی ڕۆبێر بلانشێ) بەڵام هەموو ئەمانە لەسەر دووبارە ڕێکخستنە و و دەس پێداهێنانەوەی (مەزەبی ئەقڵانی) و بەرپەرچدانەوەی فەلسەفەی وەزعی و فەلسەفەی واقیعییەت و سەرجەمی فەلسەفە مادییەکان کۆکن و هەموو پێکەوە لە ژێر ناوێکی گشتیدا (ئەقڵانییەتی هاوچەرخ، یا میسالیەتی نوێدا) ئەو ئەرکە ئەنجام دەدەن، (میشال فۆکۆ) و (جاک

دریدا)ش وەچەی دووەمی ئەو ڕێبازە فەلسەفییەن، وەلێ مەریوان کە بە(پیتی گەورە) باسی (ئەقلانییەتی هاوچەرخی ڕۆژئاوا) دەکات، جگە لە ناوی یەک دوو فەیلەسووفی ناسراوی (مادی)، ناوی (ئەفلاتوون و تۆمای ئەکوینی و دیکارت)یش تۆمار دەکا، جا نازانم ئەگەر ئەمانە (ئەقلانی هاوچەرخ) بن ئەی دەبێ (ئەقلانی کلاسیکی) کێ بن؟!

هەرچۆنێک بێت لێرەدا وەک چیرۆکنووسێکی ناسراو پرسی، ئێمەش لە خۆمان دەپرسین: پەیوەندی ئەمانە هەموو بەئەدەب و هونەرەوە چییە؟. ئەوەی ڕاستی بێت من بۆ خۆم وەک خوێنەرێکی ئەدەبدۆست – لە خوێندنەوەی فەلسەفەدا هەر ئەم لایەنەم مەبەستە کە دەشێ فەلسەفە لە بواری (تیۆرییەوە) بێنێتە بواری (پراکتیک).

بە(ئەقڵ)، بە(خوا) و، هەموو بوونەوەرە میتافیزکییەکانی دیکە دەگەین، بەڵام بەهەستەکان و بەکردەوە و، بە(ئەزموون) ئەمە مەحاڵە، بۆیە کەنیسە و پیاوانی لاهوت هەمیشە دۆست و پەنا و پارێزەری (ئەقلانییەت) بوون دژ بە(ئەزموونگەری) کە هەمیشە هەڕەشەی لە بوون و بەرژەوەندییان کردووە، لێرەشەوەیە گوتراوە: غەیبانییەت کوڕی شەرعی ئەقلانییەتە.

(ئەقلانییەت) بەگشتی داوایەکە بۆ پشتگوێ خستنی جیهانی مەوزووعی و نکوڵی لە واقیعکردن و لە دەوروبەر دوورکەوتنەوە، بەو بیانووەی کە وەهمێکی (چاوخەڵەتێن – مزیف)ە و داوایەکە بۆ بەخۆداچوونەوە و، بەناخدا شکانەوە و، دوورەپەرێزی و لە خەڵک دابڕان و خودپەرستی – نرجسیەت، بەرئەنجامی ئەمەش لە بواری ئەدەب و هونەردا دیارە (ئەدەبی زاتی) و (هونەری زاتی)ە. لە (ئەقلانییە هاوچەرخەکان) (فۆکۆ)ی ڕەحمەتی کە مەریوان وەخت و ناوەخت ڕایدەچڵەکێنێ لە گۆڕەکەیدا، ئەم بۆچوونەی بەڕوونی دەربڕیوە (فۆکۆ) دەڵێ: "چێژ وەرگرتن لە خود لەوانەیە وەک چێژ وەرگرتن لە مۆسیقا شێوەیەکی تەواو ڕۆشنبیری وەربگرێت..





مسیرة فلسفیة – ص ٢١٦". یا وەکو ئەوەی کە دەڵێ: "ئەوەی لە ڕۆشنبیریی گریکی، لە ڕۆشنبیریی یۆنانی و ڕۆمانیدا لە سەرەتای سەدەی چوارەمی پێش زایینییەوە تا سەدەی دووەم و سێیەمی پاش زاین، گرنگ بێت، ئەو بنەما (مبدأ)یە کە یۆنانییەکان پێی دەڵێن (بایەخ بەخوددان – الاهتمام بالذات) هـ. س ـ پ ، ل ٢١٢.

هەر ئەم بۆچوونەشە (مەریوان) دووبارەی دەکاتەوە و دەڵێ: (.. لە (نیچە) بەدواوە جووڵەی (ئەقڵ) جووڵەی بەرەو کەسانیکردنی دیاردەکانە، بەرەو (تاکێتی) بردنی ئەقڵ و لێکدانەوەکانی.. پاشکۆی ١٣٤).

هەر ئەمەشە ئەقلانییەکی دیکە ئاوای دووبارە دەکاتەوە: (ڕۆشنبیریی لەو ساتەدا دروست دەبێت کە عەقڵ لە سەرنجدان لە دونیاوە بپەڕێتەوە بۆ سەرنجدان لە خۆی).

بەمجۆرەش دەتوانین بڵێین (ئەقلانییەکانی کورد) بەپشتیوانی (ئەقلانییەتی هاوچەرخی) ڕۆژئاواییەوە لەسەر هێڵێکی ڕاست دژ بەڕووگەی گشتی ئێستای ئەدەبی کوردی دەوەستنەوە و کۆششی ئەوەی دەکەن کە لە ئەدەبێکی (گشتانی)یەوە بیکەن بەئەدەبێکی (کەسانی)، لێرەشەوەیە ئەم ئەدەبەی ئێستامان بە(مردوو) دادەنێن و داوای (دابڕان) یا ڕاستتر بێژین داوای هەڵگێڕانەوەی دەکەن.

مەریوان لە (جوێننامە)کەیدا وای داناوە کە هەندێ فەلسەفە، لەبەرئەوەی دەرئەنجامی ئەقڵی ڕۆژئاوایین و لەبەرئەوەی کە لە ڕۆشنبیریی کوردیدا پێشینەیان نەبووە بەهاتنیان بۆ ناو ئەم ڕۆشنبیرییە بوونەتە (غەیبانییەت) و بەجۆرێکی (کۆمید)ی کەوتوونەتەوە، گریمان مەریوان بڕوای بەم قسەیەی خۆی پتەوە، ئەی ئیدی چۆن بۆ (زیندوو)کردنەوەی ئەدەبی کوردی داوای (ناتەبایی ئیپستیمی) دەکات مادام (پێشینە)یی ئەوەندە بەگرنگ دەزانێ بۆ گەشەکردنی کایە مەعریفییەکان؟ ئەمەش قەیناکا ئەگەر ئەو دڵنیایە لەوەی

کە ئەو فەلسەفانە لەبەر نەبوونی (پێشینە) لە لای ئێمە بوونەتە (کۆمیدیا) ئیتر خۆی بەچی هیوایەکەوە پێشنیاری (ئەقلانییەت) و (ئەقلانییەتی هاوچەرخی) ڕۆژئاوای دەکات و بەڕوونی دەڵێ: (سەرلەبەری وتارەکەی من - دەقی مردوو لە نێوان.. - لەسەر ئەم چەمکە (فۆکۆیی)یە بنیاد نراوە) - پاشکۆ - ١٣٦، جا خۆ ناشێ (باشلار و، بلانشێ و دریدا و فۆکۆ و .. ئەقلانییە هاوچەرخەکانی دیکە کورد بن و ئێمە نەزانین؟ یا تۆ بڵێی (فۆکۆ) لە ڕۆشنبیریی کوردیدا (پێشینەیەکی) لەوەی (سارتەر) لەبارتری بۆ ڕەخسابێ نەهێڵێ فۆکۆش وەک ئەو ببێتە جۆرێک لە کۆمیدیا؟ ئەمە ئەگەر - وەک مەریوان دەڵێ - پێشینە مەرج بێ، خۆ ئێمە وەک چۆن (فیورباخ) و (هیگڵ)مان نییە، هەر ئاوا (نیچە) و (فرۆید)یشمان نییە کە (فۆکۆ) فەلسەفەکەی خۆی لەسەر بنیات ناون.

بەکورتی: (ئەقلانییەت) وەکو فەلسەفە خۆدزینەوەیە لە ئەرکی مرۆڤانە و کۆمەڵایەتیی مرۆڤ و ئەدەب و هونەر، ڕاکردنە لە واقیعەوە بۆ ناوەوە، بۆ خود، بەڵام (ئەزموونگەریی) ئامبازبوونەوە و بەگژداچوونی واقیع و دەوروبەر و بابەتە، بۆ شیکردنەوە و، تێگەیشتن و سەرئەنجام گۆڕینیشی، (ئەقلانییەت)، وەڵامە، فەلسەفەیەکی کامڵە، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەزموونگەریی پرسیارە، گەڕانێکی هەمیشەیییە لە دووی کامڵبوونێک، کە بەحوکمی یاسای گۆڕان و پێشکەوتن، هەرگیز پێی ناگەین، لێرەوەیە کە ئەزموونگەریی بە(تازەگەرییەکی) بەردەوام دادەنرێ و، خۆبەستنەوە بە(ئەقلانییەتەوە) بە(سەلەفیەت) تەماشا دەکرێ و دەگوترێ:: (سەلەفیەت) و (غەیبانییەت) دوو دیوی یەک (پارە) پێک دێنن کە (ئەقلانییەتە)، ڕەنگە هەر لەبەرئەوەش بێت کە ئەقلانییەکان ئەوەندە ئەو سەلەفییەت و غەیبانییەتە لە خۆیان دوور دەخەنەوە و بەڕاست و چەپدا بەسەر خەڵکی دیکەیدا دەبڕن.

مەریوان، لە بەشی دووەمی (دەقی مردوو.. لە نێوان ئیپستیم و





ئایدۆلۆژیادا پاشکۆی عێراق، ١١٩)دا، کە ئەم گفتوگۆیەی لێ کەوتەوە، بەبێ دەسنیشانکردنی ئەوەی دیاری بکا کە (ناتەبایی) و دابڕانی ئیپستیمی لە دەقێکدا، یا لە سەردەمێکدا، یا لە بەرهەمی تاقە کەسێکدا، یا لە ئەدەب و ڕۆشنبیریی نەتەوەیەکدا، یا لە بوارێکی ئەدەبی یا زانیاری دیاریکراودا، مەبەستە، زۆر بەڕەهایی - مطلق-ی، لە بڕیارێکدا، کە دەتوانم بڵێم هێشتا هیچ تیۆرستێک نەیتوانیوە بڕیاری وا سەخت و ڕاستەوخۆ بدات، بەلێبڕانێکی یەکجارەکییەوە بڕیار دەدات کە (هەموو تەبابوونێک لەگەڵ ئیپستیما - بەتایبەتی ئیپستیمی غەیبی - دەق بەمردوویی دێنێتە کایەوە). دواتریش دەڵێ: (سەرەتا لەسەر ئەو خاڵە تەباین کە ئیپستیمی کوردی ئیپستیمێکی غەیبانی و نائەقلانییە) تا دەگاتە ئەوەی پاشتر بڵێ ئەمەش (وای کردووە ئەو پەیوەندییانەی نووسەری کورد لە ڕێی زمانەوە لەگەڵ بووندا دروستی دەکات پەیوەندییەکی مردوو بێت) بەمجۆرەش هەموو دەقی کوردی بە(مردوو) دەردەکات.

نەک هەر ناتەبایی و دابڕانی ئیپستیمی بۆ ئەدەبی زیندوو، مەریوان مەرجێکی دیکەشی بۆ دەقی زیندوو داناوە ئەویش (پێشنیارکردنی ئیپستیمێکی) (دیکە) یا (نوێ)یە، کە ساغی نەکردۆتەوە بەتەواوەتی کامیانی مەبەستە و هەر جارەی یەکێکیان بەکار دەبا لە کاتێکدا (ئیپستیمێکی دیکە) بواری گەڕانەوە بۆ ئیپستیمێکی (کۆن)یش دەدا.. بەهەرحاڵ، ئەمەمان لە (نووسینی تیۆری.. ئاسۆ، ٢٧)دا یەکالا کردەوە، مەریوانیش لە دوا بەشی جوێننامەکەی پاشکۆی ،١٣٦دا، لە جووڵەیەکی سەلەفییانەی ڕەسەندا، هەموو دەرئەنجامەکانی ئەم بۆچوونە سەقەتەی خستە ئەستۆی فەیلەسووفێکی مەزنی وەک (فۆکۆ)، کاتێک دەڵێ: (سەرلەبەری وتارەکەی من، دەقی مردوو لە نێوان.. لەسەر بناغەی ئەم چەمکە فۆکۆییە بنیاد نراوە). مەبەستیشی لەو (چەمکە)، چەمکی دابڕانە لای فۆکۆ کە مەریوان بەو پەڕی دڵنیاییەوە پێی وایە کە من (نە بیستوومە)

و (نە پێم گەیشتووە)، لە کاتێکدا خۆی تا ئێستا و پاش تێپەڕبوونی سێ ساڵ و نیو لە دەرچوونی چاپی دووەمی (حفريات المعرفة – ميشال فۆکۆ – ١٩٨٧) هێشتا نەیتوانیوە – دەقێک – وەک خۆی ڕاستەوخۆ لە فۆکۆوە وەرگرێ و تەنانەت لەو نووسینەشدا (دەقی مردوو لە نێوان..) کە خۆی دەڵێ (سەرلەبەری) لەسەر چەمکی فۆکۆیی (بنیاد نراوە)، بەکاری بەرێت، بەڵکو تا ئێستاش پشت بە(مشكلة البنية) و تێگەیشتنەکەی (زەکەریا ئیبراهیم) دەبەستێت بۆ تێگەیشتنی چەمکە فۆکییەکەی دابڕان، کەچی ئەوە بەسەر مندا دەبڕێ، لە کاتێکدا خۆی – مەریوان – پاش تێپەڕبوونی پتر لە دوو ساڵ و نیو لە وەرگێڕانی (جنيالوجيا المعرفة – ميشيل فوكو ـ ١٩٨٨) هێشتا پشت بەو (عەرز)ـە دەبەستێ، کە لە (ژمارە،٦ – العرب والفكر العالمي) و (ژمارە ٦٠ و ٦١)ی «الفكر العربي المعاصر» بۆ کتێبەکە کراوە. مەریوان دەڵێ: زایەر نەک هەر تێی نەگەیشتووە، بەڵکو هەر نەشی بیستووە، لە کاتێکدا مەریوان خۆی ناوی کتێبەکەش بەتەواوەتی گۆ ناکات و بەدرێژایی باسەکەی هەموو جارێک بیەوێ بڵێ (جنیالوجیا – Genealogiea) ئەوەندە جارە بەهەڵە لەجیاتی (جنیالوجیا) دەڵێ: (جینالۆجیا).

بەهەرحاڵ من لێرەدا لەجیاتی وێنەی خۆم وێنەی بەرگی (ئارکیۆلۆجیا) و (جنیالوجیا) بڵاو دەکەمەوە ئەویش بۆ ئەوەی مەریوان دڵنیا بێت لەوەی کە خەڵکی دیکەش ئەو کتێبانە دەخوێننەوە، بەڵام کەس وەک ئەو وەک کۆتایی ڕۆشنبیریی مرۆڤایەتی تەماشایان ناکات و نایکات بەپرۆگرام و ئاین و ئایدۆلۆجیا و بەسەر ئەدەبەکەمانیدا نابڕێ، نە خوێندنەوەی کتێبێک ئەو هەموو شانازییە دێنێ، نە نەخوێندنەوەشی – لەبەر نەبوونی لە بازاڕدا – سووکییە بۆ خەڵکی دیکەی ڕۆشنبیر، بەر لە فۆکۆش ڕۆشنبیری هەر بووە و دوای ئەویش و بەبێ ئەویش ڕۆشنبیری هەر دەبێ. لێرەدا دەمتوانی ئەو هەموو ڕەخنە بەجێیانە دووبارە بکەمەوە کە (ئۆبێردریفۆس و پۆل ڕابینۆف)





لە کتێبی (میشیل فۆکۆ مسيرة فلسفية)دا – کە بەسەرپەرشتی فۆکۆ نووسیویانە و ئاراستەی خودی فۆکۆ و ئارکیۆلۆجیاکەیان کردووە، هیچ نەبێ بڕوانە (بەشی چوارەم، فشل الاركيولوجيا المنهجي حول الفعالية السببية – ل ٧٤ _ ٩١)، بەڵام نا ئەمە کەم فرسەتییە، نەبوونی کتێبێک لە بازاڕدا، لەوانەیە بۆ یەکێک لە دوای ناوبانگی خێرا و ئێرەتی بگەڕێت هەلێکی لەبار بێت، بەڵام هەروەک چۆن کەس بەگوتنەوەی شیعری شاعیرانی دیکە نابێ بەشاعیر، هەر ئاواش کەس بەباسکردنی فەلسەفەی خەڵک نابێ بەفەیلەسووف و شتەکە ئەمڕۆ و سبەیە و هەموو شتێک وەک خۆی ئاشکرا دەبێ.

مەریوان: (١) دابڕان و (٢) پێشنیارکردنی ئیپستیمێکی نوێ بەهۆکاری لەدایک بوون و شارەگی ژیان و ڕۆحی دەق دەزانێ. دەقیش لە لای ئەو یا (مردووە) و یا (زیندوو)، لە لای ئەو ئەو دەقەی کە لەگەڵ چرکەی لەدایکبووندا ناتەبایی خۆی لەگەڵ ئیپستیمدا ڕانەگەیەنێت و لە هەمان کاتدا پێشنیاری ئیپستیمێکی نوێ نەکات ئەوە ئەو دەقە یا دەقێکی مردووە، یا دەقێکی وڕێنەی عەبەسییە، هەموو بیانوو و پاکانەیەکیشی بۆ ئەم بڕیارە ترسناکە و، بۆ ئەو لە پاکەت نان و دەق لە قالب گرتنەش ئەوەیە کە:

سەرلەبەری ئەو نووسینەی (دەقی مردووە لە نێوان..)ـەی لەسەر چەمکی دابڕانی فۆکۆ بنیاد ناوە، بەڵام ئەگەر فۆکۆ خۆشی مردبێ خۆ نووسینەکانی ماون، دەبا گوێی بۆ ڕادێرین بزانین ئەو – فۆکۆ – خۆی چی لە بارەی دابڕانەوە دەڵێ:

١– (نابێ بڕوا بەوە بێنین کە (دابڕان) بادانەوەیەکی مەزنە و لە چرکەیەکدا هەموو تەشکیلە خیتابییەکان دەگرێتەوە (...) بۆیە بڕواهێنان بەوەی کە هەر ئەو دابڕانە، بەهەمان لێدان و، لە هەمان چرکەدا، هەموو تەشکیلە خیتابییەکان دوو کەرت دەکا و، لە کاری دەخا، هەر بەهەمان جووڵەش، سەرلەنوێ و دووبارە، لەسەر هەمان ئەو بناغە نوێیانە دروستی

دەکاتەوە، بڕوایەکە ناتوانین لەسەری بەردەوام بین.. حفريات المعرفة، میشال فوکو، ل ١٦١).

٢- هەروەها (دابڕان) بۆ ئارکیۆلۆجیا و بۆ شیکردنەوەکانیشی (بەستەی مەبەست – بيت القصيد) نییە.. هـ. س. پ،ل ١٦٣).

٣- (کە دەڵێین تەشکیلەیەکی خیتابی جێی یەکێکی دیکە دەگرێتەوە. ئێمە لەوەدا مەبەستمان ئەوە نییە بڵێین تەواوی جیهانێک بەبابەت و دەستەواژە و چەمک و هەڵبژاردنی تیۆری نوێی تەواو نوێوە، بەگشت هێز و لایەنەکانێوە بەسیستەمێکی تەواو و ڕێکوپێکەوە، لە نێو دەقەوە دەرپەڕیوە و، دەینێتە پێوە و بەیەکجارەکی کۆڵەکەکانی دادەڕێژێ، بەڵکو مەبەستمان لەوەیە کە جۆرە گۆڕانێکی گشتی بەسەر پەیوەندییەکاندا هاتووە. بەبێ ئەوەی بەناچاری هەموو ڕەگەزەکان بگرێتەوە، دەستەواژەکانیش کەوتوونەتە بەر یاسای پێکهێنانی نوێ. ئەوەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو دوایی بابەت و، چەمک و هەڵبژاردنە تیۆرییەکان ون بوون (هـ. س. پ، ل ١٥٩).

بەبێ دەس تێوەردانی خۆم و لێکدانەوەی خۆم، ئەمە دەقی چەمکی دابڕانە لای فۆکۆ و، ئەمەیش چەمک و بڕیارەکەی مەریوانە لە بارەی دابڕان و دەقی مردوو و زیندووەوە:

(هەموو تەبابوونێک لەگەڵ ئیپستیما – بەتایبەتی ئیپستیمی غەیبی – دەق بەمردوو دێنێتە کایەوە. بەڵام هەموو ناتەباییەکیش (زیندووبوونی) دەق (ناگەیەنێ)، چونکە دەشێ دەق ناتەبایی خۆی لەگەڵ ئیپستیما لە شێوەی – ورێنە – هەزەیان –دا ڕاگەیەنێ بەبێ ئەوەی توانای پێشنیارکردنی ئیپستیمێکی دیکەی هەبێ (...) کەوا بوو خاڵی سەرەتای دۆزینەوەی (دەقی مردوو) و جیاکردنەوەی لە (دەقی زیندوو) لە پەیوەندی نێوان (دەق) و (ئیپستیم)دا دەدۆزینەوە). پاشکۆی عێراق، ١١٩.





بەراوردکردنی ئەم چەمکی دابڕانی فۆکۆیە کراوەیە و، ئەم چەمکی دابڕانە لای مەریوان کە دەیگەیەنێتە یا مردنی یەکجارەکی، یا ژیانی یەکجارەکی دەق، بۆ مەریوان و خوێنەر بەجێ دەهێڵم ئەوە ساغ بکەنەوە، ئایا ڕاستە چەمکی دابڕان لای مەریوان لەسەر چەمکی دابڕان لای فۆکۆ بنیاد نراوە؟ لە کاتێکدا نەک دەق کە لە دەیان و سەدان دەستەواژە پێک دێت لە لای فۆکۆ تەنانەت (دەستەواژە)ش مردنی بۆ نییە و نرخی خۆی هەیە، فۆکۆ دەڵێ: (دەستەواژە: چەند پووچ بێ، دەرئەنجامەکانی چەند بێ بەها و، بێ نرخ بێنە بەرچاو، چەند لەگەڵ دەرکەوتندا هەر گورجیش لە بیر بچێتەوە، چەند واشی دابنێین کە بەگوێرەی پێویست نەبیسترا بێ و (خەڵک) لێی نەگەیشتبێ لەگەڵ ئەوەشدا دەمێنێتەوە (وەک) ڕووداو، نە زمان و نە هەست ناتوانن تەواوی مافی خۆی بدەنێ و لە بنی بهێنن، دەستەواژە، بەدڵنیاییەوە و بەشێوەیەک کە ئیتر بواری گومانی تێدا نەبێتەوە، ڕووداوێکی غەریبە.. حفريات المعرفة، ل – ٢٨).

دوای هەموو ئەمەش من بەشبەحاڵی خۆم گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی کە گورگ چەند بەرپرسیار بووە لە خوێنی یوسف، فۆکۆش هەر ئەوەندە بەرپرسیارە لەو کوشتارە دەستەجەمعییەی مەریوان بەنێوی دابڕانی فۆکۆییەوە دژ بەدەقی کوردی بەرپای کردووە.

مەریوان لە پێناسەکردنی ئیپستیمدا بەوەرگرتن لە (مشكلة البنية) و (زەکەریا ئیبراهیم)ەوە و، بەبێ ئاگا لەوەی کە فۆکۆ دژی جەماعەتی (جیهانبینی – رؤية العالم)ە دێت ئاوا پێناسەی ئیپستیم دەکات:

(جیهانبینی، ئەو شەبەکە گەورەیەیە، کە شەفرەکانی بۆ ناو هەموو کایەکان دەگوێزێتەوە، بۆ ناو جیهانبینی بەها و پێوەرەکانیش.. پاشکۆ، ١٣٦).

کەچی فۆکۆش وەک یەکێک پێشبینی لێکدانەوەی ئاوای بۆ ئیپستیم

کردبێ دەڵێ: (لەوانەیە بەبیری هەندێکدا بێت ئیپستیمیەت بەشتێکی وەک (جیهانبینی – رؤیة العالم) بزانن، بەڵام ئێمە مەبەستمان شتێکی دیکەیە..). حفریات المعرفة، ل ١٧٦.

لە لاپەڕە ١٤٧ هەر هەمان ئەم سەرچاوەیەشدا فۆکۆ دەڵێ: (با لایەنگرانی جیهانبینی، هەناسە سارد بن، چونکە ئەو وەسفەی من کردم، ویستم لە بابەتی شیکردنەوەکانی ئەوان نەبێت و ئەوەی ئەوانە بەکەلەبەر و، هەڵە و، ڕێ ونکردن و بادانەوە دایدەنێن، لای من بەلاوەنانێکی (دوورخستنەوەیەکی) بەمەبەست و بەدەستی ئەنقەستە).

مەبەستیشی لە (لایەنگرانی جیهانبینی) پەیرەوکارانی (و – دیلتی) و یاسپەرز) و (لوکاش) و بەتایبەتیش (لوسیان کۆڵدمان) و (بنیاتگەرییە – پێکهاتە)کەیەتی، کە مەریوان لە یەکەم نووسینیدا زۆر بەگەرمی بانگێشەی بۆ کرد. هاتوچۆی مەریوان لە نێو ئەم سەرە جیاوازانەدا (گۆڵدمان ـ بارت – فۆکۆ) و ڕەنگە کەسانی دیکەش پەیدا بن، دووچاری گەلێک دژایەتی دەکەن کە بەر لە هەموو شتێکیش بەلێڵبوونی (جیهانبینییەکەی) کۆتایی دێت.

مەریوان لەو پێناسەیەدا کە بەزمانی (زەکەریا ئیبراهیم)ەوە بۆ ئیپستیمی دەکا لە جوێننامەکەدا هێشتا هەر سوورە لەسەر ئەوەی کە ئیپستیم – نظام الانظمە –یە، ئەمەش شتێکە فۆکۆش وەکو هەموو ئەو دوایی ئەقڵانییە هاوچەرخەکان ڕەتی دەکاتەوە و دەڵێ: (ئیپستیمیەت شێوەیەکی مەعریفی یا جۆرە مەعقولییەتێک نییە، بەبڕینی زانستە هەرە جیاواز و لەیەکنەچووەکان یەکێتیی باڵای خود و فیکر و چەرخ دەربخات.. حفریات ،١٧٦).

من لە (دابڕانی ئیپستیمۆلۆژی یان..) گوتبووم: فۆکۆ ئەم بیرۆکەی دابڕانەی لە (باشلار)ـەوە بۆ ماوەتەوە، کەچی مەریوان لە پەرچدانەوەیەکی





سەیری ئەم بۆچوونەدا دەڵێ: باشلار چوار ساڵ پێش داهێنانی ئەم دابڕانە ئیپستیمییە مردووە، جا کاک مەریوان تۆ بڵێی فۆکۆ ئاگاداری کارەکانی فەیلەسووفێکی گەورەی هاوچەرخ و هاونیشتمانی خۆی نەبووبێ و پێش ساڵی (١٩٦٦) نووسینەکانی نەدیبێت؟ تۆ بڵێی باشلار لەگەڵ خۆیدا نووسینەکانی بردبێتە گۆڕەوە و، فۆکۆ لە (١٩٦٢ تا ١٩٦٦) دەستی پێیان نەگەیشتبێت؟ باشلار پێش فۆکۆ مردبێ یا ئەم دابڕانی ئیپستیمی دوای ئەو بەکار بردبێ ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە فۆکۆ بێ ئاگا بووە لە باشلار و کارەکانی، ئەوە نییە ئێمەش پاش مردنی فۆکۆ و نیچە و ئەفلاتوون.. هتد قسە لە کارەکانیان دەکەین و سوود لە بۆچوونەکانیان دەبینین؟

جوێننامەکە پڕە لە گەمەی ئاوا، خۆیان لە خوێنەری بەئاگا ئاشکران و پێویست ناکات یەک یەک لە سەریان بوەستم مەچەک بادان و یاری بەوشەکردن شێواز و ڕێگە و ئامانجی من نین.

سەرچاوەکان:

١- د. محمد وقيدي، ما هي الابستمولوجيا، ط١ – ١٩٨٣ – ط٢ – ١٩٨٧.

٢- عبدالسلام بنعبدالعالي و سالم يفوت درس الابستمولوجيا او نظرية المعرفة.

٣- د. محمد عابد الجابري مدخل الى فلسفة العلوم، دراسات ونصوص في الابيستيمولوجيا المعاصرة، الجزء الاول والثاني الطبعة الثانية ١٩٨٢.

٤- هنتر ميد، الفلسفة انواعها ومشكلاتها، ت: فؤاد زكريا، القاهرة – ١٩٦٩.

٥- اوبير دريفوس وبول رابينوف ميشيل فوكو مسير فلسفية، ت: جورج ابي صالح.

٦- ميشال فوكو حفريات المعرفة، ت: سالم يفوت الطبعة الثانية – ١٩٨٧.

پاشکۆی عێراق، ژمارە – ١٤٦

١٩٩٠/٧/٢٥

## ٣- نووسینی تیۆری لە نێوان نیاز و کردەوەدا

خەوشی گەورەی نووسینی تیۆری ئەوەیە کە لە بواری کردەوەدا ئەنجامی پێچەوانە بداتەوە، وەلێ خەوشی کوشندەی لەو دژایەتییایە ناوەکییانەدایە کە هەر بە(تیۆر)ی دەیپووکێنەوە.

(کاک مەریوان وریا قانیع) – تا ئێستا ـ تەنها دوو وتاری تیۆری بڵاو کردۆتەوە لە هەردووکیاندا هێرشی توندوتیژی بردۆتە سەر هەندێ دیاردەی ناپەسەندی ڕۆشنبیریی کوردی وەک (سەلەفییەت) و (نامەنهەجییەت) و (غەیبانییەت) و (لێکدانەوەی خورافی)، ئەمەش تەنها لایەنی باشەی وتارەکانێتی، بەڵام ئەم چەند تێبینییەشمان لەسەریان هەیە.

ئەو خۆی (سەلەفیبوون بەمانای ئینتیما بۆ نموونەیەکی پێشین، بۆ نموونەیەکی (کامڵ)ی نەتەوەیی، یا ڕۆژئاوایی پێناسە دەکا، کەچی هەر خۆشی جارِ بۆ (ئەقڵانییەت) دەدات کە ـ وەک هەموو دەزانین – نموونەیەکی (پێشین و کامڵ)ی سەدەی حەڤدە و هەژدەی ڕۆژئاوایە.

١– لە وتاری دووەمیدا – پاشکۆی ژمارە: ١٢٦، ئامادەبوونی زەینی نامەنهەنجی دەگێڕێتەوە بۆ ئامادەنەبوونی (ئەقڵانییەت) و، ئەویش دەخاتە ئەستۆی ئامادەبوون و کاریگەری (هەست).

(... لێرەدا – ئەقڵانییەت – وەک ئامرازی شیکردنەوە و لێکدانەوە تەلاق دراوە و، (هەست) بەهەموو قورسایی نائیپستیمی خۆیەوە هاتۆتە کایەوە).. (زەینییەتی ڕۆشنبیریمان زەینییەتێکە، لە ئاستە دەرەکییەکانی ململانێی نێوان خۆمان و دەوروبەرماندا ماوەتەوە، واتە ئەوەی (هەست) پێشکەشی نەکردبێ نەیناسیوە..).

بەڵام بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە، لە وتاری یەکەمدا ـ پاشکۆی ١١٩ ـ مردوویی نووسەر دەخاتە ئەستۆی کزی هەست و ناکاریگەریی چاو و گوێ و، زمان و.. داوای زیادکردنی کاریگەرییان دەکات:





(.. نووسەری مردوو – ئەو دەنگانە دەبیستێ کە پانتاییەکانی گوێ داگیر دەکەن، نەک گوێ پانتاییەکانی ئەوان داگیر بکات، ئەو وێنە و دەرکەوتانە دەبینێ کە ئەوان هێرش دەهێننە سەرچاو، نەک چاو هێرش بەرێتە سەر ئەوان، ئەو تامانە ئەناسێت کە زمان ناچار دەکەن بیانچێژێت، نەک زمان وێڵی چەشتنیان بێت..

ئەمە نامەنهەجییەتە، کە تیۆریست هەر جارەی هەڵوێستێکی جیاواز بەرامبەر بەیەک شت بنوێنێ.

٢– ئەوە نامەنهەجییەتە مەریوان خۆی لەگەڵ (زەکەریا ئیبراهیم)دا دەڵێ: چی دیکە توانای ئەوە نەماوە (زمان و فیکر لە یەکدی جیا بکەینەوە و "دەنگ لە فیکر، یا فیکر لە دەنگ دابڕین") پاشکۆی – ١١٩، بەڵام دوایی بۆ (دەقی گۆران) دێت (شێوە) و (نێوەڕۆک) هەر بەزۆرەملێ لەیەک دادەبڕێ و دەڵێ: (دەقی گۆران ئەگەرچی ناتەبایی خۆی لەگەڵ ئیپستیما ڕانەگەیاندووە و تاقیکردنەوە شیعرییەکانی نەیانتوانیوە پێشنیاری ئیپستیمێکی تازە بکەن (ئەمانەش مەرجی ئەدەبیی زیندوون لای مەریوان)، بەڵام بەدەرچوون لەو شێوە نووسینەی کە ئیپستیمی غەیبانییەت (.) سەپاندبووی، بەڕووکردنە شێوەیەکی نووسینی تازەتر یەکەمین درزێ بووە کەوتۆتە ناو دیواری ڕۆشنبیری کوردییەوە). دەقی گۆران ئەگەر ناتەبایی خۆی لەگەڵ ئیپستیمیدا دەرنەبڕیوە و پێشنیاری ئیپستیمێکی نوێی نەکردبێ – بەپێی بۆچوونی کاک مەریوانیش ئەو دەقەی ئەمە نەکات مردووە ـ ئیتر چۆن هەر بە(شێوە) توانیویەتی (درز) بخاتە ڕۆشنبیری کوردییەوە، مەگەر ئەمە دابڕین و داماڵینی (ناوەڕۆک) و (شێوە) نییە لە دەقی گۆران؟!

٣– ئەی ئەوە (نامەنهەجییەت) نییە؟! مەریوان بۆ (ڕامبۆ) دەڵێ:

(.. گەورەیی (ڕامبۆ) لەوەدایە کە توانیویەتی "تەبایی" خۆی لەگەڵ ئەو

ئیپستیمەدا (ون) بکات کە لەگەڵ هاتنە کایەی ڕێنیسانسەوە هۆشی مرۆڤی ڕۆژئاوایی بەرەو (عەقڵانییەت) بردووە.

کەچی بۆ ڕۆشنبیریی کوردی و دەقی کوردی دەڵێ:

(.. کەواتە ئەزمەی سەرەکی دروستبوونی دەقی مردوو لە ڕۆشنبیریی کوردیدا ئەزمەی لەدایک نەبوونی "عەقڵانییە")؟!

خۆ ئامادەنەبوونی ئەقڵانییەت چ بەئاگاداری بێت ـ وەک ئەوەی ڕامبۆ و چ بەبێ ئاگایی بێت وەک دەقە کوردییەکان – لە ڕووی لۆجیکییەوە، لە دەقدا هەر یەک ئەنجام دەداتەوە، ئیتر بۆ ڕامبۆ "گەورەیی"ـە و بۆ نووسەرە کوردەکە دەبێتە هۆی (مردنی دەق؟! ئەمە نامەنهەجییەت نەبێ ئەی چییە کاک مەریوان؟!).

کاک مەریوان ڕاست دەکا کە دەڵێ: (ترسناکترین هەڵەی "زەینی نامەنهەجی"ش لە سەپاندنی ویست و ئارەزووی تایبەتیدایە بەسەر بوونی واقیعییانەی دیاردەکاندا..) پاشکۆی – ١٢٦.

کەچی هەر خۆشی، لە بەشی دووەمی وتاری یەکەمیدا لە پاشکۆی – ١١٩دا دەڵێ:

(سەرەتایەک) بەسەر (هەمووماندا) دەسەپێنێ و ئیتر لەوێوە هەموو ئەو دوایی بۆچوونە تایبەتییەکانی خۆی بنیاد دەنێت.

(.. سەرەتا لەسەر ئەو خاڵە تەباین کە ئیپستیمی کوردی، ئیپستیمێکی غەیبانی و نائەقڵانییە..)

هەر هیچ نەبێ (من) بەتەنها لەم خاڵەدا لەگەڵتدا (تەبا) نیم ئەویش نەک هەر بۆ مشتومڕ، بەڵکو لەبەرئەوەی کە ئیپستیمی کوردی و ناکوردی نییە و ئەوەی هەیە ئیپستیمی ماتماتیک و، ئیپستیمی کیمیا و، فیزیایە و، دووەمیش لەبەرئەوەی (نائەقڵانییەت) نەک هەر (غەیبانییەت) تەنانەت (تیۆری زانستی)ش ڕەت دەکاتەوە ئەگەر لە بواری (کردەوە)دا ئەنجام





نەداتەوە، بەڵام مەریوان (نائەقڵانی) و (غەیبانییەت) وەک دوو زاراوەی هاوواتا بەکار دەبات. نەک هەر لێرەدا، کاک مەریوان لەوەشدا کە دەڵێ: "..دیتنی ڕۆشنبیری – ناکوردی – و ناسینی و خۆ بەراوردکردن لەگەڵیدا دەمانخاتە بەردەم هەستکردن بە(بستەبالایی) خودی ڕۆشنبیریمان و نامەنهەجییەتمان لە حوکمدان و قسەکردنماندا". حوکم و هەستێکی تاکەکەسی خۆی بەسەر سەرجەم پرۆسەی ڕۆشنبیریی کوردیدا دەبڕێ.

ئەی ئەوە (داگیرکردن – مصادرة – postulate) و حوکمدانی نامەنهەجی نییە کاک مەریوان لە ڕێی بەکارهێنانی ڕاناوی کەسی یەکەمی کۆوە (ئێمە)، ئەو هەستەی خۆی بە(بستەبالایی) بەسەر هەموو (ئێمە)دا دەبڕێ؟! لە کاتێکدا ئەو هەر خۆی بەتەنها پێی وایە کە: (.. شێوازی هەرە سەرەکی تەعبیرکردنی ڕۆشنبیریی کوردی لە ئەزمەی خۆی (مردوویی دەقەکانیەتی..) مەگەر هەر ئەویش نییە دەڵێ: "بێ توانایی ڕۆشنبیریی کوردی لەم چرکەیەدا لەوەدا نییە کە ناتوانێ کۆمەڵێ دەق بخوڵقێنێ، بەڵکو لەوەدایە کە بەلێشاو دەقی مردوو فڕێ ئەداتە ناو کایە جیا جیاکانەوە"، (دەبینین پانتایی هاتنە کایەی دەقی مردوو لە ڕۆشنبیری کوردیدا فراوانتر و پەرەسەندووتر دەبێ، تا وای لێ دێ دەبێتە سیمای سەرەکی ڕۆشنبیریی کوردی لە هەشتاکاندا).

ئەمانە و چەندان قسەی دیکەی ئاواش کە هەر هی مەریوان خۆیەتی، کەچی هەستی (بستەبالایی)ـە کە بەسەر هەمووماندا دەبڕێ، لەوانەشە هەبن بڵێن: ئەو مەبەستی لە بەکاربردنی ڕاناوی یەکەمی کۆ ئەوە نەبووە ڕای گشتی (داگیر) بکات، بەڵکو بۆ (تعظیم)کردنی خۆی بووە و بەس، ئەوساش دەڵێین: هەستی بستەبالایی و خۆ (تعظیم)کردن کوجا مەرحەبا؟!

ئەمانە و چەندین نموونەی دیکەی (نامەنهەجی) و (بەسەردابڕین) لە هەردوو نووسینەکەی کاک مەریواندا بەرچاو دەکەون کە دەبوو وا نەبێ مادام هەوڵی بنبڕکردنی ئەو دیاردانە دەدات.

کـاک مـەریوان لـە بەشی دووەمی وتاری یەکـەمـیـدا کـە باسـی (روانـگە) دەکات بەشێوەی کۆ دەڵێ:

"بـەڵام بـەکـوژاندنـەوە و پـاشـەکـشـێ و پاشـگەزبـوونـەوەی (روانگەییـیـەکان) فرسـەتی هاتنە کایەی ئیپستیمێکی تازە لە دەست درا".. پاشکۆی ١١٩

ئەمە (غەیبانییەتە)، من ناڵێم (ڕوانگەییەکان) پاشگەزبوونەتەوە یانە، بەڵام ڕوانگە بە(ئاگاداری)یەک و بەکردەوە و دەقەوەبوونی خۆی ڕاگەیاند و، تا ئێستاش دامەزرێنەران و لایەنگرانی هەر ماون، وەلێ هێشاش پاشگەزبوونەوەیان ڕانەگەیاندووە، بۆیە ئەوەی کە دەیەوێ (پاشەکشێ) و (کوژاندنەوە) و (پاشگەزبوونەوە)یان بەسەردا ببڕێ، دەبێ بەلێکۆڵینەوە و دەستنیشانکردنی ناوی نووسەر و، دەق و بەڵگەوە ئەوەیان لەسەر بکات بەماڵ، نەک بێت بەسەر یەکەوە بڵێ (ڕوانگەییەکان) وان یا وا نین، بۆچوونی وایە ئەو غەیبانییەتە دێنێتە کایەوە کە کاک مەریوان خۆی پێی پەسەند نییە.

ئەوە (حوکمی نامەنهەجی) و (غەیبانییەتە) کە هەر لە خۆتەوە بڵێی:

".. هەڵەترین تێگەیشتنێک لەوەدایە وا تێبگەین کە دەشێ دەق بەزیندوویی لە دایک ببێ و دوایی تر وەک هەر بوونێکی بایۆلۆژی (...) بمرێت".

لە کاتێکدا دەزانین کە بەسەدان دەقی ئابووری و یاسایی و ئاینی.. هتد، گریکی و ڕۆمانی و بابلی و فیرعەونی و هیندی و.. هتد، هەبوون کە کاتی خۆی نەک هەر داهێنراون و خوێندراونەتەوە، بەڵکو لە ژیانیشدا پیرۆزبوون و بەکردەوە کاریان پێ کراوە، بەڵام ئێستا مردوون، ئەمە بۆ داهاتووی هەندێ دەقی ئێستاش هەر ڕاستە.

(دابڕانی ئیپستیمی) دیاردەیەکی بواری (زانست)ـە و، هاتنە کایەی لە





(ئەدەب)دا مەحاڵە، گواستنەوەی بۆ بواری (ئەدەب) و، پێداگرتن لەسەری وەک تەنها مەرجی زیندووبوونی دەق کاک مەریوانی تووشی ڕەشبینی کردووە سەبارەت بەدەق و ڕۆشنبیریی کوردی و وای لێ کردووە کە هەمووی بە(مردوویی) ببینێ. بەچاوپۆشی لەمە و هەر بۆ ساغکردنەوەی ئەنجامی ترسناکی ئەم بۆچوونەی کاک مەریوان و پێداگرتنەکەی لەسەر (دابڕانی ئیپستیمی) و (پێشنیارکردنی ئیپستیمێکی دیکە) وەک تەنها مەرجی سەرەکی دەقی زیندوو، کە چۆن لێکدانەوەکەی دەکاتە (لێکدانەوەی خورافی) و لە ئەنجامدا (دەقی گۆڕان) وەک (وڕێنەیەکی عەبەسی) دەردەکا، شوێنی بۆچوونەکانی دەکەوین. کاک مەریوان بۆ دەقی زیندوو و، بۆ دەقی گۆڕان، لە بەشی دووەمی وتاری یەکەمیدا – پاشکۆی ١١٩ – دەڵێ:

١– "هەموو تەبابوونێ لەگەڵ ئیپستیما ـ بەتایبەتی ئیپستیمی غەیبی – دەق بەمردوویی دێنێتە کایەوە".

٢– "دەقی گۆڕان (...) ناتەبایی خۆی لەگەڵ ئەبتسیما ڕانەگەیاندووە."

٣– "دەقی گۆڕان" (...) بەدەرچوون لەو شێوە نووسینەی کە ئیپستیمی غەیبانییەت (..) سەپاندبووی، بەڕووکردنە شێوەیەکی نووسینی تازەتر، یەکەمین درزێ بووە کەوتۆتە ناو دیواری ڕۆشنبیریی کوردییەوە".

٤– "... بەڵام هەموو ناتەباییەکیش (زیندووبوونی) دەق (ناگەیەنێ)، چونکە دەشێ دەق ناتەبایی خۆی لەگەڵ ئیپستیمیدا لە شێوەی – وڕێنە – هەزەیان –دا ڕاگەیەنێ بەبێ ئەوەی توانای (پێشنیارکردنی ئیپستیمێکی دیکەی هەبێ)، ڕەنگە دەق لە میکرۆبی غەیبانییەت ڕزگاری بێ، بەڵام بکەوێتە ناو میکرۆبی عەبەسییەتەوە – بەمانای وڕێنەیەکی عەبەسی".

٥– "دەقی گۆڕان (..) و تاقیکردنەوە شیعرییەکانی نەیانتوانیوە پێشنیاری ئیپستیمێکی تازە بکەن.."

ئینجـا ئەوەش هـیچ کــە خــاڵی (٢) و (٣) دژ بەیەکن و، خــاڵی (٣) دابڕانێکی زۆرەملێی (شـێـوە) و (ناوەڕۆک)ی پێـوە دیارە، بەڵام با بزانین لێکدانی ئەم خاڵانە سەبارەت بە(دەقی گۆران) چییان لێ دەوەشێتەوە:

١- بەلێکدانی خـاڵی (١) و (٢) دەقی گـۆران بە(مـردوو) دەردەچێ، چونکە (ناتەبایی لەگەڵ ئیپستیما ڕانەگەیاندووە).

٢- بەلێکدانی خـاڵی (٢) و (٣) دەقی گـۆران بە(زیندوو) دەردەچێ چونکە لەو (شێوە نووسینە دەرچووە کە پێشتر ئیپستیمی غەیبانییەت بەسەر شیعری کوردیدا سەپاندبووی).

٣- بەلێکدانی خـاڵی (٤) و (٥)یش دەقی گۆران وەک (وڕێنەیەکی عەبەسی) دەردەچێ چونکە (توانای پێشنیارکردنی ئیپستیمێکی دیکەی) نەبووە.

بەڕاسـتی نازانم بۆ ئەم (لێکدانەوە خورافی)یەی کاک مـەریوان چی بڵێم کـە جـارێک (دەقـی گـۆران) بە(مـردوو) و جـارێک بە(زیندوو) و جـارێک بە(وڕێنـەی عــەبەسـی) پیــشــان دەدات، ئەوەی نـەبێ کــە دەقی گــۆران هەرچییەک هەڵبگرێ (مردوویی) و (وڕێنە) و (عەبەسییەت) هەڵناگرێ، بەڵام چۆن ئـەم هەمـوو دژایەتیـیـە لە تـەنهـا نیـو سـتـوونی ڕۆژنامــەیەکـدا جێ کراوەتەوە، بەڕاستی سەیرە؟!

هەر چۆنێک بێت نـووسینی تیۆری پێویستی بەشارەزاییەکی فرەوان و زانیارییەکی هەمەلایەنە و وردەکارییەکی زۆر هەیە و، ئەوەی ئەو مەرجانە لە خۆدا شک نابات هەق نییە خۆی لێ بدات.

تێبینی: بۆ نووسینەکانی (مەریوان) بڕوانە: پاشکۆی عێراق ژمارەکانی (١١٧) و (١١٩) و (١٢٦).

ئاسۆ، ژمارە ٣٧

١٩٩٠/٤/٧



ردا على د. جميل الملائكة وبحثه الموسوم ميزان البند - ١٩٦٥

## "البند" لون من ألوان الأدب الكوردي

أثارت حركة (شعر التفعلية) او ما سميت - خطأً - بحركة الشعر الحر في الادب العربي، في بداية ظهورها في اواخر النصف الاول من القرن الماضي، مثلها مثل اية حركة جديدة لم تثبت ضرورتها و حتميتها التأريخية بعد، اثارت حفيظة ذوي النظر القصير من المحافظين المهتمين (المتمسكين) بالقديم و بالتراث و الذين لم يكن افق تفيكرهم الضيق يسمح لهم ادراك حقيقة التجربة قبل ان تتكشف لهم كافة جوانبها و أبعادها، حتى انهم عاملوا المولود الجديد (الشعر الحر) كولد غير شرعي للأدب العربي لا يمت اليه بصلة، لسبب واه هو غرباته و خروجه على اوزان العروض الخليلية و الاصول المتعارف عليها في الشعر العربي القديم.

إلاّ ان فترة التشكيك هذه لم تدم طويلا أمام نمو الحركة و تطورها الكاسح في فترة و جيزة اقل ما يقال عنها انها كانت قياسية اذا ما قورنت بأية حركة تجديدية أخرى في الادب العربي فلم يعد بإمكان التيار المعاكس ان يهز كيانها بعد ان ثبتت أركانها و قوى عودها و مدت لها جذورا عميقة في ارض صلبة على يد خيرة الشعراء العرب المعاصرين (من رواد الحركة)، نازك الملائكة و بدر شاكر السياب و آخرون.

وكأية حركة جديدة تثبت حضاريتها و حتميتها و جديتها عندئذ بدأت مرحلة جديدة من التعامل معها، فظهر من يبحث لها عن جذر تاريخي في التراث بغية تقريبها الى النفوس ودعم أصالتها.

فنبشوا في الموروث بحثا عن سند تراثي لها فوجدوا ضالتهم في (البند) وربطوا بينه و بين (الشعر الحر) ربطا كاد ان يمحو صفة (الحداثة) عن الاخير و ينكر على مبدعيه ألمعيتهم. مما حدا بسيدة الشعر العربي الاولى (نازك الملائكة) لأن تنبري للموضوع و تفرد له فصلاً خاصا من كتابها الموسوم ب (قضايا الشعر المعاصر) لفك هذا الارتباط والكشف عن وشائج اخرى، غير البند، تربط (الشعر الحر) بالتراث الشعري للعرب، ولاشك انها نجحت في مسعاها تلك الى حد بعيد بحيث لانجدها بحاجة الى مَن يشد أزرها و يزيد على قولها قولا و هي صاحبة الباع الطويل و القول الفصل على الاقل في مجال يخص تجربتها الشعرية الرائدة.

إلاّ ان ما يهمنا في بحثنا هذا هو معرفة، هل ان (البند) هو نفسه لون أدبي عربي اصيل حتى يعد دليلا على اصالة (الشعر الحر) و يعتبر سنداً تراثياً له؟! كما ذهب إلى ذلك الدكتور جميل الملائكة خال السيدة نازك الملائكة وعضو المجمع العلمي العراقي.

فالبند (بفتح فسكون) لغة هو العلم الكبير و الفقرة من الكتاب و الحيلة، و القيد، و الماء، و هو فارسي معرب و جمعه بنود، كما ورد في (القاموس المحيط و اساس البلاغة و الصحاح).

اما في اللغة الفارسية نفسها فالبند يعني (الرباط، و الحبل الحريري او القطني لحمل السيف او ربط الامتعة، و الضماد و حزام الخصر، و الاغلال، و الخيط، و حبل الغسيل، و العقدة، و الاوتار الرابطة لأعضاء البدن و سلامة (الاصبع)، و مفصل، و قسم او فصل من كتاب او القانون و الرهن، و القفل، و السد، و العهد، و الشرط، و المكر، و الحيلة، و الغم، و الحزن، و المحنة، و الحبس، و الطمع، و التوقع و القبض، و الارض التي تزرع بزوج من الثيران (معرب في اغلب المعاني).

و عذرا للاطالة و ذكر كافة معاني الكلمة كما اوردها صاحب (المعجم الذهبي ـ فارسي ـ عربي) الدكتور محمد آلتونجي.





وغرضي الوحيد في ذلك هو ان يتأكد القارئ الكريم بنفسه من ان كلمة (البند) في اللغة الفارسية لاتحمل اية دلالات ادبية او فنية.

فكيف و من اين حصلت الكلمة اذن على معناها الأصطلاحي الادبي في اللغة العربية بعد تعريبها؟ ألاّ يمكن ان يكون هناك مصدرا آخر له غير اللغة الفارسية استقتها منه اللغة العربية، كاللغة الكوردية مثلا؟ أليس الكورد اقرب الى العرب من الفرس في العراق حيث نشأ و أنقرض البند كلون أدبي و فن من فنون القول مازال قائما بين الكورد بالرغم من انقراضه بين العرب و إسدال ستار النسيان عليه في الادبي العربي و عدم وجوده في الادب الفارسي اصلاً، نقول هذا و القارئ الكوردي في غنى اصلا عن تذكيره بذلك و لكن ليعلم القارئ العربي ايضا ان هناك الكثير من المفردات الكوردية الاصيلة المَعَرَّبة و كلمة (البند) ليست إلاّ واحدة منها تنسب الى اللغة الفارسية من قبل اللغويين و المعجميين العرب الاوائل خطأً لعدم تمييزهم الدقيق بين لغتي الشعبين ـ الكوردي و الفارسي ـ و مازال اللغويون و المعجميون العرب المعاصرون يسيرون عليه.

فللبند في اللغة الكوردية الكثير من المعاني و الدلالات المذكورة آنفاً في معرض الحديث عن المعنى اللغوي للكلمة في اللغتين العربية و الفارسية، عدا معاني أخرى لا نرى ضرورة لذكرها إلاّ معناه الاصطلاحي الادبي الفني ـ و هذا ما يهمنا في بحثنا هذا ـ و ما تنفرد به اللغة الكوردية دون اللغات الاخرى و التي تستعمل فيها الكلمة بمعنى او بآخر.

فالبند كما جاء في قواميس اللغة الكوردية[1] يعني بالاضافة الى ما تقدم.

اولا: القطعة الغنائية من اولها الى نقطة التوقف و تكرار بداية الاغنية.

ثانيا: المحاورات الغنائية بين العشاق ذات الطابع القصصي و هناك العديد من (البنود) الكوردية تتناقلها الالسن و تبلغ من الشهرة قلما تجد كورديا لم يسمع بها حتى و ان لم يكن يحفظها كلها او جزءا منها عن ظهر قلب مثل بند

ئازيزه و بند طوليَ طوليَ).

وقد عَرّف الكاتب و الاديب الكوردي (محمود زامدار) البند في معرض تصنيفه للأغاني الكوردية في كتابه (مدخل الى الاغنية الكوردية).

عَرّف البند بأنه، المقطوعات الغنائية التي تتخلل الحكايات القديمة.[٢]

وهو يعتمد في تعريفه هذا على مخطوطة لكاتب كوردي اخر هو (عبدالرزاق بيمار).

و للبند في التراث الكوردي تاريخ طويل يمتد جذوره الى ماقبل الميلاد حيث كان ينظم و ينشد في الاغراض و المناسبات الدينية[٣]. و لا يزال لونا ادبيا كورديا قائما يبدع فيه الادباء الاكراد ـ الشعبيين ـ الى يومنا هذا او ان غيّروا كثيرا من اغراضه بعد اعتناق شعبنا الكوردي الدين الاسلامي.

و البند يحتل مساحة شاسعة من موروثنا الادبي و الغنائي الكوردي الى جانب الـ(بيت) و الـ(الاوك) و الـ(حيران) و الـ(بالوره) و يمتاز على بعض منها من حيث كونه معرفا في كافة مناطق كوردستان بعكس بعض الالوان الادبية و الغنائية الكوردية الاخرى الاقل انتشارا و التي تتصف بالاقليمية.

اما البند في الادبي العربي ـ و الكلمة مُعَرّبة و غير اصيلة، كما عَرّفها الدكتور جميل الملائكة ـ عضو المجمع العلمي العراقي، و هو من صفوة الذين كتبوا عن البند ـ و الذين لا يتجاوز عددهم عدد الاصابع اليد الواحدة ـ وحدد اغراضه و تاريخ نشوئه و انقراضه و موطنه في بحثه الموسوم (ميزان البند) المقدم الى مؤتمر اللغويين العرب المنعقد ببغداد في ٢٠ ـ ١٩٦٥/١١/٣٠، بقوله:

(البند ضرب من الكلام المنظوم نشأ في العراق الاسفل في اوائل القرن الحادي عشر الهجري ثم شاع قرضه في العراق و منطقة الخليج العربي طيلة ثلاثة قرون ينظمه الشعراء و يتناقله الادباء و المتأدبون.. و كثيرا ما قالوه في تمجيد الله تعالى وآياته ومدح النبي محمد (ص) و آل بيته الطيبين. و اقدم





المعروف من هذه البنود يروى د (شهاب الدين بن معتوق الموسوي المتوفي سنة ١٠٨٧هـ. و لقد اخذ الاهتمام بالبند يتضاءل شيئا فشيئا منذ اوائل القرن الرابع عشر (الحالي) الهجري حتى انقرض تقريبا بعد زوال حكم الاتراك منذ حوالي نصف قرن).[٤]

وهذا مقطع من بند لإبن معتوق الموسوي كما اورده الاستاذ الملائكة.

(... جنى النصر له الازرق و الاسمر/ في سفكهما الاحمر/ و الشكر له نور/ اذ عارضه امطر/ بالابيض و الاصفر/..).

وعدا الاصل اللغوي و السبق التاريخي لظهور البند و استمرارية بقائه و تطوره الدائم في الادب الكوردي و الظهور و الانقراض المفاجئين له في الادب العربي ـ ماعدا بعض مناطق الخليج، و على نطاق ضيّق، بسبب عدم استساغة المتأدبين العرب له خارج العراق حيث يضيق نطاق الاختلاط بين الشعبين ـ الكوردي و العربي ـ و بالتالي تقل درجة التأثير و التأثر المتبادل. هناك أسباب اخرى تدفعنا الى القول بأن ظهور البند في الادب العربي في العراق جاء نتجية لتأثر هذا الادب بالادب الكوردي بعد احد عشر قرنا من تبادل الثقافات بين الشعبين و بالاخص في فترة يقول الدكتور الملائكة عنها، عندما تحدث عن ظروف نشأة البند، انها كانت (فترة خمود في الادب) وهو يقصد خمود الأدب العربي مصراً. حيث تأثر الشعوب المتعايشة يكون اقوى و اكثر واوضح ببعضها.

و لعل في ربط تأريخ انقراض البند بنهاية (حكم الاتراك) تأكيدا على مانذهب اليه و كان الاجدر ان يربطه بتأريخ ظهور النهضه العربية الحديثة و البحث عن الاصالة العربية، ولا نعتقد انه كان للحكم التركي علاقة مباشرة بظهور البند و بقائه او إنقراضه.

ولانجد غرابة في تأثير و تأثر الادبين الكوردي و العربي ـ في العراق ـ ببعضهما، فقد كان للأدب العربي تأثيرا كبيرا على اللغة الشعرية و الاوزان

الشعرية الكوردية و لا بد انه أي الأدب العربي قد تأثر به ايضا في مجال او مجالات اخرى، وما ظهور مايسمى (الدوبيت) في الشعر العربي الا مثالا واحدا لهاذا التأثر.

و بالاضافة الى ما تقدم هناك جملة اسباب اخرى تدعونا للتأكد من ان (البند) ليس لونا ادبيا عربيا اصيلا كما اعتقد البعض، و نلخصها في النقاط التالية.

اولا: لا يمكن الاعتقاد بان (البند) بمعناه الادبي الاصطلاحي قد انتقل الى اللغة و الادب العربي اعتباطا، او انه اخذ نفس ما الكلمة من معنى في اللغة و الادب الكوردي صدفة، فأغلب الظن ان الكلمة انتقلت الى اللغة العربية و آدابها من اللغة الكوردية لفظا و معنى.

ثانيا: ظهور البند المفاجئ في الادب العربي و في العراق حيث موطن الكورد و العرب بالذات كلون أدبي متكامل ناضج و دون مروره بمراحل الظهور الضرورية لظهور كل فن و خاصة في (فترة خمود في الادب العربي) كما يؤكد الدكتور الملائكة. و لعل في ايراد الاسطر التالية من كتاب الدكتور الملائكة تأكيدا على ما نقول: (جاء الكثير منه ـ اي من البنود ـ مزاحفا معتلا على غير نظام و لا هدى و لم يسلم من ذلك حتى الذين اوتوا الموهبة و الحس المرهف من امثال محمد ابن الخلفة و الحسين الفتوني العاملي و عبدالغفار الاخرس و حسن الجساني و باقر القزويني. على ان تحريف الرواة و النساخ قد يكون له اثر كبير ايضا في ورود بعض البنود مثقلا بالاغلاط اللغوية و الاخطاء العروضية و الزحافات و العلل غير المأنوسة او النابية للأسباب ذاتها).

اما (نازك الملائكة) فتقول بهذا الصدد.

(ولقد ادى التعقيد في خطة الوزن التي يتبعها البند الي شئ من الصعوبة في نظمه، فكثر الغلط فيه الى درجة اننا قلما نجد بندا مطبوعاً يخلو من





الغلط، يغلط الناظم من جهة، و يغلط الناسخ من جهة اخرى، و يغلط الطابع من جهة ثالثة).[٥]

ثالثاً: اهمال دراسة (البند) و ميزانه من قبل دراسي العروض و بحور الشعر و مؤرخي الادب العربي رغم دراستهم لأشكال ادبية اخرى اقل قيمة منه و تأثيرا.

وفسر الدكتور الملائكة ذلك بقوله:

(لقد نشأ البند في فترة خمد في الادب فلم يتسير له من يعني بدراسة معياره و تحديد قواعده).

هذا ابان ظهوره و ممارسة نظمه في حينه اما بصدد اهمال العروضيين المعاصرين له فتقول (نازك الملائكة):

(احسب ان هؤلاء العروضيين المعاصرين الافاضل مع تقديرنا لعلمهم و ثنائنا على مجهودهم الطيب، قد اخذوا الجذور الاساسية للعروض من الكتب القديمة و لم يروا داعيا الى ان يضيفوا (فصولاً تدرس التطور الذي وقع في العصور المتأخرة، و قد يكون بينهم من لا يعرف البند اصلا، لأنه فن شعري اقتصر عليه شعراء العراق و هذا عذر لا يشمل الرصافي).[٦]

و لكن الحقيقة في رأينا ليست هذا و لا ذاك و انما تكمن في ان العروضيين و مؤرخي الادب العربي لم يعتبروا (البند) شعرا حتى يدرسوا ميزانه، بل انهم لم يتفقوا حتى على تحديد هويته و عجزوا عن تقديم تعريف واف محدد له. وهنا من المفيد ان نورد آراء بعض من تحدثوا عن البند من مؤرخى الادب العربي لنرى الهوة الشاسعة التي تفصل بين ما يذهب اليه كل منهم في نظرته للبند:[٧]

١- يرى مصطفى صادق الرافعي البند (نوعا من السجع الذي بنيت جمله على التوقيع و قسمت الى اجزاء قصيرة من العروض تنتظم اوزانا مختلفة فتلبسها شبها من الشعر و هي ليست منه).

٢- و يعرف (محمد الهاشمي) البند على أنه:

(ضرب من الكلام المسجع الموزون أشبه بما نسميه في هذه الأيام ـ اي عام ١٩٢٢ ـ بالشعر النثري و بعض أساجيعه آتية على بحر الهزج).

٣- اما (عباس الغزاوي) فيقول عن البنود انها:

(و ان كانت اشبه بالنظم إلاّ أنها اقرب الى النثر، او هي حلقة و سطى بينهما.. و ربما صح ان نقول انها شعر حر كما يسمى في هذه الايام..)

ثم يعود في موضع اخر و عند ترجمته (لشهاب الدين الموسوي) فيقول عنه:

(كما ابدى مهارة في بنوده فنظم المنثور و صار شعرا بين النظم و النثر).

٤- و الشيخ محمد رضا الشبيبي يقول في معنى كلمة (البند) ان هذه الكلمة اطلقت على:

(نوع من الزجل، او الشعر، له عروض خاص، عرف عند المتأخرين من المتأدبين).

٥- اما عبدالكريم الدجيلي و هو أول من ألّف كتاب عن البند (البند في الادب العربي تاريخه و نصوصه)، يرى ان التعبير القويم عن البند ان يقال بأنه:

(اشبه بما نسميه اليوم بالشعر المنثور).

٦- و نازك الملائكة ترى ان البند.

(شعر حر تتنوع اطوال اشطره و يرتكز الى دائرة المجتلب مستعملا منها الرمل و الهزج).

٧- و أخيرا لا بد من إيراد رأي الدكتور جميل ملائكة و الذي جاء في أول بحث مستقل تبحث عن (ميزان البند) قدمه الى مؤتمر اللغويين العرب المنعقد في بغداد سنة ١٩٦٥ فيقول:

(اننا نظلمه اي (البند) اذا وصفناه بانه نوع من السجع او انه شعر منثور، او انه شعر حر، او انه.. او حتى حلقة بين النظم و النثر، انه في الحق كلام





منظوم على مقياس عروظي ثابت نلحظه في إلتزام تكرار جزء عروضي لا يتغير من أول البند الى آخره).

و هكذا نجد حتى الدارسين الذين اعتبروا البند شعرا لم يتفقوا على نوعيته، فمنهم من قال انه (شعر منثور) و منهم من قال انه (شعر حر) و بينهم من رأى التسميتين (ظلما)، كما انهم لم يتفقوا على تسمية البحر او البحور التي ينظم عليها البند، و شملت الحيرة هذه حتى ناظمي البند أنفسهم:

فقد قال (محمد الهاشمي) كما اسلفنا (.. و بعض اساجيعه آتيه على بحر الهزج).

و قالت نازك الملائكة مؤكدة مخالفتها الأعتقاد السائد القائل بأن البند ينظم على بحر الهزج.

وكان من نتائج الضباب القائم الذي احاط بوزن البند في اذهان الادباء و الناظمين، (ان كثيرا من الذين مارسوا نظمه، لم يعرفوا الاساس فيه، فظنوه شعرا من بحر الهزج لا يتخطاه و يكتب على أسطر متتالية كما يكتب النثر).[٨] كما تقول نازك

و التي كتبت في موضع اخر تقول:

(و حقيقة الأمر ان البند خلافا للشعر العربي كله يستعمل بحرين اثنين من بحور الشعر، يجمع بينهما و يكرر الانتقال من احدهما الى الآخر عبر القصيدة كلها، و البحران الوحيدان المستعملان فيه هما الهزج و الرمل).[٩]

اما خالها، الدكتور جميل الملائكة فيعارضها في قولها هذا و بعد ايراده لعدة امثلة توضيحية يخلص الى القول:

(من كل هذا يتضح انه من الخطأ القول بأن للبند بحرا معينا بل هو احرى بان يعرف بدائرته التي اشطرها (م فاعي لن و ما ينفك منها).

و في موضع آخر يحدد دائرة البند هذه بقوله:

(دائرة البند هي دائرة المجتلب زيدت عليها (مفعولات) لأن دائرة المجتلب تنفك من شطر (مفاعي لن) من وتد مجموع و سببين خفيفين، أما دائرة البند فتنفك من شطر (م فاعي لن) المكونة من حرف متحرك و ثلاثة اسباب خفيفة لأسباب تتعلق بالقوافي..)

و تأكيدا لما ذهب اليه يورد هذا المقطع من بند لمحمد بن الخلفة المتوفي سنة ١٢٤٧ هـ. قاله في مدح الإمامين الجوادين و الذي يقول عنه الدكتور الملائكة (ولاريب ان العامة هم الذين افسدوه بتغيره و تحريفه).

(و مشمومي ورد لاح في حمرة خد فاح لي عرف شذاه و)، فيوزنه مرة على وزن (مفاعيلن) كالآتي:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| و مشموم | ي ورد لا | ح في حمر | ة خدفا | ح لي عرف | شذاه |
| مفاعيل | مفاعيلن | مفاعيل | مفاعيل | مفاعيل | مفاعيل |

ثم يقول: يمكنك ان تزن المقطع ذاته، او اي مقطع من اي بند بميزان (مفعولات) كالآتي:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| و | ورد لاح | في حمرة | خد فاح | لي عرف | ذاه و |

او بيمزان (مستفعلن) كالآتي:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| مشمومي ت مفعولت | مفعولات | مفعولت | مفعولات | ش مفعولت | مفعولت |

او بميزان (فاعلاتن) كالاتي:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| و مشمو | مي ورد | لاح في حم | ره خد | فاح لي عر | ف شذاه |
| علاتن | فعلاتن | فاعلاتن | فعلاتن | فاعلاتن | فعلاتن |





إذن نحن أمام حيرة من أمر البند ما وراءَها حيرة، و امام متاهة لا نعتقد بأن بحور الشعر العربي تؤدي بنا الى مخرج منها، و هنا حق لنا ان نتساءَل بعد كل هذا هل يمكن الركون الى مثل هذا الميزان في تحديد وزن البند؟ ثم ما هي الفائدة المرجوة و الحكمة المطلوبة من الاوزان الشعرية اذا كان لها مثل هذا المطاطية و هذه القابلية العجيبة للطرق و السحب والتكسر، و ماذا يتبقى من جمالية الشعر و موسيقاه بعد كل هذا القص و الطحن و الجرش للكلمات حتى يتيسر وزنها، و اخيرا هل تبقى هناك كتابات نثرية اذا مابحثنا بهذه الطريقة عن اوزان للكتابات غير الشعرية (ثم ألا يمكن ان يقال انه لاوزن لما يمكن ان يوزن بأكثر من وزن واحد من الناحية المنطقية و الجمالية على الاقل؟

ثم لماذا هذا التمسك غير المجدي ببحور الشعر العربي في تحديد الوزن، ألا يمكن ان تكون هناك طريقة أخرى من بين طرق متعددة لوزن الشعر يمكن انها ستعملت في نظم البند كالذي يعرف بالوزن المقطعي الصرف و الذي يعرف في الادب الكوردي بـ(وزن الهجاء) مثلا، و الذي يستعمل في نظم البنود الكوردية أيضاً؟. و الذي لا يقيم إعتباراً لطول و قصر المقاطع الصوتية و كل ما يهم فيه هو ان يتساوي عدد المقاطع الصوتية في الأشطر او ان تكون هناك نسبة عددية بين مجموعة المقاطع الصوتية للشطر مع ما يليه او ما يسبقه من أشطر، بعكس الاوزان الشعرية العربية القائمة على تساوي طول و قصر المقاطع الصوتية و بالتالي تساوي أعدادها و ما يترتب على ذلك من تساوي الأشطر.

فالمقطع الذي احتار الدكتور الملائكة في وزنه، يمكن وزنه بسهولة و دون قطع الكلمات او ترك احرف من النصوص او عدم الوقوف عند القوافي، اذا ما اتبع (وزن الهجاء) الكوردي في ذلك كالآتي:

ومشمومي// ورد لاح ٤ مقاطع + ٤ مقاطع= ٨ مقاطع.

في حمرة// خد فاح ٤ مقاطع + ٤ مقاطع= ٨ مقاطع.

اذا سكننا حرف الهاء يصبح العدد ٣+٤= ٧مقاطع.

لي//عرف شذاهو// ٤مقاطع + ٤ مقاطع = ٨ مقاطع

اوضح من// عرته ٨ مقاطع

// صبح سناه// ٤ مقاطع

الى اخر البند إذا ما انتبهنا الى مامر ذكره من الاخطاء و الاغلاط في نظم البند من قبل الناظمين ــ عن جهل ــ و الناقلين و النساخ و الرواة عن عدم الدراية.

و اذا ما استثنينا البنود التي نُظِّمت أصلا عن قصد على البحور العربية كما فعل (علي باليل) و هو من شعراء القرن الثاني عشر الهجري فقد اورد عبدالكريم الدجيلي قوله.

(قد اثارت كلماتي فيه كالشهب و زينت بها في كل بند فاعلاتن ست مرات، فما فوق حوال برزت عن حجل الفكر تجلى كشموس بزغت في رمل الإبحر من نظم ابن باليل عليّ فاخطب الافكار ان كنت لها كف و اهد السمع مهرا.)

و لعل في قول ابن بليل هذا دليلا اخر على عدم اصالة البند و الاوزان المتبعة في نظمه في الادب العربي و قد ادرك ذلك و هو من اوائل الذين نظموا البند فعمد الى تعريب اوزانه و إلاّ بماذا يمكن ان يفسر ذكره ل(فاعلاتن ست) و (في رمل البحر) و ما يمكن ان يكون قصده من ذكر بحر نظمه و التباهي به و هذا مالم يفعله الشعراء من قبله و من بعده و اين الفضل و المجد الذي يبتغيه من ذلك اذا كان كل الذين نظموا البند قبله كانوا ينظمونه في بحر الرمل؟!

كما ان هناك إحتمالا آخر لزيادة نسبة الاغلاط و الاخطاء في نظم البنود و يرجع السبب في ذلك بالاساس الى الرواة الذين إعتبروه (نثرا) لذا لم يهتموا بزيادة الكلمات و نقصانها وتغيّرها اثناء نقله. حيث لم يكونوا يدركون اهمية





كل ذلك في التأثير على الوزن (وزن الهجاء الكوردي) الذي لم يكونوا يدركون وجوده اصلا في البند.

لكل هذه الاسباب يمكن ان نقول انه قلما نجد (بندا) خاليا من الاخطاء يمكن وزنه على (وزن الهجاء الكوردي) ايضا بسهولة، بعد هذه الفترة الطويلة من إهماله وظهور عدة نصوص للبند الواحد او لأجزاء منه دون جهود متميزة لباحثين متخصصين في كلا الأدبين ــ الكوردي و العربي ــ و خلاصة القول هي أن:

١- البند، شعر و ليس نثرا، و شعر تفعلية لا تتساوى اطوال اشطره، ينظم على (وزن الهجاء الكوردي) و ليس على بحور الشعر العربية، و نشأ في الادب العربي في العراق نتيجة لتأثر هذا الأدب بالأدب الكوردي في فترة خمود مرّ به.

٢- لا تعتبر الأخطاء العروضية المزعومة الواردة في نظم البنود كلها أخطاءاً إلاّ اذا استخدمت البحور العربية في وزنها.

٣- لا يشترط نظم البند على وزن واحد او وزنين فقط و يكفي ان تكون هناك علاقة نسبية بين مجموع المقاطع الصوتية لكل شطر مع الاشطر التي تليه او تسبقه ان لم تكن متساوية، ويمكن ان يتخلله مقاطع نثرية ايضا كما هو الحال في نظم البند في الأدب الكوردي أيضاً.

٤- إنقراض البند في الأدب العربي حتى في العراق ايضا و عدم انتشاره و عدم تقبله في حينه في بقية اقطار الوطن العربي. كما نرى، يرجع الى عدم وجود مرتل.. يرتل البنود العربية و يهتمون بتلحينه و نقله كما فعل و يفعل مرتلو البند الكوردي حيث ان هناك العشرات من المتخصصين، منهم اشتهروا بإنشاد البنود في المحافل الخاصة و العامة و دواوين أصحاب الشأن حتى ان بعضهم صاروا يتكسبون به و هم يجوبون القرى و الارياف. حيث أن البند شعر يقال للترتيل و ليس للإلقاء أو القرءة.

٥- لانجد نجاحا في إستخدام (الوزن المقطعي الصرف) في نظم الشعر باللغة العربية، لاّن هذا الوزن يناسب اللغات التي تكون فيها فروق النبر و فروق الكم في مقاطعها ضئيلة او لا تلاحظ إلاّ قليلا بحيث لا تعود ذات دور في العروض، كاللغات الفرنسية واليابانية و الكوردية.. الخ. و لا بد ان هذا كان سببا آخر في إنقراض البند من الأدب العربي و تشويه ما أنتج منه.

كركوك ـ ١٩٨٥

المصادر والهوامش:

١- انظر: (قاموسی زمانی کوردی ـ بەرگی دووەم ـ عەبدولرەحمان محەمەدئەمین زەبیحی کوردی زانیاری کورد ـ بەغدا ١٩٧٩) باللغة الكوردية.

٢- مەحموود زامدار ـ دەروازەیەک بۆ ئاواز و گۆرانی / دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ـ چاپخانەی (الحرية) بەغدا ـ ١٩٨٠.

٣- انظر كتاب (دەقەکانی ئەدەبی کوردی) علاءالدين سجادي في معرض حديثه عن المنظومات الدينية لكتاب ـ ئاوێستا ـ الديني.

٤- الدكتور جميل الملائكة ـ ميزان البند ـ مطبعة العاني ـ ١٩٦٥ ـ بغداد، ص٤. و كذالك بالنسبة لكل الاستشهادات الأخرى الواردة بإسم الدكتور في البحث.

٥- نازك الملائكة ـ قضايا الشعر المعاصر ـ دار العلم للملايين ـ بيروت الطبعة الخامسة ١٩٨٧ ص ٢٠٣ و ٢٠٤ و كذلك بالنسبة للاستشهادات الاخرى الواردة في البحث والمقترنة بإسمها.

٦- نفس المصدر الخامس ص ١٩٧.

٧- وكلها مقتسبة من بحث الدكتور جميل الملائكة الوارد في نفس المصدر الرابع.

٨- نفس المصدر الخامس ونفس الصحفة.



# دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی گفتوگۆ

ڕەخنەی گفتوگۆ/ دایالۆگ ـ حیواری سەرەتایەتی و یەکەم کەس کاری پێ کردووە تۆدۆرۆف بووە لە فەرەنسا، منیش لە کتێبی (چیرۆکی هونەری کوردی – شێوە و شێواز و بنیات – ١٩٩٧)دا وام کرد و، هەندێک لەوانەی لە بارەی بەرهەمەکانیانەوە بابەتم نووسیبوو، بەنامە وەڵامیان دامەوە، منیش نامەکانی ئەوانم لەگەڵ بابەتەکانی خۆمدا بڵاو کردەوە، بۆ ئەوەی خوێنەر ڕای ئەوانیش بزانێ و هەر گوێی لە قسەی من نەبێ بەتەنها. ئەم ئەزموونە دەنگدانەوەیەکی باشی لای خوێنەرانی کتێبەکەم دایەوە، بۆیە لێرەشدا ئەم ئەزموونە دووپات دەکەمەوە. هیوادارم ڕۆژێک بێتە باو و خوێنەر هەر لە یەک کات و لە یەک شوێن و لە یەک کتێبدا ڕای هەمووان لە بارەی کارە ئەدەبییەکانەوە بزانن.

## ١- تێبینییەکانی مەهاباد قەرەداغی

کاکە زاهیر گیان،

هەڵسەنگاندنەکەتم لەسەر ڕۆمانە شیعری (ئەڤین ئاوی ژیانە) خوێندەوە، هێشتا ناونیشانی نەبوو، پێت گوتبووم خۆم ناونیشانێکی بۆ پێشنیار بکەم و، مەرجیش نییە پێشنیارەکەم پەسەند بکەی، بەتەلەفۆنیش پێم گوتی: بەڕاستی، ڕۆحی ڕۆمانەکەمت دۆزیوەتەوە، ئەم ڕۆح دەرهێنانە بەمانا نێگەتیڤەکەی ناڵێم، بەڵکو مەبەستمە بڵێم کە لە نێو ئەو ڕۆمانەدا من سەدان دەرگام دروست کردبوو، کە هەموویانم بەکۆد داخستبوو، بەڵام شاکلیلێکیشم لە جێگەیەک دانابوو، کە هاوکات کۆکلیلیش بوو بۆ کردنەوەی هەموو دەرگاکان. سەرسام بووم بەوەی ئەو کۆکلیلە، یان ئەو

شاکۆدەی کە من مەبەستم بوو، تۆ دۆزیتەوە، بۆیە دەڵێم ڕۆحی ڕۆمانەکەمت ئاشکرا کردووە.

دەمزانی ئەگەر ڕەخنەگر توێکاری بۆ ئەو ڕۆمانە بکات، شتی سەیروسەمەرەی تێدا دەدۆزێتەوە، چونکە وەک خۆت فەرمووتە ڕۆمانەکە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەیە، ئەو ئاڵۆزییەش بارودۆخ و ڕووداوی یان ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە سەپاندوویەتی، من وەکو نووسەری ڕۆمانەکە، کە لە میانەی سێ کەسی قارەمانەوە کە هاوکات قوربانیشن و، کە ئاوێنەی هەزارانی تریشن و، کە ژیانیان چون ژیانی ئەوانی تری هاومێژوو، هاوزمان، هاوئاین و هاوجوگرافیایان پڕاوپڕە لە ماتەمینی و ڕاز و نیاز، بمەوێ گەردوونێک بڕووخێنم و یەکێکی دی دروست بکەم، هەر دەبوو هانا بۆ دروستکردنی سەدان دەرگا ببەم و لێیانەوە بچمە ژووری و لە دیوی ژوورەوە بەکۆدێکی هونەری کلیلیان بدەمەوە.

جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە ئەگەر بەڕێزت بەزانیاری تەواو لەسەر ئەفسانەکان، کولتوورەکان، ئاینەکان و کەلەپوورەکان بەگشتی و هی کوردیش بەتایبەتی چەکدار نەبووبای، نەتدەتوانی ئەو نەشتەرگەرییە بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدەیت و لەو توێکارییە وردەدا شادەمارەکان هەڵدڕی و لە ناو ئەوانیشدا مەبەست، یان کۆد یان کلیلی ئەو ڕۆمانە بدۆزیتەوە.

من گومانم دەکرد کەسێک، یان تەنانەت چەند کەسێک ئەگەر دەست بۆ ئەو ڕۆمانە ببەن بۆ هەڵسەنگاندن، یان بەنیازی ڕەخنەگرتنەوە توێکاری تێدا بکەن، هەر کەسێ دەتوانێ هەندێ هێمای جیاواز لە یەکتر لە نێو ئەو موزایکە ڕووداو ئامێزەدا بدۆزێتەوە، چونکە بەبڕوای خۆم بواری دۆزینەوە و داهێنانەوەی دەقی تر لە نێو (ئەڤین ئاوی ژیانە)دا زۆرە.

ئەوەی ئێوە پەیتان پێ بردووە لەو توێکارییەی بۆ ئەنەتۆمی ڕۆمانەکەتان کردووە، لە کاری پزیشکێکی زۆر کارا و وردەکار دەچێ کە ئاڵۆزترین نەشتەرگەری لە جەستەی مرۆڤێکدا دەکات و بۆ هەندێ دڵۆپە خوێن





دەگەڕێت لە نێو دەیان لیترە خوێنی نێو شاخوێنبەرەکانی، ئەو خڕۆکە خوێنانەش دۆزینەوەیان ئەستەمە، چونکە تێکەڵ بەهەزاران هەزار خڕۆکەی ترن، بەڵام هەر دەبێت بدۆزرێنەوە، چونکە ئەوانەن دەتوانن لە جەستەیەکی مردوو، جەستەیەکی زیندووی نوێ پێک بهێنن. مەبەستمە بڵێم دەقی یەکەم کە بڵاو دەبێتەوە و دەگاتە دەستی خوێنەر، وەک جەستەیەکی بێ گیانە و خوێنەر بەتێگەیشتن لێی ڕۆحی دەداتێ، بەڵام ڕەخنەگر کاتێ دێت و دەقێکی نوێ لەسەر لاشەی ئەو دەقە دەخوڵقێنێتەوە، تەنها بەو شێوەیەی کە ڕۆحی دەقەکە دەربهێنێ و بیخاتە نێو دەقی دووەمەوە، ئەوسا توانیویەتی دەقێکی نوێ و بزێو بخوڵقێنێ، کە هاوکات دەقی یەکەمیش زیندوو بکاتەوە.

ڕۆمانەکەی من کە دەقی یەکەمە و ماوەیەک بوو لە بەردەستی خوێنەردا بوو، بەبڕوای من ئێستا کە توانیویەتی دەقێکی تری زیندوو بخوڵقێنێ کە ڕەخنەکەی ئێوەیە، بەردەوامییەکی هونەری خوڵقاندووە و ئەم دوو دەقە شان بەشانی یەک دەتوانن ڕامانی خوێنەری ژێر بورووژێنن و لای ئەوانیش بیری دیکە بخوڵقێنن کە ڕەنگە تەواو جیاوازیش بن لەوانەی ئێمە.

دەتوانم ئەوەش بڵێم کە ئەو شاکلیلەی تۆ دەتوانێ یاریدەدەر بێت بۆ دۆزینەوەی کلیلە وردە هێشتا شاراوەکان، ڕاستە بەم کلیلە هەموو دەرگاکان دەکرێنەوە، بەڵام بەکارهێنانی تەنها کلیلێکیش بۆ کردنەوەی هەموو دەرگاکان خۆی لە خۆیدا هونەرێکە و شارەزایی دەوێت، لە ناو ڕۆمانی (ئەڤین ئاوی ژیانە)دا نهێنی زۆر هەن کە پەیوەندییان بەژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکانەوە هەیە، من هیچیان نادرکێنم لەم نامەیەدا کە بۆ تۆی دەنووسم چونکە تازە ئەو ڕۆمانە لە دەستی من دەرچووە و کەوتۆتە دەستی خوێنەرەوە. نامەوێ کۆنترۆڵی فەنتازیا و تێگەیشتنی ئەوان بکەم و تەنانەت یەکێکیش لەو کۆدانە دەستنیشان بکەم، بەڵام خۆ نەمدەتوانی ئەوە نەدرکێنم کە دەقەکەی ئێوە ڕۆحی دەقەکەی منی دەرهێناوە، بەتایبەت چونکە داوات لێ کردبووم بیخوێنمەوە و ڕای خۆمی لەسەر بڵێم، کە ئەمەش

شێوازێکی تایبەت بەتۆیە و لە دەقە ڕەخنەییەکانی دیکەشدا پەیڕەویت کردووە لەگەڵ نووسەرانی دیکەدا، کە من پێم وایە شێوازێکی باشە و، دووبارە هێنانە گۆی نووسەرێکە کە دەقێکی نووسیوە و لە دەستی چووە و دەسەڵاتی بەسەریدا ناشکێ، تۆ دێیت و دووبارە و دوای توێ توێکردنی جەستەی دەقەکەی، دەیهێنییەوە نێو مەیدان و دەقێکی تری پێ دەخوڵقێنیتەوە کە نامەیەکە، ئەو نامەیەش دەتوانێ کۆمەڵێ نهێنی تر لە بارەی خودی دەقەکە و خودی نووسەرەکە ئاشکرا بکات، هاوکات دەتوانێ ئەوەش ئاشکرا بکات ڕێژەی بەرێکەوت دروستبوونی دەقەکە و، ڕێژەی بەمەبەستەوە خولقاندنی ڕووداوەکانی نێو دەقەکەش ئاشکرا بکات، هەموو ئەمانەش بەردەوامییەکی هونەری و ئەدەبی جوانە و، زنجیرەیەک دەقی سەربەخۆی پێکەوە پەیوەست دروست دەکات، کە هەریەک لەوانە بەجیا و پێکەوەش بایەخی ئەدەبی و هونەری خۆیانیان هەیە و، لە ئاکامدا گەنجینەکە دەوڵەمەند دەکەن.

لە کۆتاییدا، دەمەوێ بڵێم ڕەنگە هۆی ئەو نەشتەرگەرییە سەرکەوتووەی بۆ دەقەکەت کردووە، ئەوە بێت کە دەمناسیت، مەبەستم لە ناسین بەمانا نەریتییەکەی نییە، کە دوو کەس خزم یان هاوڕێ یان دۆستی یەکن، یان بەرێکەوت یەکتریان ناسیوە، بەڵکە ناسینی گەردیلەکانی ڕۆحی منە کە لە سەرجەم بەرهەمەکانی ترمدا پەرش و بڵاو بوونەتەوە و تۆش بەپەرۆشەوە هەموویانت خوێندووەتەوە. یان بەگوزارەیەکی تر بڵێم چونکە لە سەرەتاکانی ژیانی نووسەریمەوە ئاشنامی و بەشێکی بەرچاوی پەروەردەی ئەدەبیم لەسەر دەستی خۆت بووە و تا ڕادەیەکی زۆر ئاشنای ئەو ئامرازانەی کە کاری پێ دەکەم، بۆیە شادەماری دەقەکانیشم دەناسییەوە.

ڕێز و خۆشەویستیم

مەهاباد قەرەداغی

٢٠٠٥/٩/١٧





## دەقی سەرنجەکەی شێرکۆ بێکەس

بەشی دووەمی ئەم کتێبە (شێرکۆ بێکەس و ونبوون لە نێوان داستان و درامای شیعریدا) پێشتر ساڵی ١٩٨٥ لە چەپکی دووەمی گۆڤاری (نێرگز)ی کەرکووکدا بڵاو کراوەتەوە، کە کاک شێرکۆ خوێندبوویەوە لە ڕێی کاک ڕەئووف بێگەردەوە ئەم نامەیەی بۆ نووسیبووم:

برای بەڕێز و خۆشەویستم کاک زاهیر ڕۆژبەیانی:

سڵاو و ڕێزم هەیە بۆ خۆتان و بۆ ماڵەوەتان، هەواڵی برادەران کاک (جەلیل قەیسی) و کاک (محیەدین زەنگەنە) ئەپرسم، سڵاوی منیان پێ بگەیەنە، کتێبێکیشم بۆ کاک جەلیل ناردبوو نازانم گەیشتە دەستی یان نا؟!

برادەرانی سلێمانی لە کەرکووکەوە (نێرگز)یان بەدیاری بۆ هێنابووم، بەڕاستی پیرۆزباییان لێ ئەکەم.. بابەتەکەی کە لەسەر بەرهەمەکانی من بوو، خوێندمەوە، بەڵام نازانم وەکو خۆی بۆ مەسەلەکان نەچوون، من ئەتوانم یەک بەیەکیان بەدوورودرێژی وەڵام بدەمەوە، بەڵام ئەوە سێ ڕۆژە دۆڵی جافەتی زۆر بەخەستی تۆپباران ئەکرێ، وەختێکی تر جوابت ئەدەمەوە، بەڕاستی لەم وەختەدا تۆپبارانەکەی تۆ خەستترە.. بەهەر حاڵ پیرۆزبایی گەرمت لێ ئەکەم بەتایبەتی بۆ زمانی نووسینەکە، بەڕاستی کوردییەکی پاک و پاراوە.

لەگەڵ هیوای سەرکەوتندا

سڵاو و ڕێزم دووبارە ئەکەمەوە

برای دڵسۆزتان

شێرکۆ بێکەس

# ناوەڕۆک

پێشەکی ............ 5
ڕۆمانی شیعریی (ئەڤین ئاوی ژیانە)ی مەهاباد قەرەداغی ............ 6
شێرکۆ بێکەس و ونبوون لە نێوان داستان و درامای شیعریدا ............ 27
لایەنە هونەرییەکانی شیعری ئازاد و بۆچوونێکی نوێ لە بارەی... ............ 79
بۆچوونی چوارەم لە بارەی کێشی لاوک و حەیران و بەیت و... ............ 111
دەق هەیە.. نە دەژێ، نە دەمرێ ............ 120
البند لون من الوان الادب الكوردي ............ 156
دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی گفتوگۆ ............ 170